# دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان

کنێر عەبدوڵڵا



چاپی یەکەم
٢٠١٠

# دەستدرێژی سێکسی دژ بەژنان

کنێر عەبدوڵڵا



سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان
یەکەی کتێبخانە
زنجیرە:
ژمارەی پۆلێن:
بەروار:

## ناسنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب | دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان |
| نووسەر | کنێر عەبدوڵڵا |
| تایپ | نووسەر |
| نەخشەسازی | هەرێم عوسمان |
| تیراژ | ٥٠٠ دانە |
| چاپ | چاپخانەی ڕوون |
| نرخ | ٢٥٠٠ دینار |

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٢١٨) ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای واڵا بۆ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

زنجیرەی ( ١ )


هەواڵنامەی کتێب

# پێرستی بابەتەکان


- پێشەکی
- سەرەتا
- ناساندنی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان
- مێژووی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان
- شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان
- هەڵوێستی ژنان کاتێك ڕوبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە
- هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان سەبارەت دەستدرێژیکردنی سێکسی
- جۆرەکانی قوربانی
- هۆکارەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان
- لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدراون لەسەر دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان
- کێن ئەوانەی دەستدرێژی بە ژنان دەکەن ؟
- کێن ئەوانەی گێچەڵیان پێدەکرێت؟
- ئاسەوار و کاریگەرییەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان
- نموونەی هەمەڕەنگ تایبەت بە دیاردەکە
- ئاماری دەستدرێژیکردنەکان وەك دیاردەیەکی جیهانیی
- ڕۆڵی یاسا تایبەت بە دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بەژنان
- چارەسەر

## پێشکەشە

بەو مرۆڤانەی زمانی ناتوندوتیژی، دیالۆگ، یەکترقبوڵکردن و ڕێزگرتن لەئیرادەی ئەویدی دەکەنە بنەمای پەیوەندییەکان.

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

دەستدرێژییان دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە سەرتاسەری کۆمەڵگەکانی دونیادا بە تایبەت لەوڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە یەکێك لە مەترسیدارترین و کاریگەرترین جۆری توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت، کێشەیەکە کۆمەڵگە بە گشت چینە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەیانەوێ بەهۆی چەندین هۆکاری جۆربەجۆرەوە پەردەپۆشی بکەن و بیکەنە بازنەی بێدەنگبوونەوە، ئەوەش بەهۆی تووشبوونی ئەو کەسانەی جەستەی ژنان لە لەزەتێکی کاتی خۆیاندا یان لە گەمەیەکی ڕامیاریدا تەسککردۆتەوە و سوودمەندی هەندێ کەسانی دیکە بەوەی ژنان بە ژمارەیەك دادەنێن لە خشتەی پرۆژە و دەستکەوتە ماددیەکانیاندا، جگە لە ترساندنی لایەنی سێیەمی خاوەن قوربانیان بە مەسەلەی ئابڕوبردن و ئاوزڕاندن کە لەو کاتەدا بەدەر لە ئاسەوار و کاریگەرە خراپەکانی بۆ سەر ژنان لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە ژنان بێدەنگبوونیان بە باشترین چارەسەر دادەنێن. تەشەنەسەندنی ئەم کێشەیە لە سەرجەم ناوەندەکاندا بوونی هەیە هەر لە خێزانەوە تا شەقام و کوچە وکۆڵان ر خوێندنگە و شوێنە گشتیی و زیندانەکان تا دەگاتە ناوەندەکانی فەرمانگە و نێوەندی پارتە حزبی و سیاسییەکان وە وێڕای فرە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم مەسەلەیە دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە چارەسەری ئەم کێشەیە فرە لایەنە و هەر ناوەندە بە پێی چوارچێوەی سنووری کارکردنی و بودجە و کەسایەتی مەعنویی و پسپوریی و شارەزایانەوە چمکێکی کارکردنی بەردەکەوێت بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی حاڵەتەکان، بەڵام ئەوەی زۆرترین ئەرکی چارەسەرەکان دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی حکومییە کە لە ڕێی بایەخدان بە پلانی کورت و درێژخایەن و پرۆژەی ستراتیجییەوە



هەواڵنامەی کتێب

بتوانێت کاریگەری باشی هەبێت لەسەر بنبڕکردنی ئەم مەسەلەیە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی ژنان بەم مەسەلەیە وکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە پلەی یەکەم...هتد

ماوەتەوە بڵێم بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکان لەسەرجەم نێوەندەکاندا وگۆڕانکاری و سەقامگیربوون و سەروەری وجێبەجێکرنی یاسا لە پاڵ بوێری و چاونەترسی خودی ژنان و بێدەنگ نەبونیان لە ئاست سەرجەم ئەو دەستدرێژیانەی بە بیانووی جۆربەجۆر دەخرێتە سەریان لایەنێکی گرنگ و کاریگەری چارەسەری کێشەکەیە بەدەر لە گۆڕانکاری و هەموارکردنی یاساکانی تایبەت بەم بابەتە، بۆ ئەوەی چیتر تاوانباران حەزو ئارەزووە کاتییە سێکسییەکانی خۆیان بە پاساوی جیاواز نەکەنە دەروازەیەك بۆ بەتاڵکردنەوە و تێربوونی غەریزەکانیان لەسەر حسابی جەستە و کەرامەتی ئەویدی. بەهیوام ئەم کتێبە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و کاریگەر و سوودمەند بۆ گشت خوێنەرەکانی و لە هەمان کاتدا دەروازە و کەناڵێك بێت بۆ لایەنی بەرپرس و پەیوەندیدار و فەرمانڕەوایان بۆ ئاوڕدانەوەیەکی جددی و فیعلی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە تا هەموومان پێکەوە و هەمەلایەنە هەوڵەکانمان ببێتە تەواوکەری یەکتری بۆ نەهێشتنی سەرجەم دیاردەو کێشە دزێوەکان و کۆی ئەو توندوتیژیانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە بە مەبەستی هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆست کە مافی مرۆڤەکان وەك یەك پارێزراو بێت بەسەرجەم چین و توێژە جیاوازەکانیەوە.

**کنێر عەبدوڵڵا**

٢٠٠٩/١١/١٠

## سەرەتا

دەستدرێژیکردن بەگشتی و دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان بە تایبەتی لە شوێنەکانی کارکردندا چ مانایەك دەبەخشێ ؟خەسڵەت و شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی لە چیدا خۆی دەبینێتەوە ؟ ئایا دەستدرێژیکردن بە ژنان خەسڵەتێکی نێرینەیە ؟ پیاوان لە کوێوە ڕەوایەتیان بەخۆیان بەخشیوە کە گیچەڵی سێکسی بە ژنان بکەن ؟ هۆکارەکانی گیچەڵکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە شوێنی کاردا کامانەن ؟ هەڵویستی ژنان چییە کاتێك دەستدرێژییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت ؟ هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان لەچیدا خۆی دەبینێتەوە کاتێك دەستدرێژییان پێدەکرێت، بۆچی پێیان باشترە لە نهێنیدا بمێنێتەوە وەك ئەوەی ڕاستی مەسەلەکە بدرکێنن ؟ئایا دەستدرێژیکردن حاڵەتێکە لە ئاستی تاکدا بەدیدەکرێت یان بۆتە دیاردە ؟ ئاسەوار و کاریگەرییەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان کامانەن ؟ ئاماری وولاتانی دونیا سەبارەت ئەم دیاردەیە لە چ ئاستێکدایە ؟ کێن ئەوانەی لە شوێنی کاردا دەستدرێژی بە ژنان دەکەن ؟ کێن ئەوانەی دەستدرێژییان پێدەکرێت ؟ بوون و ڕۆڵی یاساکان چین تایبەت بە شوێنەکانی کارکردن سەبارەت ئەم دیاردەیە ؟ ئایا نموونەی دیار و بەرجەستە هەن کە ئاماژە بە بوون و شێوەکانی دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان بکەن ؟چارەسەرەکان کامانەن بۆ کەمکردنەوەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان ؟

گشت ئەو پرسیارانە وچەندین پرسیاری دیکە بوونە زەرورەتێك بۆنوسینەوەی ئەم بابەتە تا ببێتە دەروازەیەك بۆ تاوتوێکردن و خستنەوەی دیالۆك و گفتوگۆو ورووژاندن و باسکردن و دەرخستنی

ڕاستییەکان لە نێو ناخی قوربانیان و ژووره داخراوەکاندا بۆ نێو کۆمەڵگە و ڕووپێوی لاپەڕەی ڕۆژنامە و نوسینەکانەوە، وێڕای ئەوەی ئەگەرچی بەگرنگم زانی کە لەڕێی دابەشکردنی فۆرم و بەدەستهێنانی داتاکانەوە ڕادە و ئاست و قەبارەی ئەم دیاردەیە بخەمە ڕوو لەڕێی توێژینەوەیەکی مەیدانییەوە و زۆرێك لە وەڵامەکان بە ئامار نیشان بدەم، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هۆکارگەلێکەوە کە لەهەمووی گرنگتر خۆی لە نەدرکاندنی ڕاستییەکان دەبینییەوە لە لایەن تاکەکان یان قوربانییەکانەوە نەمتوانی لە ڕووی مەیدانییەوە کارەکەم ئەنجام بدەم وەك ئەوەی پێویست و خەونم بوو" ئەوەش بەهۆی هەستیاری و مەترسیداری بابەتەکەوەیە کە ڕەنگە بەهۆی هۆکارگەلێکەوە پێیان وابوو بێت باسکردن و تەنانەت سکاڵا تۆمارکردنیش لە بەرامبەر تاوانباردا لەو بارەیەوە و بەهۆی ناجێگیری دەسەڵاتی دادوەریی و ناسەروەری و نەبوونی یاسای گونجاو لەمەڕنەو مەسەلەیە وایکردبێت ئەنجام و ئاکامەکان بێسوود بن، جگە لە زیان و ئاوزڕاندن و عەیبە بۆ کەسی قوربانی هیچی دیکەی بۆ نەمێنێتەوە، بەدەر لە هۆکارێکی دیکە کە خۆی لەقسەنەکردن و نەدرکاندنی کەسانێکی زۆری دەستدرێژیپێکراو دەبینێتەوە و دەتوانرا بەهۆیەوە ڕووی ڕاستی و مەترسی بابەتەکەی زیاتر بخستایەتە ڕوو، بۆیە ئەو نموونە هەمەڕەنگانەی باسیان لێوە کراوە لە بەشێکی کتێبەکەدا ئەگەرچی ڕاستین و لە وولات و شوێنە جیاجیاکان و بگرە لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا ڕوویانداوە، بەڵام نموونەی کەمینە و تێکەڵەیەکن لە نموونەی ڕوداوەکانی کۆمەڵگەکەمان و وولاتانی تری دونیا .

# ناساندنی دەستدرێژی سێکسی

مەسەلەی گێچەڵپێکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا یەکێکە لە مەسەلە کاریگەر و ورووژێنەرەکان کە بۆتە جێی بایەخ، بەڵام تا ئیمڕۆ لە ڕووی ڕاگەیاندن و لێکۆڵینەوە و تەنانەت لە لایەن پزیشکە دەروونییەکانەوە نەبۆتە جێی باس و دەنگۆی قسەکردن بۆ دەرخستنی هۆکار وچارەسەری گونجاو بۆی وێڕای کەمتەرخەمی و بێبایەخی و گرنگینەدانی لایەنە پەیوەندیدارەکان پێی، چونکە تەنها دەستگیرکردنی تاوانباران و پاراستنی ئاسایش دەبێتە کاری بایەخدان نەك چارەسەری هۆکارەکانی کێشەکە، ئەگەرچی ئەم جۆرە مەسەلانە کە پەیوەندیدار و گرێدراوی هەردوو ڕەگەزەکەیە پێویستە ئەگەرنەشتوانرا بنبڕیش بکرێت جێی بایەخ وچارەسەری هەمەلایەنە بێت.تەنانەت مەرج نییە تەنها لە لایەن نێرەوە بۆ مێ ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەشێت بە پێچەوانەوە لە مێوە بۆ نێر ڕوو بدات یاخود لە نێوان خودی هاوڕەگەزەکاندا ڕوو بدات

لە بناغەوە دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان دەکرێت سەرچاوەکەی بوونی دوو کاراکتەر بێت لە پرۆسەکەدا :کەسی یەکەم دەستدرێژیکەر و ئەویدی دەستدرێژیپێکراو بۆیە لێرەوە پێویست و گرنگە پێناسە و شیکاری بۆ هەریەك لەو دوو چەمکە بکرێت بەوەی دەستدرێژیکەر : ئەو کەسە دەگرێتەوە کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کاری دەستدرێژیکردنی سێکسیی. پاشان کەسی دووەم دێت بە ناوی کەسی دەستدرێژیپێکراو: ئەو کەسەیە کە کردەوەی

دەستدرێژیکردنی سێکسیی لەسەر ئەنجامدراوە. بەلام دەستدرێژیکردنی سێکسیی وەك هەر چەمکێکی تری زانستی بەهۆی فرەڕەهەندی و فرە تێڕوانینەکانەوە ناکرێت تەنها لە یەك مانا و پێناسەدا کورت بکرێتەوە. جگە لە بوونی جیاوازی لە نێوان دەستدرێژیکردن بەشێوەیەکی گشتی و دەستدرێژیکردنی سێکسی بەشێوەیەکی تایبەتی کە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە بەوەی دەشێت دەستدرێژیکردن بە شێوە گشتییەکەی لە ڕێی هەژاندن یان وروژاندنی کەسێك بۆ ئەویدی ڕوو بدات بە مەبەستی قایلکردنی یان بە مەبەستێکی خنکێنەر بێت یاخود لەڕێی زمانەوە. وێڕای بوونی جیاوازیش لە نێوان دەستدرێژیکردن و ئیستغلالی سێکسیی و تەنانەت لە نێوان لاقەکردندا واتە ئیغتساب، بەوەی دووەمیان بریتییە لە بەریەککەوتنی سێکسی نێوان منداڵ و کەسێکی پێگەیشتوو کە دەیەوێت لە ڕێی هێز، زاڵبوون و بەزۆرو هەڕەشەسەندنەوە ئارەزووەکانی تێر بکات. جگە لەوەی کاری لاقەکردن زیاتر نێرینە پێی هەڵدەستێت بە فڕاندنی مێینە و تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی لە ڕێی ئەنجامدانی بەزۆری کاری سێکسیی و هەندێ جارکۆتاییەکەی بە کوشتنی مێینەکان کۆتایی دێت کە ئەمە زیاتر لە وولاتانی ڕۆژ ئاوادا ڕوو دەدەن، وێڕای ئەوەی توێژینەوە جیهانییەکان ڕونیان کردۆتەوە کە لاقەکردن گوزارشتکردنە لە توڕەیی و زەبرو زەنگ و تەنیا بۆ تێرکردنی سێکسی نییە. دەشێ کەسی ئەنجامدەری ئەم کارانە خاوەن کەسایەتییەکی سادی یان پارانۆید یاخود سایکۆپاسی بێت. بەلام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەر یەك لە

لاقەکردن و دەستدرێژیکردنی سێکسی ئەگەرچی لە ڕووی چەمك و مانا و شێوازی بەکارهێنانیدا دوو مەسەلەی جیاوازن لەیەکتری، بەڵام لە ڕووی کاریگەرێتی ودەرئەنجامەوە ئەزموونێکن دەبنە هۆی ڕوودانی سەرسامی، شۆك، ترس، نائومێدی، تووڕەیی، هەستکردن بە سوکایەتی، خەمۆکی و دڵتەنگی. لە لایەکی دیکەوە ئەگەرچی ڕوداوەکانی لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ژنان زۆر زیاتر و بەرفراوانترە وەك لە پیاوان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە تەنها کچان ڕووبەڕووی ئەو کێشانە دەبنەوە.هەروەك لە پێناسەی یاسای نێودەوڵەتیدا هاتووە وجەخت لەوە دەکاتەوە توندوتیژی سێکسی تەنها ئاڕاستەی ژنان ناکرێت، بەڵکو بەڵگەی زۆرتر هەیە بۆ توندوتیژی سێکسی کە دەرهەق بە پیاو ئەنجامدراوە و لە هەمان کاتدا لەوەدا دەبینێتەوە کە توندوتیژی سێکسی هەریەك لەمانە دەگرێتەوە توندوتیژی بۆ ئەندامی سێکسی، دەستدرێژی سێکسی ماددی کە هێمای پێوەنوساندنی جەستەیی تێدایە، دەستدرێژی سێکسی دەروونی وەك بەزۆر ڕوتکردنەوە، هەڕەشەلێدان و سووکایەتیکردنی سێکسی و کۆکەرەوەی هەر یەکێك لەوانەی ئاماژەی پێدرا.

لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت لە سادەترین پێناسەیدا دەستدرێژیکردنی سێکسی بەگشتی بەوە پێناسە بکرێت کە : بریتییە لە زنجیرەیەك وەرسکردن و سەرکردنەسەر یان بێزارکردن کە مەبەست لێی بەدەستهێنانی دەستکەوت یان سوودێکی جنسییە بێ ئارەزووکردن و ویست و خواستی لایەنی دووەم، کە دەشێت ئەوەش

هەواڵنامەی کتێب

بە سەیرکردن و هێماکردنی ووشە بەدەستی بهێنێت تا دەگاتە دەستبۆبردن و کردارە هەستەوەرەکان. وە دەشێت ئەو حاڵەتە لە نێوان پیاوو ژنێك ڕوو بدات یان بە پێچەوانەوە یاخود لە نێوان دوو کەسی هاوڕەگەز یان لەگەڵ منداڵدا بەدی بکرێت.

بە واتایەکی دیکە دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان بە ڕەفتارێکی بێزراو و نەویستراو دادەنرێت کە خۆی لە تانەوتەشەرە یان داخوازییە زارەکییە جنسییەکاندا دەبینێتەوە وەك داواکردن بە گرێدانی پەیوەندی جنسی، یاخود خۆی لە شێوازی تردا بەدیدەکات وەك دەستبۆبردن بۆ جەستەی ئەویدی.

هەریەك لەو ڕەفتارە زارەکیی وجەستەییانە لە کاتێکدا بەدوور بێت لە خواست و ئارەزووی لایەنی دووەم کە قوربانییەکەیە بە دەستدرێژیکردن دادەنرێت، چونکە پێچەوانەکەی واتە ئەو کاتەی قوربانییەکە بەهۆی بەرژەوەندی وهۆکارگەلێکەوە کە لە شوێنی کاردا دەمێنێتەوە و دەچێتە ژێر ڕکێفی ڕەفتارەکانی کەسی دەستدرێژیکەرەوە ئەو کاتە حاڵەتەکە ناچێتە قالبی دەستدرێژیکردنی سێکسییەوە، بەڵکو ناوی لێدەنرێت دەستدرێژیکردنی سێکسی( ئاڵوگۆڕ یان شت بە شت )

ماری –فرانس هیریجویانی نوسەر لە کتێبێکیدا باس لەوە دەکات مەبەست لە دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شوێنی کاردا گشت ڕەفتارێکی زۆردارانە دەگرێتە خۆ و بە شێوەیەکی تایبەت خۆی لە هەڵسوکەوت و قسە و کردەوە و جووڵە و نوسینەکاندا دەبینێتەوە کە مەبەست لێی لێدانە لە کەسایەتی و کەرامەت و سەلامەتی جەستەیی

یـان دەروونیـی کەسـی بەرامبـەر بـەوەش وەزیفەکـەی دەکەوێتـە مەترسییەوە یان دەبێتە هۆی تێکچوون یاخود خراپبوونی ژینگەی کـارکردن. ئەمـە جگـە لـەوەی دەتوانرێـت بـەوە بناسـێنرێت کەگێـچەڵپێکردنی سێکـسی کـارێکی هۆشمەندانـەی مەبەسـتدارە مرۆڤێکی گۆج و سەرلێتێکچووی خاوەن خواستێکی جنسی ئەنجامی دەدات، ئـارەزووە و دەیـەوێت بـە ئامرازگـەلێکی بیـنین و بیسـتن و هێماکردن گوزارشتی بۆ بکات تەنانەت هەندێ جار بەشێوەیەکی ڕاسـتەوخۆی جەسـتەیی ئـەنجامی دەدات وەك : دەسـتبۆبردن و نزیکبونـەوەی جەسـتە کـە ورووژانـدنی جنـسی یـان کـارتێکردن و تێربـوونی لـەزەتی جنسی لێدەکەوێتـەوە کـە ئامـانجی کەسـی دەسـتدرێژیکەر لاوازبـوونی ئـیرادەی قوربـانیی و ناچـارکردنێتی بـە ڕازیبـوون بـەو حاڵەتـەی بۆی دروسـت دەکـات و هەسـتی شڵەژان و بێزاربـوون و بێزلێهاتنـەوە و قێزلێکردنـەوە بـۆ کەسـی قوربـانی دەخوڵقێنێ. جگە لەوەی دەبێتە مایەی ئازاردانی جنسی و دەروونی و جەسـتەیی و تەنانـەت ئـەخلاقیش بـۆ کەسـی قوربـانی.

هەندێك پێیان وایە دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان دیاردەیەکی توندوتیژییە دژ بە ژنان کە شێوە و شێوازی زارەکیی و سەیرکردن و جووڵە لەخۆ دەگرێت تەنانەت دەستدرێژی ڕاستەوخۆ کە مەرج نییە ئامانج یان تەنها پاڵنەر بۆی لایەنی جنسی بێت، بەڵکو دەشێت زاڵێتی دەسەلات و باڵادەستی ببێتە یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی ئەم دیاردەیە یاخود ئارەزووکردن بە ڕسواکردن و سوکایەتیکردنی لایەنی دووەم کە بە لاوازەکە دادەنرێت هۆکارێکی

هەواڵنامەی کتێب

تری ئەنجامدانی ئەو دیاردەیە بێت بۆیە دەشێت بوترێت هەر ڕەفتارێکە کە دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت و ناوەڕۆکێکی جنسی دەگرێتەخۆ بەشێوەیەك جۆرێك لە ڕەوایەتی بەخۆوە دەبینێ بەهۆی ئەو بالادەستی و دەسەلاتە زالە باوەی کۆمەلگە هەلگرێتی لە ڕووی کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە و پیاوانیش لەسەر حسابی ژنان چێژی لێوەردەگرن کە لە بناغەدا ئەو مەسەلە ڕاستەقینەکەیە کە خۆی لە مەسەلەی خێزان، کۆمەلگە، مافی مرۆڤ و ڕێزگرتن لە جەستەدا دەبینێتەوە ئیدی ئەو جەستەیە جەستەی ژن بێت یان پیاو نەك تەنها لە مەسەلەی ژناندا، چونکە کورتکردنەوە یان دابڕانی ژنان بەوەی تەنها لە بابەتێکی جنسیدا ببینرێتەوە مانای پێوار (غیاب) دەگەیەنێ بۆبوون و قەوارەی ئەویدی لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەوە، جگە لەوەی هەولدانێکە بۆ پەراوێزخستنی ژنان تەنها لە گۆشەیەکدا بەناوی گۆشەی جنسی بەوەش بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە سووکایەتییەك بە جەستەی ژنان. لە ڕوویەکی دیکەوە دەستدرێژیکردنی سێکسی بەوە پێناسە دەکرێت هەولدانێکە بۆ وروژاندنی مێینە لە ڕووی جنسییەوە دوور لە ئارەزوو و حەزی خۆی بەشێوەیەك ببێتە مایەی بێزاربوونی، دەستبۆبردن، قسەکردن بە تەلەفۆن و خۆشدووانی ناپاك دەگەڕێتەوە کە بەردەوام لە پیاوانێکەوە ڕوو دەدات خاوەن پێگەیەکی بەهێز بن بە بەراوورد بە شوێنی ژنەکە وەك مامۆستا و خوێندکار، پزیشك و نەخۆش تەنانەت لە لایەن پیاوانی ئایین و خواپەرستیشەوە، بەلام زۆرترین و زیاترین حالەتەکان ئەوانەن کە لە شوێنی کاردا ڕوو دەدەن کە

ئەمەش مەترسیترینیانە و کاریگەری خراپی نەک تەنها بۆ خودی ژنەکە هەیە، بەڵکو هەڕەشە دەخاتە سەر ئارامیی خێزان و کۆمەڵگە بەگشتی بەدەر لە ئیستغلالکردنی شوێن و دامو دەزگاکانی فەرمانڕەوایان.لە ڕویەکی ترەوە دەستدرێژی سێکسی گەر گرێدراوی بەکارهێنانی هێز یان هەڕەشەکردن بێت بە تایبەت لە بواری کارکردندا دەچێتە چوارچێوەی جۆری توندوتیژی سێکسییەوە کە ئەوەش بریتییە لە ناچارکردنی ژنان بۆ پیادەکردنی سێکس دژ بە ئارەزوو و ویستی خۆی وە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکانی لە میسردا ئەنجامدرا ساڵی ١٩٩٢ م ئاماژە بەوە دەکات وێڕای هەستیاری و قورسی توێژینەوەکە کە تایبەت بوو بەو تەنگهەڵپێچنینانەی دووچاری ژنان دەبێتەوە لە بواری کارکردندا لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە ژنان هەن سکالاکەرن لەسەر ئەو تەنگهەڵپێچنینانە کە ڕێژەیان دەگاتە ١٨، ٥٪ لە شار و ٧،٣٪ لە لادێ دا ئەوەش تایبەت بە کەرتی حکومی و گشتی و تایبەتیدا....هتد بەڵام تایبەت بە سەرچاوەکانی ئەو تەنگهەڵپێچنینانە هەندێکی لە لایەن کورە برادەرەکانیانەوە ئەنجام دەدرا بە ڕێژەکەی ٤١٪ و هەندێکی دیکەیان بە ڕێژەی ٣٢، ٨٪ لە لایەن جەماوەرەوە و بەشێکی دیکەشیان بەهۆی جیاکاری دژ بە ژنان بە ڕێژەی ٥، ٤٪ جگە لەوەی بەگشتی ژنان زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕووی تەنگهەڵپێچنین دەبنەوە لە کارکردندا، لە کاتێکدا هەندێك تەنگهەڵپێچنین هەیە بە ڕێژەی ٤٣٪ هەردوو ڕەگەزەکە پێوەی دەناڵێنێ .

هەواڵنامەی کتێب

## ناساندنی دەستدرێژی سێکسی لە ڕووی دەروونییەوە

پسپۆڕانی بواری دەروونیی دەستدرێژی سێکسی بەوە دەناسێنن کە مەبەست لێی تووشبوونە بەو حاڵەتەی مێینە تووشی دەبێت و هەندێ جاریش نێرینە بەوەی تاکی بەرامبەر سنوری کەسێتی تاک دەبەزێنێ و هەوڵ دەدات بەشێوازێك لە شێوازەکان سوکایەتی بە تاك بکات یان باڵادەستی خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

( انعام العشا ) کە پارێزەرە لە پەیمانگای نێودەوڵەتیی پشتگیری ژنان، دەستدرێژیکردنی سێکسی بەم شێوەیە دەناسێنێ : توندوتیژییە دژ بە ژنان لە ڕووی جەستەیی و معنوییەوە شێوازی جیاواز بەخۆوە دەبینێ و خۆی لە ووشە و تانە و تەشەرە و هێماکردنێکدا دەبینێتەوە کە ئامـاژە بن بۆ جنس و تێڕوانینە جنسییەکان بەشێوەیەك بێزاری و شوێنکەوتن دەخولقێنێ، لە شەقامەکان بێت یان لە سەرجەم نێوەندەکانی دیکەدا یاخود مانای دەستدرێژی دەگەیەنێ لە ڕێی بەکارهێنانی تەلەفۆن یان ئینتەرنێت، جگە لە هەڕەشەکردن و پێکهاتن بە پەنابردنە بەر فریودان و خەڵەتاندنی وەك پێدانی بەڵێن و دەستکەوتەکان بە ئامانجی تێربوونی ئارەزوویەکی جنسی و نیشاندانی وێنەی ڕووت بۆ وروژاندنی هەست و ئارەزووی جنسی و هەوڵدانێك بۆ دەستدرێژی سێکسی.

لە لایەکی دیکە دەکرێت دەستدرێژیی سێکسی بەوە پێناسە بکرێت بەوەی هەر جۆرێکی دەستدرێژیکردن دەگرێتەوە کە دژ بە ئیرادە و مافی قسەکردن بێت وەکەسانی دەستدرێژیکەر نامۆ و هاوڕێ و ئەندامانی خێزان ناگرێتەوە، چونکە گەر لە ڕێگەی ئەندامانی

خێزانەوە ڕوو بدات ئەوا ناوی لێدەنرێت کوژەر یان خوێنڕێژی خزم و کەسوکار.یاخود بە واتایەکی دیکە بە مانای ناچارکردنی مێینە دێت بۆ کاری سێکسی بە بێ ڕەزامەندی خۆیی و هێرشکردنە سەر ئەندامی زاوزێ و سکپڕکردنی و ئازاردانی بەزۆر و شێواندنی ئەندامی زاوزێ ئەگەرچی هەندێك جار لە لایەن بەرپرسەوە ئەو کارە دەکرێت و ناتوانرێت قسەبکرێ؛ چونکە ترسی کوشتنی تیادایە یان شکاندنی لە کۆمەڵگە و دوایش کوشتنی لە لایەن بنەماڵەکەیشێوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ناساندنی دەستدرێژی سێکسی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

هەندێك پێی وایە دەستدرێژیکردن شێرپەنجەیەکی کۆمەڵایەتییە هەڕەشە لە خێزان و کۆمەڵگە دەکات، یان زۆرداری و ستەمکردنە بە ژنان، هەندێکی دیکە دەڵێ جیاکارییە و دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت، هەندێکی دیکە ڕای وایە ئەقڵیەت و کۆمەڵگەی پیاوسالاری دەرئەنجامی بوونی ئەم دیاردەیەیە، هەندێکی دیکە دەڵێن دیاردەیەکی جیهانییە و تەنها لە کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکاندا کورت ناکرێتەوە.

( د. سحر الموجي :مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی قاهیرە و چالاك لە بواری مافەکانی ژناندا دەڵێت: دەستدرێژیکردنی سێکسی لە ئیمڕۆدا دیاردەیەکە لە هەموو ئاستەکانەوە گەمارۆ دەدرێت و ئاشکرێت بێدەنگ بێت لە ئاستیدا، ئەو کردارە ناشرین و خراپەش گرێدراوی سروشتی سنورداری پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوە، واتە نێوان بەهێز و لاوازدا.خوێندکار دەستدرێژی بە برادەرەکەی دەکات، فەرمانبەر بە هاوکارەکەی، بەڕێوەبەر فشار دەخاتە سەر فەرمانبەرەکانی بۆ وەلامدانەوەی ئارەزووەکانی تەنانەت کرێکار بێ شەرمانە دەڕوانێتە ژنان، ئیدی جیاوازی ناکرێت لە نێوان ژنانێکی سفوور یان داپۆشراودا تەنانەت لە نێوان بەتەمەن و هەرزەکار و منداڵەکاندا تا ئەو ڕادەیەی دیاردەی دەستدرێژیکردن بۆتە ڕێگرییەکی بنەڕەتی لەبەردەم سەلامەتی ژنان و بەشداربوونیان لە ژیانی گشتیدا.. بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە بەهۆی هۆکارگەلێکەوە دەناڵێنێت و لەبەردەم بێکاری، هەژاری، بەتاڵی،

کاتی زۆر، ئەخلاقی و دووفاقی پێوەرەکان.... هەروەها ئاماژەی بەوە کرد خراپی و زیاتربوونی ئەم دیاردەیە وبێدەنگبوونی درێژخایەن لە ئاستیدا بووە هۆی جێی بایەخدانی ڕێکخراوەکانی ژنان بەوەی دەستیان کرد بە ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هۆشمەندی تایبەت بە بابەتی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان و پیاوان وەکیەك، جگە لە دەرچوونی ڕۆژنامەکان بۆ بەگژاچوونەوەی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی و هاندانی ژنان بە ئاگادارکردنەوەی واقعی دیاردە و ڕووداوەکە بێ هیچ ترسێك لە ئابڕوچوون.

هەواڵنامەی کتێب

## کورتە مێژوویەك لەسەر دەستدرێژی سێکسی

دەستدرێژی یان دەستبۆبردنی سێکسی بێگومان دیاردەیەکی کۆنە و بە پێی گەشەکردنی دونیا گەشەی بەخۆوە بینیوە و فرە شێوازی زۆر و جیاوازی بەخۆوە دیوە، جگە لەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و گشت کۆمەڵگەکان پیایدا تێدەپەڕن، ئەگەرچی کاریگەری لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا زیاترو ڕونتر دەردەکەوێت بەهۆی بوونی کۆی ئەو بەربەست و ڕێگریانەی لەنێوان ڕەگەزەکاندا دەکرێت.ئەوەی ئاشکرا و جێگیرە بوونی ئەو دەستدرێژی و دەستدرێژیکردنانەیە کە بە پێی سروشتی شوێن جیاوازی بەخۆوە دەبینێ؛ بۆیە لە شوێنە فۆلکلۆری و کەلەپورییەکان یان میللییەکاندا کە ئاستێکی کۆمەڵایەتی مامناوەندیان هەیە گەنجان بە دەمەتەقێکردنێکی کچان بە چەند وشەیەك قایل دەبن، بە واتایەکی دی چاوبازی و دەستبازییەکانیان تەنها لە چوارچێوەی هەندێ وشەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام لە و شوێنە کۆمەڵایەتیانەی ساماندار و دەوڵەمەندن پیادەکردنەکان دەگۆڕێن ولە گوزارشتکردندا ڕاستەوخۆتر وبوێرانەتر دەبێت و تەنانەت بێئابڕویی و بێحەیایی دەگاتە ئەو ڕادەیەی بە بەکارهێنانی دەست دەستدرێژی بە ژنان دەکرێت وە دەشێت کوڕەکە لە کچەکە نزیك بێتەوە و وشەی خۆشەویستی بۆ بدرکێنێ بێ هیچ فروفێڵ و پێچ و پەنایەك یان ئۆتۆمبیلەکەی دەخاتە گۆشەیەکی ڕێگەکە و پیاوەتی خۆی نیشان دەدات بەوەی ڕاستەوخۆ بەرانبەری بەڕێدەکەوێت تا لە تەنیشتێوە بڕوات و هەر دیالۆگێك بێت لەگەڵی ئەنجام بدات وەك ئەوەی پێشتر ناسیبێتی. پاش ئەوە بە دەنگێکی

بەرز ژمارەی مۆبایلەکەی پێ دەڵێت یاخود وای تێدەگەیەنێت کە دەستدرێژی ناخاتە سەری بەڵکو پرسیاری ناونیشان یان داوای کاتێکی دیاریکراوی لێدەکات کە گشت ئەوانە بیانوویەکی دروستکراوە و هەوڵدانێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی توانا و هێزە خەسێنراو وچەپێنراوەکان تیایدا و بەرهەڵستیکردنی گشت ڕێگرییەک. زۆر کات گشت ئەو پیادەکردنانە تەنها بۆ کات بردنەسەر و سەلماندنی پیاوەتیانە لەبەردەم خۆی و هاوڕێکانیدا.لێرەوە فرەلایەنی دەکەوێتە بەردەم کێشەکە و پرسیارێك خۆی دەچەسپێنێ بەوەی داخۆ دەرئەنجامی دروستبوونی ئەو کارە کێ لۆمە دەکرێت کوڕەکە یان کچەکە ؟!!

بۆیە وێڕای بەربڵاوی و بەرفراوانی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی لە گشت شوێنێکی جیهاندا بەڵام تەشەنەسەندنی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و ئیسلامییەکاندا ئاماژە بە بوونی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر خراپ دەکات کە بەهۆیەوە سەدان ژن کارەکانیان لەدەست دەدەن، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە نەك تەنها لە شوێنەکانی کارکردندا بەدی دەکرێت، بەڵکو لە کۆی شەقام، ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندنی گشتی و تەنانەت لە کوچە و کۆڵان وخوێندنگە و پەیمانگا و زانکۆ وبەندیخانە و جەنگەکان و ناوەندەکانی تریشدا بە ڕێژە و شێوازی جیا جیا بوونی هەیە.

جگە لەوەی دەستدرێژی سێکسی مەسەلەیەکە بە کەڵکەبوونی دەروونییەوە پەیوەندیدارە، بۆیە مێژووی ژنان لەو مەسەلەیە بەدەر نییە و دەشێت گەر پێگەکان ئاڵوگۆڕ بکەین ئەوا ئەگەری

دەستدرێژیکردن بە پیاوانیش بەدی دەکرا... بەڵام بێگومان ناکرێت بەشێوەیەکی خۆڕەس دەستدرێژیکردن ڕوو بدات، جگە لەوەی ناکرێت ژنانی کارگەر بەهۆی پێویستیان بە کار قبوڵی هەموو دەستدرێژیکردن و سوکایەتیکردنێك بکەن کە سەرچاوەی کێشە و پرسیارەکان لێرەوە سەرهەڵدەدات، چونکە ئەو بنەمایە وێناکە هەڵدەگێرێتەوە و ئەو کاتەش کارکردنە کە دەبێتە هەڵگری ناوێکی دیکە.... واتە کێشەکە لەوەدایە پەیوەندییەکان لە قاڵبێکی ئاڵوگۆڕیدایە.جگە لەوەی لەو ئاستە ڕۆشنبیریەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا بەدی دەکرێت بەوەی وەك (عارزە و بۆ مۆدێل ) نیشان دەدرێت یاخود بە هەندێ ووشەی دیکە کە وەك پێداویستیەکی تایبەتە بە نێرینەکان، ئەو وێناکردنە بۆ خودی ژنان دەگوێزرێتەوە و دەشێت بچێتە نێو چوارچێوەی پەروەردەکردنەوە، بۆیە زۆر جار مێینە دەیەوێت مەسەلەی دەستدرێژی لەبیر بکات یان دەشێت وایدابنێت بەشێکە لەو باجەی کە مێینەیە و هەر یەك لەو وێناکردنانە پاشخانێك بۆ دەستدرێژی پێك دەهێنێ بەوەی دەبێتە نەریتێکی بەکارهێنراو تەنها لە لایەن پیاوانەوە نەك بۆ تاقیکردنەوەی مێینە، بەڵکو لەبەر ئەوەی مافێکە مێژوویەکی دەروونیی خوڵقاندوێتی.

لە ڕووی مێژووییەوە دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شوێنی کاردا دیاردەیەکی کۆنە و تەنانەت تا سەرەتای ئەم سەدەیە بەوە پێناسە دەکرا دیاردەیەکە ژینگەی کارکردن وێران دەکات و بەرووبووم و بەرهەمەکانیشی کەم دەکات و لە هەمان کاتدا هاندەر دەبێت بۆ دابڕان بە پێی ئەو زیانە سایکۆلۆجیانەی لێی دەکەوێتەوە. ئەگەرچی

بە شێوەیەکی تایبەت لە وڵاتە ئەنجلۆسکسۆنییەکان و وڵاتانی سەرروودا لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجام دراوە کە لە ووشەی mobbing ەوە وەرگیراوەو بەمانای ( کۆمەڵ، چەند کەسێک، کەسوکار، گەجەر و گوجەر و هەرچی و پەرچی ) دێت یان مەبەست لێی بیرۆکەی وەڕس یان بێزارکردن دێت.

( هنزلیمن ) کە توێژەرێکی خاوەن ئەزموونی سایکۆلۆجیای کارکردنە لە وڵاتی سویددا نزیکەی دە ساڵ دەبێت بە ترسی سایکۆلۆجی ناوی بردووە واتە( psychoterreur )

لای کۆمەڵێک خاوەن پیشەی جیاواز، جگە لەوەی زۆرێک لە وڵاتان سەندیکا و پزیشکەکانی کارکردن و سندوقەکانی زامنکردن دژ بە ئەخۆشییەکان دەستیان کردووە بە بایەخدان بەم دیاردەیە. هەروەها لە فەرەنسا ولەم ساڵانەی دواییدا لە دامەزراوە وئامرازەکانی ڕاگەیاندندا باس لە مەسەلەی دەستدرێژیکردنی سێکسی کراوە، وێڕای ئەوەی بە مانا فراوانەکەی ووشەکە تەنها یەکێك لە دیاردەکانی دەستدرێژیکردن دەگرێتەوە وئەویش بەیەکێك لە دیاردەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان دەناسرێت. ئەم جەنگە سایکۆلۆجییە لە شوێنی کارکردندا دوو لایەن دەگرێتەوە یەکەمیان :زۆرداری و ستەمە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا یان گەمەکردنی خراپ کە بە زۆری لە شاراوەییدا ڕوو دەدات و دەبێتە هۆی زیان و زەرەرێکی زۆر. بوونی ئەم دیاردەیەش نەک تەنها لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بەڵکو لە وڵاتانی ڕۆژئاواشدا بەدی دەکرێت و تەنانەت لە زیندانەکان یان گرتووخانەکانیشدا بوونی هەیە بەشێوەیەك بۆ ناچارکردنی ناحەز و نەیارانی دەسەڵات هەموو شێوازێکی ئەشکەنجەدان بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی ئیعتراف کردن یان دانان بە کارەکانیاندا.تەنانەت سوکایەتیکردن بە هاوسەر و خوشك و دایك و کچ و هاوڕێیان... هتد

## شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان

شێوەکانی دەستدرێژیکردن دژ بە ژنان فرەشێوازە و دەشێت بە لێدان یان دەستدرێژیکردنی سێکسی یاخود لاقەکردن و دواجار بە کوشتن بێت. بە پێی ڕوپێوێکی ڕاپرسی کە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی ئەنجامیداوە دەرکەوتووە ٨٠٪ ئەفسەری پۆلیس واتە بە ڕێژەی چوار بۆ پێنجی ژنان لە ماوەی دەوامی ڕەسمی کارکردنندا دووچاری دەستدرێژیکردنی سێکسی دەبنەوە کە لە کۆی ١٠ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشیی وڵاتانی ئینگلترا و ویلزدا ١٨٠٠ ئەفسەر لەو ڕاپرسییەدا بەشداریان کردووە، جگە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەك کە لە لایەن کۆمەڵەی زانستە دەروونییەکانی بەریتانیاوە ئەنجامدرا و ٦٠٪ ی ئەو نەخۆشانەی ڕاپرسیان لە نێواندا ئەنجامدرا بەدەست دەستدرێژیکردنی سێکسییەوە دەیانناڵاند کە لە لایەن پیاوانی نەخۆشەوە ئەنجام دەدرا، ئەگەرچی شێوازەکانی دەستدرێژیکردن لەو نێوەندەدا خۆی لە گاڵتە و گەپێکی چوختی و بێئابڕوانەدا دەبینێتەوە، جگە لە هەوڵدان بۆ پیادەکردنی سێکس لە گەڵیاندا، ئەمە وێڕای دەستبردن بۆ جەستە یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بەدەر لە بێدەنگبونی نەخۆشەکانیش بەهۆی هۆکارگەلێکەوە کە خۆی لە ٧٦٪ دا دەبینییەوە و وایان بە باشیش دەزانی لەسەر ئەو ڕوداوانە سکاڵا تۆمار نەکەن، بێگومان بوونی دیاردەی دەستدرێژیکردن بە ژنان لەو نێوەندەدا تەنها لە نێو نەخۆشەکاندا قەتیس نەبووە، بەڵکو زۆر جار لە نێو پزیشك و کارمەندەکاندا بەشێوازی جیاجیا بوونی هەیە یان لە نێوان پزیشك و

نەخۆش و پزیشك و هاوەڵەكانی نەخۆشدا ڕوو دەدات، بە واتایەكی دیكە نەخۆش زۆر جار دەناڵێنێ بەدەست جۆر و شێوازی ئەو پشكنینانەی لە لایەن هەندێك لە پزیشكەكانەوە بۆیان ئەنجامدەدرێت لە كاتێكدا نەخۆشە و لەبەردەم پزیشكدایە بۆ چارەسەر، بەڵام پزیشكەكە ئیستغلالی ئەو دەرفەتانە دەكات و بەمەبەستەوە دەست بۆ سنگ و مەمك و ئەندامانی تری جەستەی نەخۆشەكە دەبات .

لە نموونەی ئەو ڕەفتارو شێوازانەی بە دەستدرێژیكردنی سێكسی دادەنرێن بۆ ژنان ئەمانەن : (تێڕوانینی ناپاك كە مانابەخش بێت بۆ مێینە لە كاتێكدا لەبەردەم كەسێكدا تێدەپەڕێت، دەربڕینی ووشە وقسەكردنێك كە واتای جنسی بگەیەنێت، تانە وتەشەرەی جنسی، دەستبردن بۆ جەستە، نوكتە و چیرۆكی جنسی كە زیاتر لە مانایەك لەخۆ دەگرێت، پێداگرتنی چەند جارە بۆ بانگهێشتكردنی نانخواردن یان خواردنەوە یاخود گەشتی جیاواز وێڕای ڕەتكردنەوەی بەردەوام، پێداگریكردن لە گەیاندنی بۆ ماڵ یان شوێنی كار وێڕای ڕەتكردنەوەی بەردەوام، داواكردن لێی بە كاری زیدەگی ( ازاق)لە دوای دەوامەوە كە ئەو مانەوەیە گرنگێتی نەبێت، جگە لەوەی دەستدرێژیكردن لاقەكردن، چرنوك گرتن، قسەپێوتن یان ئابڕوبردنی ئاشكرا بە شێوەی ووشەی بریندار و دەستبۆبردن و تێكەڵبوونی جەستە دەگرێتەوە، جگە لە داواكردن لێی بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ پەیوەندی جنسی، دەستبازی، نازپێدان، دەستدرێژییە زارەكی ودیدەوانییەكان دەگرێتەوە ( ئەو كاتەی كەسێك ناچارت دەكات بۆ سەیركردنی وێنە و فیلمە جنسییەكان لە كاتێكدا ئارەزووی بینینی

نەکەیت ) کە دەشێت هەندێ جار بەهۆی ترس یان هەستکردن بە هەڕەشە ڕەزامەندی دەربڕێت، بەڵام لە هەمان کاتدا قوربانییە بۆ دەستدرێژیی جنسی. بەدەر لەوەی هاوشێوەی هەندێ نموونەی دیکەش دەگرێتەوە لەوانە : پێدانی سەرچاوەی وروژاندنی جنسی وەك فیلم و وێنە کە داوا و ڕەزامەندی و ئیرادەی ژنەکەی لەسەر نەبێت، ناچارکردن بۆ پۆشینی جلوبەرگی جنسیی لە ڕێگای هەڕەشەی لەسەرکارلابردن یان کەمکردنەوەی مووچە و بەکاربردنی هۆکاری هەڵخەڵەتێنەر و دەرمان بۆ لەهۆشبردنی ژن بۆ ئەوەی کاری جنسیی لەگەڵ ئەنجام بدرێت. لەو دەربڕینانەوە دەردەکەوێت دەستدرێژیکردن بەشێوەیەکی نهێنی ڕوو دەدات و بە خەڵتاندن یان تەڵەکەبازی بڵاودەبێتەوە، ئەگەرچی ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن وەڕس و بێزار نابن، جگە لەوەی ئەو تێوەژەندن و دەستدرێژیانە بەیەکجار ئەنجامی نادەن، بەڵکو هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ بەشێوەیەك هەناسە سواری و خنکێنەر دەبێت بۆ کەسی قوربانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەجۆرێك ماوەیەکی زۆر ملکەچ و بێدەسەڵاتی دەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو دەستدرێژیانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێتە هۆی لەناوبردنی مرۆڤ، بەڵکو لەدەستدانی بەشێك لە کیانی مرۆڤ. هەر ئەوەشە وایکردووە بە دیاردەیەکی ترسناك و مەترسیدار دەزانرێت، چونکە نامرۆڤانەیە و هیچ ڕێژدان و بەزەییەك لە پشتێوە نییە. بۆیە چوارچێوە یان ژینگەی پیشەیی و کارکردن بە گونجاو و باشتر دەزانێت وەك لایەنێکی پەراوێز ئیدی بەهۆی ترس یان خۆپەرستی یاخود

ترسنۆکییەوە بێت، چونکە لەو نێوەندەدا دامەزراوە بەزەبر و توندوتیژەکان توندوتیژتر و ڕەقتر دەبن و فەرمانبەرە خەمۆک وماتەمەکانیش خەمۆکتر و دڵتەنگتر دەبن، هەروەها دوژمنکارییەکان دوژمنکارتر....هتد سەرچاوەی مەسەلە یان کێشەکە پەیوەندیدارە بەوچوارچێوە و ژینگە بازنەییەی بەدیاردەکەوە بەندە، چونکە گەڕان بەدوای سەرچاوەی ناکۆکییەکاندا بێسوودە وتەنانەت هۆکارەکانیشی بیر دەچنەوە بەدەر لەوەی لەکاتی وروژاندن و قسەکردن لەو چوارچێوەیەدا لەکاتی ئاشکرابوونی دیاردەکە هەمیشە کەسی دەستدرێژیکەر هەڵوێستێکی بەرگریکارانەی دەبێت بەرامبەر قوربانی و پاساوی جۆربەجۆر دەهێنێتەوە بۆ ڕزگاربوون و دەربازبوونی کە دەشێت لەو نێوەندەدا بەزیانی قوربانی بکەوێتەوە و تاوانباریشی بکات، جگە لەوەی پارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی دەستدرێژیکەر بەردەوام بێت لە دەستدرێژی نوێدا بەرامبەری، هەروەها بەریەککەوتن و پێکدادانیان لە چوارچێوەی کارەکاندا هەستێکی ترسێنەر و خنکێنەر لای کەسی قوربانی دەخولقێنێ: کاتێک دەبینێ کەسی تاوانبار دەرباز بووە و چاوەڕوانی زەفەرێکی دیکەیە ج بەرامبەر بەو یان هەر مێینەیەکی دیکە. بەوەش ئەو ژینگەیە دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ ژیانی زۆرێك لە کارمەندەکان و مەترسیدار و دڵەڕاوکێش دەبێتە خەسڵەتێکی هەمیشەی گشتی تاکەکان، جگە لەوەی دەستدرێژیکەریش ڕقئەستورتر دەبێت بەرامبەر قوربانی بەوەی بەرامبەری وەستاوەتەوە، بۆیە هەمیشە ئامانجێکی بەبەستداری دەبێت بەوەی لە بەدواداچووندا بەردەوام دەبێت

تاجارێکی دیکە زەفەری پێ بەرێت بۆ ئەوەی پاڵنەری بێت بۆ هەڵەکاری و دەروستکردنی حاڵەتێکی نائارامی و شڵەژاندنی بەردەوام بۆی.لە ڕوویەکی دیکەوە زۆرجار کەسی یەکەم یان بەرپرسی یەکەمی دامودەزگاکە لە کاتی ڕودانی ئەو کێشانە لە لایەن فەرمانبەرێکەوە بۆ فەرمانبەرێکی مێینە هیچ دەستێوەردان و بەدواداچوونێکی نابێت بەرامبەر ئەو مەسەلەیە بەو پاساوەی کەسانی کامڵ و گەورەن و دەتوانن خۆیان کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن، کە ئەوەش بۆخۆی هەست نەکردنە بە بەرپرسیارێتی و خۆدورخستنەوەیە لە کێشەیەکی ڕاستەقینە و واقعی کە بەکاری خۆی نازانێت و نایەوێت بەو هۆیەوە سومعەی شوێنی کارەکەی بزڕێنێت، لەو کاتەشدا قوربانی هەست بە بێ پشتیوانی و نائومێدییەکی زیاتر دەکات و تەنانەت هەست بە هەڵخەڵەتاندنی ئەو کەسانەش دەکات کە ئەو دوژمنکاریانە دەبینن و هیچ دەستێوەردانێکیان نییە. چونکە کەمجار بەرپرسی یەکەم چارەسەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەو کاتانەدا کە بەشێوەیەك دەبێت ڕیشەیی نابێت، بە واتایەکی دیکە گواستنەوە بۆ شوێن یان کارێکی دیکە دەکاتە چارەسەر بێ ڕا وەرگرتنی کەسە مەبەستدارەکە.

لە ڕوویەکی دیکەوە دەستدرێژی سێکسی وێنەی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە بەدەر لە وشە و هێمای سێکسی و دەستبردن بۆ شوێنی هەستیاری جەستە و بێزارکردنی بە ڕێپێگرتن و قسەکردن بە ئامراز و شێوازی جیاجیا دەشێت وێنەیەکی مەترسیدار لەخۆ بگرێت کە خۆی لە هەڕەشەکردندا دەبینێتەوە، بە تایبەت لەو کاتەی کەسی قوربانی

خۆی بەدوور دەگرێت لە تۆمارکردنی سکالاّ و شکاتکردن لێی بەهۆی ترسی لە کەسی دەستدرێژیکەر یان لە ئابڕوچوون و عەیبە. ئەمە جگە لەوەی پسپۆڕانی بواری دەروونیی جەخت لەو کاریگەرییە خراپە دەرونییانە دەکەنەوە کە لەسەر تاکەکان یان قوربانییەکان بەدەردەکەوێت، بۆ نموونە ئەو کاتەی لە ڕووی سێکسییەوە هێرش دەکرێتە سەر ژنان بەو واتایەی ڕەزامەند نییە بەو پەیوەندییە جنسییەی لەگەڵیدا ئەنجام دەدرێت ئەو کاتە مەسەلەکە دەچێتە قاڵبی ڕاوەدوونان و هەستکردن بەدواداچوون و شوێنکەوتن کە دەشێت ببێتە هۆی دەمارگیری یان هەڵچوونی دەروونی بەتایبەت گەر بارودۆخی ژنەکە ڕێگربێت لەبەردەم بەجێهێشتنی شوێنی کارەکەی یان خوێندنگەکەی، چونکە ئەگەر لەژێر ئەو فشارەدا بمێنێتەوە تووشی هەڵچوون دەبێت خۆ ئەگەر ژنەکە لە توانایدا بوو شوێنەکەی بەجێبهێڵێ یان ڕابکات ئەوا لە کۆی پەیوەندییەکانی لە داهاتوودا بەئاگا و حەزەر دەبێت بەشێوەیەك وەك ئەزموونێکی خراپ لە ناخ و بیریدا دەمێنێتەوە.

بە تێڕوانینی هەندێك کەسی دەستدرێژیکەر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە شێوازگەلێکی دیکە دەگرێتە بەر لەوانە:

١- سەیرکردن یان تەماشاکردن : ئەمە لەو کاتانەدا ئەو جۆرە تێڕوانین و تەماشاکردنانە ببێتە مایەی بێزاری و بێتاقەتکردنی کەسی بەرامبەر و لە سنوری ئاسایی خۆی دەربچێت.

٢- جەستەیی : ئەوەش بەدەستبردن بۆ لەشی مێینە بەتایبەتی شوێنە هەستەوەرەکانی وەك ( سنگ، ڕان، سمت... هتد ) وە هەندێ

جـاریش دەگاتــە ئاسـتی فرانـدن و ئەنجامـدانی کـاری جووتبـوون بەهەڕەشەکردن یان پاداشتدانەوە.

٢- ئاخـاوتن : ئـەم ڕێگەیەیشیان لـە ڕێـی بـەکارهێنانی ووشـەی نەشیاو یان هەندێ جار ووشەی گونجاوەوە دەبێت، بەڵام پڕکـراو بـە مەبەسـتێکی گەنـدەڵ، وە بـەبێ گەنـدەڵیش گـەر تـاکی بەرامبـەر ڕەزامەنـد نـەبێت بـەو ووشـانە بـەجۆرێك لـە دەسـتدرێژی سێکـسی دادەنرێت.ئەمە جگە لەوەی لە ڕۆژگار و قۆنـاغی ئیمـڕۆدا شـێوازەکان گۆڕانیان بەخۆوە دیوە، ئـەوەش بەسـوودوەرگرتن لـە تەکنـەلۆجیای نوێ لەوانە ( تەلەفون، مۆبایل، ئینتەرنێت... هتد)

## هەڵوێستی ژنان بەرامبەر ئەو گێچەڵانەی دەرهەقیان دەکرێت

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە لە کاتی ئەنجامدانی هەر جۆرە توندوتیژییەك کاتێك ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە کە دەستدرێژی سێکسی یەکێکە لەو توندوتیژییانە لە هەر شوێنێك و تایبەت بە هەر چوارچێوەیەك بێت هەر لە خێزانەکانەوە تا دەگاتە کۆمەڵگە و دەوڵەت، بەگشتی ژنان ڕووبەڕووی دوو جۆر هەڵوەستەی دژ بەیەك دەبنەوە یەکەمیان : قسەکردنە لە مەرحاڵەت و جۆری توندوتیژییەکە، دووەمیان : بێدەنگبوونە لە ئاست کەسی پیادەکەر و جۆری ئەو توندوتیژییەی دەرهەقی کراوە کە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەهۆی هۆکارگەلێکەوە لە هەردوو حاڵەتەکەدا تەنها خودی ژنان زەرەرمەند و زیانمەند دەبن، بەڵام بێگومان بێدەنگبوونیان زیاتردەبێتە هۆی تەشەنەسەندن و بەردەوامییەتدان بە کێشەکە و لە هەمان کاتدا ڕێخۆشکەر بۆ ئەنجامدەرانی دەستدرێژیکردنەکان تا پشتئەستورتر و بێباکانەتر بەردەوام بن لەو جۆرە دەستدرێژیکردنانەی بە پاساوی جۆریەجۆر دەرهەق بە ژنان ئەنجام دەدرێت، ئەگەرچی زۆرن ئەو ژنانەی بێدەنگبوون دەکەنە هەڵوێستیان لە کاتی ڕووبەڕوبونەوەیان بە دەستدرێژییەکانی دەرهەقیان دەکرێت.

## هۆکارەکانی بێدەنگبوونی ژنان لە ئاست
## ئەو دەستدرێژیکردنانەی دەرهەقیان دەکرێت

بێگومان ئەو هۆکار و بەربەستانەی وا لە ژنان دەکەن کە هەڵوێستێکی بێدەنگانە وەربگرن لەئاست گشت ئەو دەستدرێژیکردنانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت فرە هۆکارە کە بەگشتی خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە :

١- هەستیاری بابەتەکە :

زووربەی قوربانیانی دەستدرێژیکردنەکان ترسیان لە ئابڕوچوون و لەکەدارکردنی ناوبانگیان هەیە، چونکە بە پلەی یەکەم پەنجەی تاوان بۆ ئەوان درێژ دەکرێت ئەوەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی بوێری و ئازایەتی سەبارەت قسەکردن لە چەوساندنەوە و ئازارەکانی. مامۆستا " عزە سلیمان " بەڕێوەبەری سەنتەری مەسەلەکانی ژنان لە میسردا دەڵێت : لە کۆمەڵگەی میسریدا دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان مەسەلەیەکە " بێدەنگبوون هەیە لێی " بە پێی هەستیاری مەسەلەکە.. پاشان دەڵێت هیچ ژمارە و ئامارێک نییە ڕادە و ئاستی ئەو دەستدرێژیکردنانە ڕوون بکاتەوە، ئەوەشە وا دەکات وەستان لەسەر ئاسەوارەکانی ئەو دیاردەیە قورس و سەخت بێت.

٢- مەترسی هەندێ لە قوربانیان بۆ لەدەستدانی کارەکانیان :

" جیوفانا ریفری " لە تشیلی، باس لە چۆنێتی ڕق و بێزاربوونی خۆی دەکات لە چوونی بۆ کارەکەی کە لە وەزارەتی کشتوکاڵدا کاری دەکرد، چونکە لێپرسراوەکەی هەموو ڕۆژێك دەستدرێژیی سێکسی پێدەکرد، باسی لە هەستی خۆی دەکرد بەوەی بەهۆی پێویستی

زۆری بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان بۆتە بەند و دەستەوەستانە بەرامبەر بەرەنگاربونەوەی خراپیی و گێچەڵپێکردنە ڕاستەوخۆکانی ڕوبەڕوی دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە زۆرن ئەو کەسانەی سەختی و بارگرانی بژێوی ژیان یان بەهۆی بەرپرسیاریتی یەکەمی خێزانەکانیانەوە ناچار بوون قبوڵی هەموو جۆرە ژینگەیەکی نائارام وناهەقییەك بکەن نموونەش لەو جۆرە هەمەڕەنگ و جۆر بەجۆرە. ‎-٢

ترس لە لەدەستدانی خوێندن وای لە هەندێ قوربانیان کردووە بێدەنگبوون هەڵبژێرن :

خوێندکارێك بە ناوی " و، م " دەڵێت : " تەمەنم ٢٢ ساڵە قۆناغی سێی بەشی یاسا دەخوێنم ساڵێ لە تەمەنی خوێندن دواکەوتم ودەرنەچووم، ئەوەش بەهۆی ڕەتکردنەوەم بۆ ژووانە دڵدارییەکانی کە لە لایەن مامۆستاکەمەوە پێم دەوترا .هیچ کەس لە ئەندامانی خێزانەکەم بەمە نازانێت تەنها هاوڕێکانم نەبێت، خۆشبەختانە ساڵی داهاتوو ئەو هیچ وانەیەکی پێنەدەوتین ئەگەرچی " و، م "ماوەی ساڵێك لە تەمەنی بەسەر چوو و نموونەی لەو بابەتەش زۆرن کە ناچار کراون کڕنوشیان بۆ ئەو واقعە بردبێ کە تیایدا دەگوزەرێن گەر بەهۆی کورتکردنەوەی ڕێگەکەوە بێت یان ڕاکردن بێت لە مۆتەکەی دەرنەچوون، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان تا ئیمڕۆ موعاناتیان لە ڕێکەوتن هەیە، ئەگەرچی مامۆستایەك هەیە چاوەڕوانی وەڵامیان بە بەڵێ لێدەکات، چونکە دەرچوونیان دەبێتە کاریگەری قورس و بارگرانی و گرفت بۆ خێزانەکانیان .

٤- هەستکردنی قوربانیان بەوەی تاوانبار قوتار دەبێت و هیچ لێپرسینەوەیەکی لە ئاستدا ناکرێت، جگە لەوەی لێپرسراوە ڕاستەوخۆکەی گوێبیستی نابێت بەهۆی لەکەدارنەبوون و ناوزڕاندنی شوێنی کارەکەی.

٥- سەلماندنی ڕوداوی دەستدرێژیکردنەکە یەکێکە لە قورسترین کار کە زۆربەی ژنان زۆر جار بەهۆی لاوازی یان نەبوونی هۆشمەندی بە بوونی یاساکان وا دەکات گرفتەکان ئاڵۆزتر و کێشەکان زیاتر بن، بۆ نمونە زۆر جار ژنان کاتێك پرسیاریان لێکراوە بەوەی تا چەند بەئاگان لە بوونی ئەو مادده یاساییانەی تایبەتن بە دەستدرێژیکردنی ژنان ؟ لە وەڵامدا بێئاگایی وسەرسوڕمانی خۆیان نیشانداوە، ئەم لاوازی هۆشمەندییە دەرهەق بە یاساکان لە زۆرێکی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لە لایەن ژنانەوە بوونی هەیە، بۆ نموونە لەگەڵ بوونی یاسا بە سزادانی ئەنجامدەرانی دەستدرێژیکردن بە ژنان لە مەغریبدا، بەڵام کاتێك دەستدرێژی بە خاتوو "ب، ك" و هاوڕێکانی دەکرێت بێئاگایی و سەرسوڕمانی خۆیان نیشاندا وتەنانەت بە زانینیان دەستەوەستان و پرسیاریان لەوە کرد کە داخۆ چۆن دەتوانن بیسەلمێنن بەوەی کێ دەستدرێژیی پێکردوون ؟

٦- تێڕوانین و وێنا کۆمەڵایەتییەکانی دەرهەق بە ژنان و پیاوان دەکرێت کە لە هەندێ تەوەر و خاڵدا خۆی دەبینێتەوە لەوانە : دەبێت ژنان ملکەچی پیاوان بن وەك لایەنە لاوازەکەی کۆمەڵگە و وەك ئەوەی موڵکی ئەویدی بێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سڕینەوەی خودی کەسایەتی ژن و ئەوەشە وادەکات زۆر جار هێمای بە هەندێ

دەستەواژە بۆ دەکرێت وەك : کچی فلانە، ژن و دایکی فلانە بێ تەماشاکردن و حساب بۆکردنیان وەك ئەوەی مرۆڤێکی سەربەخۆ و خاوەن دید و بۆچوونی تایبەت بە خۆیان بن، هەمیشە کاتێك بێدەنگ و هێمن وگوێڕایەڵی دەبێتە خەسڵەتێکی هەمیشەیی و تایبەت بەخۆی وەك ڕەگەز وا دەکات ببێتە جێی پەسەندبوونی لە لایەن ئەقڵیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئیدی ئەو تێڕوانین و وێناکردنەیە وایکردووە هەمیشە ژن لە چوارچێوەی گشت خێزان و ناوەندەکانی تری کۆمەڵگەدا بڕیاربۆدراو بێت نەك بڕیاردەر، چەوساوە بێت و چەوسێنەرەکەش هێمایەك بێت بۆ شەرەفپارێزی پیاو، خێڵ و نێرەکانی کۆمەڵگە، لایەنە لاوازەکە بێت نەك بەهێزەکە و بیرو بۆچوون و تێڕوانینەکانی خەسێنراو بێت و ئەرکەکانی لە سنورێکی تەسکی دیاریکراودا خۆی بەرجەستە بکات.

٧- نەبوون یان لاوازی هۆشمەندی لە لایەن زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵگە تا بتوانێت ڕووبەڕووی ئەو مەسەلەیە ببێتەوە.

٨-پشتیوانی یان پیشتئەستووری کەسی دەستدرێژیکەر بە لایەنێك یان کەسێکی باڵادەست یاخود پارتێکی سیاسی بەشێوە وئاستێك کە وای لێدەکات باوەڕی زیاتری بەخۆی دەبێت بەوەی هیچ بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەیەکی بەرامبەر ئەنجام نادرێت و بێباکانە و بە متمانەیەکی زۆرەوە لێی قوتار دەبێت. بە تایبەت گەر لە شوێنێکی بەرپرسیارێتی کارکردندا بێت بە حوکمی دەسەڵات و پشتیوانییەکەی دڵنیا دەبێت کە باوەڕ بەکەسی قوربانی ناکرێت و ناتوانێت پۆست و شوێنەکەی پێ لەق بکات، جگە لەوەی لە هەمان کاتدا دڵنیایە لەوەی قوربانی ناتوانێت هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستەی هەبێت بۆ سەلماندنی باسەکانی.

بەهۆی ئەم هۆکارانە و زۆرێکی دیکەی هۆکارەکان، دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان دەبێتە بابەتێکی بەدوور لە زانینی ڕاستییەکان وەك خۆی، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت لە لایەن پەیمانگای ژنان لە پایتەختی ئیسپانیا ( مدرید) دا هاتووە : ژمارەی ئەو کەسە بوێرانەی توانیویانە سکالاً پێشکەش بکەن لەو بارەیەوە لە ٢٥٪ تێپەڕ ناکات لە کۆی گشت حاڵەتەکان، بۆیە دەستدرێژیکردن بە ژنان یەکێکە لە ناشرینترین و ناڕەواترین و مەترسیدارترین جۆری توندوتیژی و ئازاردانی ژنان.

٩- بەهۆی باوەڕبوونی قوربانییەکە بە هەندێ بیروباوەڕ کە وای لێدەکات بەدوای پاساوەکاندا بگەڕێت سەبارەت کردەوەی تاوانبارەکە. وەك بیروباوەڕی هەندێ لە قوربانیان بەوەی توندوتیژی بەڵگەی خۆشەویستی تاوانبارەکەیە بۆ قوربانی،

١٠- ترس لە خۆی یان لە هەندێ حاڵەتدا لەوانی دیکەش وەك ترسی دایك بۆ منداڵەکانی لەوەی لەژێر ڕەحمەتی باوکێکی ستەمکاردا بەجێیان بهێڵێ کە لێیان بدات، وە دەشێت ئەو ترسە لەسەر تاوانباریش هەبێت کە دەشێت تووشی قوربانییەکە ببێت بە کاردانەوەی تۆڵەسەندنەوە گەر باسی لە و حاڵەتی توندوتیژیانە کرد بۆ کەسانی دیکە کاتێك تووشی دەبێتەوە.

١١- خۆشەویستی قوربانییەکە بۆ تاوانبار خۆشەویستییەکی وا کە پاڵنەری دەبێت بۆ ئارامی و ئۆقرەگرتن سەبارەت هەوڵدانی بۆ چاکسازیکردن و ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی کەسی تاوانبار.بە تایبەت گەر پیادەکردنی توندوتیژی لای تاوانبارەکە نەبووبێتە

خەسڵەتیک تیایدا کە بە بەشێوەیەکی وەرزی و خولەکی پیادەی بکات، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لەسەر ٥٢ ژنە هاوسەر ئەنجامدرا دەرکەوت ٧٠٪ یان پاش یەک ساڵ لە ژیانی هاوسەرگیریان لە لایەن مێردەکانیانەوە لێدراون، بەڵام هیچ سکاڵایەکیان لە دژیان تۆمار نەکردووە بۆ دەزگا ڕەسمییەکان پاش تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ نەبێت، واتە پاش هەستکردنیان بە نائومێدی لە چارەسەر یان پاش ڕووبەڕوبونەوەیان بە توندوتیژی بەشێوەیەکی توند کە زامنی ژیانی مسۆگەر نەبوو یاخود هەستکردنی بە بوونی خەسڵەتی دیکە لە مێردەکەیدا کە سەروو ڕادەی ئۆقرەگرتنی بوو بێت بەهۆی زۆری خراپەکانییەوە بە تایبەت کاتێک بەشێوەیەکی خولەکی توندوتیژی دژی بەکاردەهێنا.

## جۆرەکانی قوربانیان

لە سالآنی پێشوودا زانستی تاوانی ( جنائی ) بایەخێکی بەرچاوی دا بە لێکۆڵینەوەی بارودۆخی قوربانیانی توندوتیژی، بە ئامانجی لێکۆڵینەوەی باری قوربانی وەك فاکتەرێکی ئامادەکەر و یارمەتیدەر لەسەر تاوان لە لایەن دەستدرێژکەر و دۆزینەوەی ئامرازەکانی زامن بۆ دەربازبوونی قوربانییەکە و یارمەتیدانی سەبارەت تێپەڕاندنی ئەو ئازار و مەینەتیانەی بەهۆیەوە تووشی هاتووە، جگە لە زامنکردنی گشت بیمەیەکی یاسایی و کردەیی بۆ پاراستنی مافەکانی.بۆیە لە ڕوانگەی زانستی تاوانییەوە قوربانیان بەوە دەناسرێن کە ئەو کەسانەن تووشی زیانێکی تاکی یان بە کۆمەڵ بونەتەوە، لەوانە زیانی جەستەیی، ئەقڵیی یان ئازاردانی دەروونیی یاخود زەرەری ئابوری و بێبەشبوونی لە چێژوەرگرتن بە مافە سەرەکی و بنەڕەتییەکانیان بە پلەیەکی زۆر.ئەو بایەخدانی زانستەش لە دەرئەنجامی کۆمەڵێ پرسیاری گفتوگۆوە سەرچاوەی گرتووە کە لە لایەن زانایانی دەروونیی تاوانییەوە وەڵام دراوەتەوە ئەو کاتەی قوربانیان تاوانەکەیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کرد لەوانە :

١- قوربانی سەرڕاست : ئەو قوربانییەیە کە تاوانەکەی بەرامبەر کراوە بێ ئەوەی هیچ گوناه و هەڵەیەکی هەبێت تیایدا یان بێ ئەوەی بەشێوەیەك لە شێوەکان تووشی هیچ لۆمەیەك بوو بێت، لە نموونەی ئەم جۆرە قوربانیانە لاقەکردنە لە کاتی جەنگەکاندا و قوربانیانی لێدانە لە لایەن ئەو مێردانەی لە ڕووی دەروونییەوە نەخۆشن جگە لە نموونەی دیکە.

٢- قوربانی وروژێن یان تیژکەر ( مستفز ) :ئەو قوربانییەیە بە شێوەیەك هەڵسوکەوت دەکات هەستی تاوانبار دەوروژێنێ کە دەبێتە پاڵنەری بۆ ئازاردانی، بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە لێی و گەڕانەوەی کەرامەتی. وە نموونەی ئەم جۆرەش فرە جۆرە لەوانە :

ا- مشتومڕی مێرد و گاڵتەپێکردن بە بیروڕاکانی و ڕەخنەگرتن لە ڕەفتارەکانی بەشێوەکی توند لە بەردەم ئەوانی دیکەدا.

٢- گێلی ژنە هاوسەر لە ڕووی سێکسییەوە و ڕێگریکردنی بەردەوامی لە مێردەکەی.

٣- بیروباوەڕە دانسقەکان بۆ ئەو ژنە هاوسەرەی پێی وایە بە شێوەی کەلەڕەقی بەرامبەر مێردەکەی، خۆی و سەربەخۆیەتی خودی خۆی دەسەلمێنێ، ئەو جۆرە بیروباوەڕ و بیروڕایانە تورەیی و ڕقی مێردەکەی دەوروژێنێ دژ بە ژنەکەی وەك هەوڵدانێکی سەبارەت وەلامدانەوەی داواکردنەکەی بەشێوەیەکی کردەیی.

٣- قوربانی ئاسانکەر : ئەو قوربانیەیە کە لە هەندێ کاتدا بەهۆی ڕەفتار و ەڵسوکەوتەکانیەوە ئاسانکەر دەبێت بۆ تاوانبار تاوانەکەی ئەنجام بدات، نمونەی ئەوەش قوربانی لاقەکردن کە لە هەندێ کاتدا هەڵدەستێت بە کردەوەی بێئابڕووی یان گاڵتەپێهاتن بەشێوەیەك سەرنجی پیاوەکە بۆ خۆی ڕاکێش دەکات و کرداری لاقەکردنەکەی لا ئاسان دەکات. لەو ڕەفتارانەش : بێئابڕووی یان بێشەرمی لە جلوبەرگدا کە هەندێ لە پیاوان بە بانگێشتی ئازادی سێکسی دایدەنێن، هەروەها وەك سوودمەندییەك بۆ خۆیان لەو ئازادییە.بەدەر لە ئاسانکاری لە هەڵسوکەتەکاندا، وەك ڕەزامەندی کچان بە گەیاندیان بۆ ماڵەوە لە لایەن هەندێ لە کوڕانی گەنجی برادەریانەوە کە بە تەواوی نەبونەتە جێی متمانەیان.

٤- قوربانی ڕەزامەند : ئەو قوربانییەیە کە نارەزایی دەرنابڕێ بەو توندوتیژییەی لە دژیدا ئەنجام دراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوە بەشێوەیەك وەك ئەو کەسە ڕەفتار دەکات کە داکۆکیکەر بێت لە تاوانبارەکە بە مەبەستی هەوڵدانی بەردەوام بۆ گەڕان بە دوای پاساوێك بۆ هەڵسوکەوتەکانی لەگەڵیدا.

بێگومان ڕاگەیاندن و بوونی ڕۆڵی ژنانی قوربانی لە تاوانی توندوتیژیدا ئەوە ناگەیەنێت کە بەرپرسیارێتی تاوانەکە بە تەواوی و گشتی دەکەوێتە ئەستۆی ژنان، بە تایبەت ئەو حاڵەتانەی کە ژنان ڕۆڵیان تیادا نییە زۆر زیاترن لەو تاوانانەی ڕۆڵیان هەیە تیایدا. تەنانەت ئەو پیاوانەی پیادەی جۆرەکانی توندوتیژی دەکەن دژ بە ژنان دەشێت لە هەندێ کاتدا قوربانی بیروباوەڕ و گەندەڵی ئەخلاقی بەربلاو یان قوربانی هاوڕێی خراپ و کەسان وئەو ژینگە خراپە بن کە ژیانی گوزەراندووە تیایدا .

لەو ڕوانگەیەوە هاوکاری و یارمەتیدان تایبەت بەم مەسەلەیە نابێت تەنها لە ژناندا کورت بکرێتەوە بەوەی خۆی بپارێزێ لە توندوتیژی جەستەیی و دەروونیی و جۆرەکانی دیکە، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگە بەگشت توخم و ڕەگەزەکانێوە داوای یارمەتی زامنکردنی ئەو پاراستنە بکەن. کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو پارێزگاریکردنە، خۆی لە پاراستنی خۆیی و بەکۆمەڵدا دەبینێتەوە.

## هۆکارەکانی دەستدرێژیکردن دژ بە ژنان

لە سەرەتادا بایەخی نەتەوە یەکگرتووەکان تەنها لە پێناسەی توندوتیژیدا خۆی دەبینییەوە بێ هەوڵدان بۆ زانینی هۆکارو فاکتەرەکانی دەبونە هۆی سەرهەڵدانی، لەگەڵ ئەوەی لەم سەدەیەی دواییدا بایەخدان بە لێکۆڵینەوەی هۆکارەکانی توندوتیژی و فاکتەرەکانی بوونە هۆی ئەو دیاردەیە دەرکەوت هۆکاری کۆمەڵایەتین کە هەژاری، بێکاری و کۆچکردن لەخۆ دەگرێت، هەروەها فاکتەری سیاسی کە توندوتیژی دژ بە ژنان وەك ئامرازێك بەکاردەهێنێ بۆ ڕسواکردن و سووککردنی گەلەکان وەك لە حاڵەتی جەنگدا ڕوو دەدات یاخود دەشێت توندوتیژی ئامرازێك بێت لە ئامرازەکانی جاسوسی و سیخوڕی کە بریکاری هەواڵگری ( استخبارات ) بەکار دەهێنن لەوانە ئامرازە تاکەکانی وەك جلوبەرگی ژنان و هەڵسوکەوتەکانی کە دەبێتە هۆی هاندانی پیاوان بۆ پیادەکردنی توندوتیژی وە بێگومان دیاردەیە؟ , لەم جۆرە چەندین فاکتەری جۆر بەجۆری لە پشتەوەیە هەر لەو کۆمەڵگەیەی کە سیستمی کۆمەڵایەتییەکەی لاوازە و ڕۆڵی باوان لە پەروەردەکردندا نیمچە وونە تا ئەو ڕاگەیاندنەی ئەمڕۆ کە پەیامی سەرەکی بەشێوەیەکی زەق هێمایەکی سێکسی هەڵگرتووە لە فیلم و گۆرانی و بەشی زۆری بەرنامەکانی و تا دەگاتە سستمی دادوەریی و نەبوونی یاسایەکی گونجاو سەبارەت سزادانی ئەو کەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن. لێرەوە هۆکارە بابەتی و خۆییەکانی ئەم دیاردەیە لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە :

- بڵاوبونەوە یان بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاری لە نیو گەنجاندا و بوونی فشاری ئابووریی کە یارمەتیدەرە بۆ دواکەوتن و پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لای گەنجان

- پێواری ئاسایش لە ڕووی تاوانەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دیاردەکە.

- پێواری ڕۆڵی پەروەردەی خێزانەکان و ئامرازەکانی پەروەردە و خوێندن، جگە لە لاوازی دەوڵەت و دەستەوەستان بۆ حاڵیبوون و تێگەیشتنی لە گەنجان و تواناکانیان، چونکە دەرفەتی کاریان بۆ نەڕەخساوە تا بتوانن بەدوور بن لە شەقام و کۆڵانەکان، یان بەهۆی نەبوونی یانەی نموونەیی کە هێز و تواناکانی تیا بەتاڵ بکاتەوە، جگە لە دووچاربونەوەیان بە تێشکان کە دواجار هەموو ئەوانە دەبێتە هۆی پڕبونەوەی لاپەڕەی ڕوداوەکان بە تاوانەکانی کوشتن و شەڕ و ئاژاوە و پەنابردن بۆ ئەو دیاردەیە

- لاوازی ئینتمای گەنجان بۆکۆمەڵگە ونیشتمان و وڵات.

- زۆرداری و ستەمکردن بە ژنان کە پێویستی بە سەدان ساڵ هەیە پێش دیار نەمانی .

- ناجێگیری باری دەروونیی و خێزان و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و خێزانیی، جگە لە نەبوونی شێواز و ڕێگەیەکی پەروەردەیی جنسی لە نێو خێزان و سستمەکانی خوێندندا لە ڕوانگەی عەیبە و نائەخلاقی و نەنگی بەشێوەیەک کە بۆیان نەبێت هیچ پرسیارێك لەو بارەیەوە بکەن بەوەش تێگەیشتنی هەڵەی ڕۆشنبیری سێکسی لای گەنجان دروست دەکات.

- ئەقلیەتی پیاوسالاریی کۆمەڵگە کە وەك ئامرازێکی مامەڵەی چێژوەرگرتن وگاڵتەجاری پیاوان سەیر دەکرێت وە ئیستغلال دەکرێت بۆ تێربوونی ئارەزوو و غەریزەکانی بەو ڕێگە و شێوازەی خۆی مەبەستێتی.

- ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە کە کار لەسەر شاردنەوەی ئەو مەسەلانە دەکات بەوەی عەیبە و نەنگییە بۆ ژنان و دەبێتە هۆی ناوزڕاندنیان یاخود تاوانبارکردنیان بەوەی خۆیان بونەتە هۆکاری ئەو حاڵەتە بەهۆی ڕەفتار یان جلوبەرگیانەوە لە کاتێکدا دەشێت لێی بەدوور و بەدەر بێت، جگە لەوەی یارمەتیدەر دەبێت بۆ تەشەنەسەندنی ئەو کێشەیە بەهۆی ئەو شاردنەوانەوە و یارمەتیدەریش دەبێت بۆ گەنجان لەسەر بەردەوامبوونیان لەو ڕەوشتە هەڵانەدا، چونکە دڵنیان لە تێڕوانینی کۆمەڵ و نەبوونی هیچ بەربەستێك بۆیان کە ئەوەش بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات.

- ئامرازەکانی ڕابواردن و گەیاندن و ڕاگەیاندن بە گشت جۆرەکانیەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ئەنتەرنێت... کە زۆر جار بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنان یان تێگەیشتن لە چۆنێتی سوود وەرگرتن لێیان یاخود زۆرجار بەهۆی نیشاندان و باسکردنی کۆمەڵە بابەتێکی وروژێنەر و کارتێکردنی یاخود هەژاندنی زۆرێك لە مرۆڤەکانەوە دەبێتە کاردانەوەیەك بۆیان.

- تێڕوانین بۆ خودی ژن وەك ڕەگەزێکی پلە دوو نەك وەك مرۆڤێك، بە واتایەکی دیکە چەمکە هەڵەکانی پەیوەندیدارە بە ڕەگەزی ژنان.

- دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.
- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کە زۆر جار ڕۆڵی خراپ دەبینن لە ئاست باسکردنی کێشەکەدا.
- خراپی بەخێوکردن یان پەروەردەکردنی خێزانەکان.
- دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری.
- بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان.
- نەبوونی هۆشمەندی.
- تەشەنەسەندن و بەربلاوی هەژاری.
- نەبوونی یاسایەکی ڕوون و کاریگەر کە مەسەلەی دەستدرێژیکردن بە تاوان دابنێ.
- نەبوونی ئارامی و ناجێگیری باری ئەمن و ئاسایش لە کۆمەڵگەدا.
- پیشخواردنەوە (کبت) ی جنسی، یان کەمیی یاخود نەبوونی پەروەردە و ڕۆشنبیری سێکسی بە شێوە ڕاستییەکەی ڕۆڵ دەگێڕن لە کەمبونەوەی کێشەکەدا
- پێواری چەمکی جوامێری.
-فەرامۆشکردنی پەروەردەکردنی تەندروست لە لایەن دایك و باوك و بەخێوکەرەکانەوە.
- خودی ژنان خۆیان.
- نەبوون یان کارنەکردنی دامەزراوە پەروەردەیی و ڕاگەیاندن و ئاینییەکان و تەنانەت دەزگاکانی ئاسایش بەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی لە ئەستۆیاندایە لە پێناو پەروەردەکردن و

بەخێوکردن و وشیارکردنەوەی نەوەی نوێ بە مەترسی ئەو مەسەلەیە لەسەر تاك و كۆمەڵگەکان وە بە ئاگاکردنەوەیان لە ئاقار و ئاسەوارەکانی ئەو دیاردەیە، هەموو ئەوانە ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە تەشەنەسەندنی ئەو دیاردە خراپانە و دروستبوونی مەترسی و گرفت.

- کورتکردنەوەی ژن تەنها لە جەستەدا لەو ڕوانگەیەی سەرچاوەی پیسی و گڵاوییە و ئامرازێکە بۆ چێژ و خاوەندارێتی دەشێت و بە پێی ئارەزووی پیاوەوە تەحەکومی بەسەردا دەکرێت.

- ژینگەی پێکهاتە و پەروەردەکردنی تاکەکان لە كۆمەڵگەدا.

- تێرنەبوونی کەسی ئەنجامدەر لە ڕووی سۆزداری و دەروونییەوە کە لە ڕەوشتیاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت و پەنابردنیشی بۆ جەستەی کەسی بەرامبەر وەك قەرەبووکردنەوەیەك دەبێت بۆ ئەو کەموکورییە ناوخۆییانەی تیایدا بەرجەستە دەبێت.

- بوون و سروشتی ئاستی ئەو پەیوەندییەی بوونی هەیە لە نێوان ژن و پیاودا، بە واتایەکی دیکە لە نێوان هێزی دەسەڵاتی بەهێز و لاوازدا.

-هەندێك لە زانا و بیرمەندان یان لایەنگرانی ئاین پێیان وایە تێکەڵبونی ژن وپیاو لە شوێنەکانی کارکردن و ناوەندەکانی تردا هۆکاری گەندەڵی مەسەلە گشتی و تایبەتییەکانە، جگە لەوەی هۆکارە بۆ زیادبوونی بەدڕەوشتی و داوێنپیسی و کاری ناپەسەند کە ئەوە بۆخۆی لە ڕووی شەرعەوە ناکۆك و حەرامە بەڵگەشیان بۆ ئەوە بوونی لێکۆڵینەوەکانە لەمەڕ ئەو مەسەلەیە، بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەیەکدا تایبەت بە کێشەی تێکەڵاوی نێر و مێ لە زانکۆکانی

ئوردوندا ٧٧٪ لە کۆی نموونەی خوێندکارانی کچ و کوڕ پێیان وابووە تێکەڵبوون لە خوێندندا بە گرفت و کێشە دادەنرێت کە گرنگترین خراپییەکانی ئەمانەن : وروژاندنی ئاژاوە و گێرەشێوێنیی، تەسەنوعکردنی دوو ڕەگەزەکە و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیاندا، ڕووبەڕووبونەوەی کچان بە دەستدرێژی گەنجان، بڵاوبونەوەی دیاردەی دانەپۆشراوی یان سفور و تەشەنەسەندنی تاوانە ئەخلاقییەکان و بەدەر لە زۆرداری و هەڕەشەلێکردنی خوێندکاران لە لایەن مامۆستاکانیانەوە.

– بەهەند وەرنەگرتن و سەیرنەکردنی ئەو مەسەلەیە وەك کێشەیەکی خەمخۆر و جدی.

– بڵاوبونەوە و تەشەنەکردنی گەندەڵی وپێواری چاودێری لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، چونکە بێگومان بوونی گەندەڵی کارگێری و دارایی لە دامەزراوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هۆی گەندەڵی ئەخلاقی بە تایبەت زوربەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە شوێنەکانی کارکردندا لە لایەن لێپرسراوەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە پیاون. ئەوەش بەهۆی بوون و ئیستغلالکردنی دەسەڵات و جەماوەریان، جگە لە نەبوونی چاودێری و لێپرسینەوەیەکی یاسایی دەرهەقیان بەدەر لەوەی لە زوربەی کاتەکاندا خۆیان بە پلەی یەکەم خاوەن بڕیارن.

**بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت هۆکارکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ سێ فاکتەری سەرەکیی بگەڕێتەوە :**

یەکەمیان : ئیستغلالکردنی پۆست لە شوێنی کاردا ( لە لێکۆڵینەوەیەکدا ٣٧٪ پیاوان لەگەڵ ئەم ڕایەدا بوون و ٢٥٪ یش لە ژنان ).

دووەمیان : ئەخلاقی خراپ (٣٣٪ ی پیاوان و ٣٩٪ ی ژنان ئەم فاکتەرەیان پەسەند کرد ).

سێیەمیان : پێیان وایە ئەنجامدەرانی دەستدرێژیکردنی سێکسی ڕەفتارەکانیان پێشێلی هیچ یاسایەك ناکات ٢٩٪ پیاوان و ٣٥٪ ی ژنان لەگەڵ ئەم بۆچونەدان.

یەکێك لە سەرچاوەکانی ( محمود عبد المنعم ) هۆکارەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە شوێنەکانی کارکردندا بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات :

١- پیاوان :

مەسەلەکە پەیوەندیدارە بە فاکتەرەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی پیاوان لە پەیوەندیی و تێڕوانینیان بۆ ژنان بەوەی ژن سەرچاوەی تەنها چێژ وەرگرتنە نەك خاوەن کیان و بیرو هۆش، کە وایان لێدەکات بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکەن وەك لەماڵەوە.

٢- خێزان :

پەیوەندیدارە بەو دابونەریتە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییانەی لە منداڵییەوە دەچێنرێ لە ناخ و دەروون و هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنیان بۆ یەکتری و درێژەدەری ناوەندەکانی تری

پەروەردەکردن دەبێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر قۆناغ بە قۆناغی ژیانیان بەدەردەکەوێت وەك ئەوەی دوو دونیای نامۆ و جیاواز لەیەکتری کۆیان بکاتەوە، جگە لەوەی پەروەردەی خێزانەکان بەشێوەیەکە کە بە فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی هەڵناسێت بە چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ژنان یان پێچەوانەکەی واتە چۆنێتی مامەڵەکردنی ژنان لەگەڵ پیاواندا.

٣- ڕۆشنبیری کۆمەڵگە :

بەداخەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی بڕواکردن بە ژنان لە قەیراندایە، بەردەوام کۆمەڵگە هەڵەکاری دەخاتە ئەستۆیان و لۆمەیان دەکات، وە بەشێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە گوناهبار و تاوانبارن بەوەی ڕەوشت ورەفتاری خۆیانە دەبێتە پاڵنەر بۆ دەستدرێژیکردنیان، جگە لە هەڵویست وەرگرتنی زۆرێك لە ژنان بۆ بێدەنگبوون لە ئاست ئەو کێشەلانەی ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، لە ترسی ئەوەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە نەفرەت لێکراو نەبێت.

٤- ڕاگەیاندن :

بەگشتی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا ڕاگەیاندن بە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت بۆ بڵاوبونەوەی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان یان بە منداڵان، کە بەشێوەیەکی کاریگەر جەستەی ژن ئیستغلال دەکرێت بۆ قێزەونکردنی.

٥- خودی ژنان :

هەندێجار خودی ژنانیش ڕۆڵیان هەیە لەو مەسەلەیەدا، بەشێوەیەك بەهۆی سەرنجڕاکێشی و دانەپۆشینی جلوبەرگێوە یاخود

بەهۆی شێوازی قسەکردنێوە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ڕودانی ئەو دیاردەیە کە بوار و دەروازە بۆ دەروونە خاوەن نزمەکان والا دەکات بەوەی بەردەوام بێت. یان بەداخەوە بەفعلی هەندێ ژن جەستەی خۆی بەشێوازی جیاجیا ئیستغلال دەکات بەوەی کەسی بەرامبەر هان بدات دەستدرێژیی پێ بکات.

٦- هەندێ جار هۆکاری دەستدرێژیکردن لە شوێنەکانی کارکردندا دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە ئیرەیی بەرامبەر بە کەسێك کە لەوانی دیکەدا بەدیناکرێت، ئیدی ئەو لایەنە ( جوانی، لاوێتی، دەوڵەمەندی و جیاوازی بێت لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتدا یان دەشێت سەرچاوەی دەستدرێژیکردنەکان لە نێوان برادەرانی شوێنی کاردا بگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ئاژاوە شەخسیی و تایبەتییەکان کە پەیوەندیدار بێت بە مێژوو یان قۆناغێکی دیاریکراوی ژیانیانەوە یاخود دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی نێوانیان لەو کاتەی یەکێکیان دەیەوێت لەسەر حساب و کەسایەتی ئەویدی بەهایەك بۆخۆی دابنێ.

لەکاتی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی هۆکارەکان و پێشنیارکردنی چارەسەرکاندا هەندێ هەڵەکاری یان بەهەڵداچوون هەیە لە لایەن هەندێ کەسانەوە کە دەشێت ئاماژەی پێبدرێت لەوانە:

**هەڵەکاری یەکەم :**

هەندێ کەس جەخت لە بوونی ئەو ڕۆشنبیرییە دەکەنەوە کە جیاکاری و جیاکردنەوە دەخاتە نێو ڕەگەزەکانەوە لە دونیا ڕۆژهەلاتی و ئیسلامییەکاندا و بچوك و گەورەی لەسەر پەروەردە دەکرێت، جگە لە بوونی بەربەستەکان لە نێوان ڕەگەزەکاندا کە وا لە

کۆمەڵگەکەمان دەکات ببێتە شانۆیەك بۆ ئەو دیاردە ناشرین و خراپانە !! بوون و هێنانە کایەوەی پرسیارێك بەسە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هەڵەکارییەی بۆچی ئەو کردەوە و ڕەفتارە نابرووبەرانە بە ڕێژەیەکی زۆر بوونی هەیە ؟ هەروەك زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکانی ئەنجامدراون لە کۆمەڵگە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکانی کە تێکەڵبوون هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بێ بوونی هیچ بەربەست یان جیاکارییەك لە گشت قۆناغەکانی تەمەنیان و هەموو بوارەکانی ژیاندا.

هەستکردن بە زیان وزەرەری تێکەڵبوونی کچان و کوڕان لە ژیانی خوێندن و کارکردندا مەسەلەیەکە شەونخونی بۆزۆرێك لەو کەسە بەتوانایانەی وڵاتان دروست کردووە کە لە ژیانی سەربەستی و ئازادیدا ژیان بەسەر دەبەن.

**هەڵەکاری دووەم :**

لەو قسەکردن و دەربڕینانەدا خۆی دەبینییەوە کە تایبەتە بە نزمی ئاستی ڕۆشنبیری یان هۆشمەندی پیاوان بە تایبەت و خودی ژنانیش لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی وئیسلامییەکاندا لەسەر ئەو ئاستە شارستانییەی مرۆڤ تیایدا دەژی ژن بێت یان پیاو لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، ئەوەیە دەبێتە هۆی دەرهاویشتەی ئەم جۆرە چەوساندنەوانە لە مافی ژندا !!

**هەڵەکاری سێیەم :**

ئەوانەن هۆکاری دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان دەگەڕێننەوە بۆ جلوبەرگ یان بە واتایەکی دیکە بە نەپۆشینی ژنان

له جلوبەرگدا یاخود بالا نەپۆشی ژنان و تیکەڵبونیان بەو پیاوانەی کە هیچ شتێك دەربارەی ژیانی ژنان نازانن تەنها لایەنی جەستە و چێژ نەبێت، جگە لەوەی تێڕوانینێکی ڕەش و ڕەشبینیان هەیە بۆ گشت کار و بیرێکی نوێ.... ئەمە لە کاتێکدا لە دەرئەنجامی گشت ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتە جۆربەجۆرەکاندا ئەنجامدراون دەریانخستووە مەرج نییە ئەوانەی ڕوبەڕووی دەستدرێژیکردن دەبنەوە ئەو کەسە سەربەستانە بن کە دەچنە دەرەوەی ماڵ و قژیان بەدەرەوەیە یان زیادەڕۆییان کردووە لە مکیاج و جلوبەرگیاندا، چونکە زۆرێك لە ژنانی تەمەن پەنجا ساڵەکانیش دووچاری دەستدرێژیکردن بونەتەوە بەدەر لەو کچانەی پەچە و ڕوپۆش یان جلوبەرگیان پۆشیوە بوونەتە قوربانی ئەو دیاردەیە، بە واتایەکی دیکە جیاوازی نییە لە نێوان ئەوانەی قژیان داپۆشیوە یان بەدەرەوەیە، یان ئەوانەی شوفێر لێدەخوڕن یاخود پیادەن یاخود بە هاتوچۆی گشتیدا تێدەپەڕن، جگە لەو ڕاستییەی هیچ بەربەست و ڕێگرییەك نییە لەبەردەم ئەو کەسانەی دەستدرێژی بە ژنان دەکەن. نە لە ڕووی: تەمەن یان پێگەی کۆمەلایەتی یاخود بار و ئاستی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی قوربانیانەوە.

## لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی لەمەڕ ئەم مەسەلەیە ئەنجامدراون:

ڕودانی ئەم دیاردەیە ئەگەرچی لە سەرتاسەری کۆمەڵگەکانی دونیادا بوونی هەیە، بەڵام بێگومان بەهۆی هۆکار گەلێکەوە کە پێشتر ئاماژەی پێکراوە بوونی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا لە ئاستێکی جیاواز و زیاتردایە، جگە لەوەی قسەکردن لە ئاست دەرخستنی ڕاستییەکان وبەگیرهێنانی تاوانباران و سزادانیان لە ئاستێکی بێدەنگبوون و شاردنەوەدایە کە بێگومان ئەوەش گرێدراوی کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکاری جۆربەجۆرە.تایبەتمەندی ئەو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیانەشە وایکردووە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە مەڕ ئەم دیاردەیە لە ئاستێکی زۆر کەمدا بێت بە تایبەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بەهۆی کارنەکردنی دامودەزگاکان لە شێوەی دامەزراوەییدا، سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتە سەرەکییەکانی وەك دادوەریی، دەسەڵاتدانان و جیبەجێکردن، نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ، بەهەند وەرنەگرتنی مەسەلەی ژنان وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵگە ومرۆیی و چارەنوسساز بە پێشکەوتن و پەرەپێدان و گەشەکردنی کۆمەڵگە و تێڕوانینی دواکەوتووانەی زۆرێك لە تاکەکان وهەژاریی ونەخوێندواری و سەربەخۆنەبوونی زۆرێك لە ژنان لە ڕووی داراییی و ئابورییەوە و بوونی ئەقڵیەتی نێرسالاری و بالادەستی پیاو و تەماشانەکردنی ژن وەك مرۆڤێکی کامڵ و ژیر و لاوازی هۆشمەندی تاکەکان بەشێوەیەکی گشتی چەندین هۆکاری دیکە ڕێگر و بەربەستن لە ئاست بوێری

باسـکردنی ئـەو مەسـەلەیە بەشـێوەیەکی ڕوون و شـەفافانە و بەرجەستەبوونی ئـەم کێشەیە لـە ڕووی ئامار و داتـاوە تـا بتوانرێت بەشـێوەیەکی زانسـتیانە و بەدواداچـوونەوە هـەوڵی کەمکردنـەوەی بدرێت. لەم ڕوانگەیەوە بە پێویستم زانی بە مەبەستی تێگەیشتن و زانیاری زیاتر لەم کێشەیە هەندێك لەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی لە زۆرێك لە وڵاتە عەرەبی و ڕۆژئاواییەکاندا لـەم بارەیە ئەنجامدراون بخرێتە ڕوو لەوانە :

١- لێکۆڵینەوەیەك کە لە میسردا ئەنجامدراوە لـە لایـەن توێـژەر ( هبە عبد العزیز )، نموونەی توێژینەوەکە ١٠٠ کچ و ژنی گرتبـووە خۆ بە هەمەجۆری لە ڕووی تەمەن و ئاستی کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری، لـە دەرئەنجامـدا دەرکـەوت ئەوانـەی دووچـاری شـێوازەکانی دەسـتدرێژیکردن دەبنـەوە گەیـشتۆتە ٨٩٪ لـە نێوەنـدی ژنـانی کارکردوودا، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە ڕوو لە کەمیی دەکات بۆ ٧٢٪ ی خوێندکارەکانی زانکۆ و قۆناغە ئامادەییەکان، جگـە لـە٨٠ ٪ ی ژنـان کـە لـە لایـەن خـزم وکەسـەکارەکانیانەوە ڕووبەڕووی دەسـتدرێژی بونەتەوە . لەو توێژینەوەیەدا هاتووە دەسـتدرێژیکردنی زارەکیـی لـە ڕێی دەستدرێژیکردنی بریندارەوە بە پلەی یەکەم دێت لەشـەقامەکاندا کـە پیاهەڵدانـە یـان چـاوبازییە بـە جەسـتەی مێینـە، لـە کاتێکـدا دەسـتبۆبردن و تێکـەڵی و تێهەڵـسوون بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە ئامرازەکانی هاتوچۆ و گواستنەوەی گشتیدا، بـەلام لـە نوسینگەکانی کارکردنـدا لێکۆڵینەوەکـە دەریخـست بـەربلاوترین شـێوەکانی دەستدرێژیکردن، بانگهێشتکردنی ژنانە بەشێوەیەکی بـەردەوام بۆ

چوونە دەرەوەی نانخواردن بێت یان سینەما، بەدەر لە ڕەتکردنەوەی چەندجارەی ژنەکە، بە واتایەکی دیکە بەشێوەیەک ئەو بانگێشتکردنە دوور بێت لە ئیرادە و ویست و گوێبیستی ژنەکەوە.جگە لەوەی مەترسییە ڕاستەقینەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریخستووە ئەو هەڵوێستە خراپەی کە قوربانیان دەیخەنە ڕوو لە پاش ڕووبەڕووبونەوەیان بەو مەسەلەیە، بەشێوەیەک دەرکەوتووە لە نێوان هەر (١٠٠) ژنێکدا کە دووچاری دەستدرێژیکردن دەبێتەوە تەنها یەک ژنیان بەرەو بنکەکانی پۆلیس دەڕوات بۆ تۆمارکردنی سکاڵا و شکاتکردن، ئیدی باسکردنیان دابەش دەبێت لە نێوان باوک و مێرد و برا گەورەکانیان بە ڕێژەی ٥٠٪ دا و ٦٠٪ یش باس لە ڕوودانی ئەو حاڵەتە دەکەن بۆ برادەر و هاوڕێکانیان وەک جۆرێک لەدەردەدڵ و خۆبەتاڵکردنەوە.هەروەها توێژەر ( هبه عبد العزیز) ئاماژە بەوە دەکات ئەو هەڵوێستەی ژنان ڕەنگدانەوەی بێمتمانەیی و بێباوەڕیی قوربانیانە بە توانای سستمی دادگایی یان ئەو یاسایەی ناتوانێت بیانپارێزێ، وێڕای ئەوەی ٨٢٪ ی ئەوانە پێیان وایە چوونیان بۆبنکەکانی پۆلیس وکردنەوەی کۆنووس لەو بارەیەوە جۆرێکە لە ئابڕوچوون و حەیاچوون، جگە لەوەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری ناچاری و بەگیرهێنان دەبنەوە کە کۆتاییەکەیشی بەهۆی کەمیی یان نەبوونی بەڵگەی پێویست بێ ئەنجام و بێسوود دەبێت !! بەڵام هۆکاری سەرەکیی بۆ ئاگادارنەکردنەوەی مێرد یان باوک یاخود برای گەورە یان ئەوەی ناودەبرێت بە بەخێوکەر و سەرگەورە ٧٩٪ ی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕوایەی ئەو لایەنە وەک خۆی لە

ھەڵویستەکە ناگـات و دەسپێشکەریش بـەوە دەکـات کـە تـاوانی قوربانییەکە دەکات بەوەی خۆی بەرپرسیارە لـەو ڕوداوە، بەوەش کاردانەوەکەی بەشێوەیەکی خراپ دەکەوێتەوە بۆ ژنەکە کە ڕێگری چـوونە دەرەوە و دەوام و شـوێنی کـاری لێـدەکات یـان داوای لێدەکرێت مۆڵەت وەربگرێت ! ئـەو جیاکارییـەی توێژەرەوەکـە پێـی گەیشتووە پێواری گشت شێوازەکانی بەربەستێکە لـە لایـەن ئـەو کەسەی دەستدرێژەکە دەکات کە وا پێشبینیش دەکرێت ئەوەی قژی بـەدەرەوە بێـت یـان جلوبـەرگێکی کـارتێکراو بپۆشـێ زۆرتـرین دەسـتدرێژی پێـدەکرێت، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە تـاوانی دەسـتدرێژیکردن قوربانییـەکانی بـەدەر نییـە لەوانـەی کـە خۆیـان پۆشیوە و مۆدە نین، بە مانایەکی دیکە جگە لەوەی بوون و وجودی برای بچووك یان دایك لەگەڵ قوربانییەکەدا نابێتە هۆی ئەنجامنـەدانی ئەو ڕوداوە لە لایەن کەسی مەبەستدارەوە چ لە شەقامەکان بێت یان لـە شوێنە جۆربـەجۆرەکانی تـر !! هـەروەها توێـژەر باسـی لـەوە کردووە گرفتی یەکەم لەبەردەم ئەو کەسانەی دەیانـەوێت ئـەو جۆرە فایلانـە بکەنـەوە نـەبوونی پێناسـەیەکی ڕاپەڕانـدنی( اجرائـی) دیاریکراوە بۆ چەمکی دەستدرێژیکردن بـە ژنـان بـە گشتی و ژنانی کـارکردوو بـە تایبـەتی. لـە بەشـێکی دیکـەی دەرئەنجامـەکانی لێکۆڵینەوەکە باس لەوە دەکرێت کە ئەوە دەستدرێژیە وا دەکـات بە گشتی لە ڕووی تەمەنەوە گـەورەتربێت لـە قوربانییەکـە، وە تەمـەنی لە نێوان ٣٥-٥٥ ساڵدایە و ژیانی هاوسەرگیری هەیە، جگە لـەوەی پەیوەندی کاری بە قوربانییەکەوە هەیە کە لە ٦ مانگ کـەمتر نییـە و

پێشتریش پیادەی دەستدرێژیی کردووە، بەڵام گەر بەرپرس بوو بێت ئەوا کرداری دەستدرێژیکردنەکە زۆر توندو دیاریکراو دەبێت کە خۆی لە ( لاقەکردن، یان هێرشکردندا دەبینێتەوە ) نەک تەنها لە هێما و توانج و ئاماژەی جنسیدا، جگە لەوەی پێشتر ڕێخۆشکردنەکەی بەشێوەیەک دەبێت کە باس لە بارودۆخی ژیانی تایبەتی و خەمەکانی و کێشەکانی دەکات وە ئەوەی پەیوەندیدارە بە کەسایەتییەوە. سەبارەت بە خەسڵەتەکانی قوربانیش توێژەر ئاماژە بەوە دەکات زۆرجار بە زمانشیرینی و قسەخۆشی وەسف دەکرێت.وە لە ڕێگەی ئامار و داتاکانەوە دەرکەوتووە ڕێژەی دەستدرێژیکردن بە ووشە و دەربڕین ٤٠٪ پێکدەهێنێ و ٢٠٪ یش بە سەیرکردن یان تەماشاکردن بووە کە بەربڵاوترین و زۆرترینیانە، وە ڕێژەی ٣٠٪ وایدەبینن دیاریکردنی شێوە و جۆرێکی دیاریکراو کارێکی قورسە، چونکە گشت شێوازەکان بەهەمان ئاست بەربڵاویان هەیە گەر دەستدرێژیکردن بێت بەدەستبۆردن یان سەیرکردن و ووشە، جگە لەوەی تەنها ١٠٪ ی ڕێژەکە پێیان وا بووە بەربڵاوترینیان دەستبۆبردنە.دواترلە دەرئەنجامی توێژینەوەکەیدا دەرکەوتووە ٤٩٪ ی هۆکارەکانی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێواری ئایین، لە کاتێکدا ٢١٪ بۆ کەبتی سێکسی و ٣٠٪ یش دەیگێڕێتەوە بۆ پێواری چەمکەکانی پیاوەتی و جوامێری.

٢- توێژینەوەیەک کە لە لایەن سەنتەری ژنانی میسرەوە ئەنجامدرا و سێ پارێزگای وڵاتی میسری گرتەوە ( قاهیرە، جیزە، قلیوبیە ) وە نموونەی توێژینەوەکە (٢٠٢٠)کەسی لە کچان و کوڕان

گرتەوە، جگە لە (١٠٩) کەسیش لەخەڵکانی بێگانە، دەرئەنجامەکان ئاماژەیان بە بەرزبونەوەی ڕێژەی نموونەی توێژینەوەکە کرد بە ڕێژەی ٨٣٪، ٩٨ ٪. جگە لەوەی ژنانی میسر ڕوبەڕووی زوربەی شێوەکانی دەستدرێژیکردن بونەتەوە هەر لە فیکەلێدان و دەستدرێژی و قسەکردن کە ٦٧,٩٪ پێکهێناوە تا تێپەڕبوون بە سەیرکردنی ووردی جەستەیان بە ڕێژەی ٤٦,٦٪، پاشان دەستبۆبردن بۆ جەستە کە ٤٠,٠٪ و قسەکردن بە ئاخاوتنی هێماکردن بۆ جەستە ٣٠,٢٪ بەدەر لە شوێنکەوتن یان ڕاوەدونان و بەدواچوون بە تەلەفۆن ٢٢,٨٪ تا گەیشتن بۆ زانینی هەندێ لە ئەندامانی جەستە کە ڕێژەی ١٠,٩٪ پێکدەهێنێ. جگە لەوەی جەختی لە شێوەکانی ئەو دەستدرێژیکردنانە کردەوە کە دووچاری بێگانەکان بۆوە بەوەی ٩٣,٦٪ لەوانە ڕوبەڕووی سەیرکردنی جەستەیی ووردی خراپ بونەتەوە، ٩٠,٨٪ روبەڕووی فیکەلێدان و دەستدرێژی بونەتەوە بەدەر لەوەی جەختی کردەوە کە ٨٤,٤٪ دووچاری قسەکردن بە ئاخاوتنی مانابەخش بە جنس بونەتەوە، ٧٠,٦٪ لەوانە تووشی دەستبۆبردنی جەستە بونەتەوە، ٦٦,١٪ ڕاوەدونان و شوێنکەوتن، ٤٥,٠٥٪ بڕیاردان لە بانگهێشتکردنیان بۆ نانخواردن یان خواردنەوە یاخود گەشت بەدەر لە ڕەتکردنەوەی لەسەریەك و بەردەوام، ٤٤,٠٪ دووچاری دەستدرێژی تەلەفۆنی و٣١,٢٪ یش هێماکردن یان دۆزینەوەی هەندێ لە ئەندامانی جەستەی قوربانی، ٢٢,٠٪ یش بە نوکتە یان چیرۆکی جنسی و ٢١,١٪ تانە وتوانج لە جەستە. هەروەها توێژینەوەکە جەختی لەوە کردەوە زوربەی

شوێنەکانی ئەو ڕوداوەی لێکەوتۆتەوە لە شەقامەکان بوون بە ڕێژەی ٦٩٪ پاشان گەیاندن یان هاتوچۆ گشتییەکان ٤٩,١٪ پاشان شوێنە گشتییەکانی وەک باخچە و یانەکان بە ڕێژەی ٤٢,٤٪ وە شوێنەکانی فێرکردن بە ڕێژەی ٢٩,٠٪ جگە لە کەنارەکانی ئاو کە ڕێژەی ١٩,٨٪ ی پێکهێناوە و شوێنەکانی کارکردنیش بە ڕێژەی٦، ٢٪.

٣- کۆمەڵێك توێژەری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی توێژینەوەیەکیان لەسەر ژنان ئەنجامدا بۆ زانینی ئەو دەستدرێژیکردنە سێکسییانەی لە لایەن پیاوانی برادەریانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، دەرئەنجام ٤٨٪ لەوانە دووچاری قسەووتن و نوکتە و لۆمەی جنسی بونەتەوە و ١٢٪ پێیان ووتراوە پەیوەندی جنسیان لە گەڵدا بکرێت بەرامبەر بە بەرژەوەندییەکان، لە کاتێکدا ٢٦٪ ی ڕووبەڕووی دەستبۆبردن و باوەش و ماچ بونەتەوە لە شوێنەکانی کارکردنیاندا، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم لە ژنان هەن کە دووچاری دەستدرێژیی سێکسی بینەوە لە شوێنە گشتییەکاندا.

٤- توێژینەوەیەك کە لە لایەن ( د.گریف شوقی، مامۆستای زانستە دەروونیەکان لە زانکۆی قاهیرە و د.عادل محمد هریدی مامۆستای زانستە دەرونییەکان یاریدەدەر لە زانکۆی منوفیە ) ئەنجامیانداوە و بە یەکەمین لێکۆڵینەوە دادەنرێت لە میسردا کە بەشێك لە ژنانی کارکردوو بۆتە نموونەی توێژینەوەکەیان، توێژینەوەکە وەك ئەوە وایە بۆمبێك بتەقێنێ کە بێدەنگبوونێکی زۆر لە ئاستیدا هەبووە ئەوەش دەستدرێژیکردنە بە ژنانی کارکردوو لە ناو

شوێنی کار لە یەکێك لە دەرئەنجامەکاندا دەرکەوتووە لە نێوان هەر ١٠٠ ژنێکدا ٦٨ ڕوبەرووی دەستدرێژیکردن بونەتەوە لە ناو شوێنی کارکردنیاندا زارەکی بوو بێت یان جەستەیی ! جگە لەوەی ئاماژە بەوە دەکەن ٢٧٪ ی قوربانیان ڕەزامەندبوون بەو دەستدرێژیکردنانە، بەلام مەرجیان هەبووە.

نموونەی توێژینەوەکە ١٠٠ ژنی کارکردووی لەخۆ گرتبوو لە دامودەزگا حکومی و کەرتە تایبەتەکانی نیشتەجێی پارێزگای قاهیرەی گەورەن کە تەمەنیان گەیشتۆتە نزیکەی ٣٠ سال و ژمارەی ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە ٦٤٪ بەرامبەر ٣٢٪ کە هێشتا شوویان نەکردووە، جگە لەوەی سالەکانی خزمەت و شارەزاییان لە کارکردندا ١٠ سالە و ٦٧٪ لەوانە ملکەچی پیاوانن کە بەرپرسیانن بەرامبەر بە ٣٢٪ ی ژنانی بەرپرس.. وە سەبارەت بە فێربوون ٤١٪ لەوانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئاستێکی خوێندنی مامناوەندیان هەیە بەرامبەر ٤٧٪ ی زانکۆ لە کاتێکدا ١٠٪ یان خاوەن بڕوانامەی خوێندنی بالان.هەروەها توێژینەوەکە جەختی لە ٦٨٪ ی تاکەکانی نموونەکە کردۆتەوە بەوەی باسیان لەوە کردووە ڕوبەڕووی دەستدرێژیکردن بونەتەوە گەر بە قسەکردن بوو بێت یان بە کردەوە... وە ٤٥٪ ی نموونەی توێژینەوەکە باسیان لە ووردەکاری و درێژەی دەستدرێژیکردنەکان کردەوە و تەنانەت هەندێکیان باسیان لەوەش کرد برادەرەکانیان یان بەرپرسەکانیان تەنها لە ڕووی زارەکییەوە دەستدرێژییان پێکردوون.بەلام لە کاتێکدا پرسیارێك هاتۆتە ئاراوە بەوەی داخۆ هەستی ئەوانەی دووچاری

دەستدرێژیکردنی سێکسی بونەتەوە چۆن بووە ؟ لە وەڵامدا وتوویانە : لە سەرەتاوە هەستمان بەوە نەکردووە تا ئەو ساتەی درکمان بە مەترسییەکەی کرد !! بۆیە لێکۆڵینەوەکە لەو بارەیەوە دەڵێت :هەمیشە سەرەتاکەی بە دڵپیاچوون و حەزلێکردن دەستپێدەکات کە ٦٦٪ ی ڕێژەکە پێکدەهێنێ یان حەزلێکردن بە جوانییەکەیان بە ڕێژەی ٥٤٪ یاخود قسەکردن لەگەڵیاندا سەبارەت خەمە تایبەتمەندییەکانی مێردەکەی بە ٥٥٪ جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە ئەو خەسڵەتانە لە لایەن پیاوانەوە بە دەستپێك و سەرەتای دەستدرێژیکردن دادەنرێت لە کاتێکدا لای ژنان وەك ڕەفتارێکی سروشتی تەماشا دەکرێت وێڕای ئەوەی بێدەنگبوونی ژنان یان پەسەندکردنی ئەو حاڵەتانە وەك نیشانەیەکی هاندەر تەماشا دەکرێت لە لایەن پیاوانەوە بۆ ئەوەی ڕەوو هەنگاوەکانی تری دەستدرێژیکردن هەنگاو بنێن ئەمە بەدەر لەوەی زوربەی ئەو ڕەفتارانەی ژنان بە حاڵەتی دەستدرێژیکردنی دەزانن خۆی لە دەستگرتندا دەبینێتەوە بەشێوەیەکی مەبەستدار بە ڕێژەی ٧٨٪ یان بە گرتنی بەشێك لە جەستەی کە ٧٦٪ ی ڕێژەکە پێکدەهێنێ یاخود سەیرکردنی شوێنە هەستیارەکانی جەستەی بە ڕێژەی ٧٦٪ یان هەوڵدان بۆ ماچکردنی ٧٣٪ یان پیاهەڵدان بە جەستە و لەشی ٧٢٪ یان هەڕەشەکردن و ئیغراکردنی تا وەڵامدانەوەی هەبێت لە رووی سێکسەوە ٧٢٪ وە لە کۆتاییدا پەیمان بەستن ویاسکردن لە نوکتەی سێکسی !! بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هەندێك لە ژنان وایدەبینن گرتنی بەشێك لە جەستەیان بە دەستدرێژیکردن

دانانرێت ٢٤٪ و ٢٢٪ لەوانەش لێبوردن لە ئاست پیاواندا بەوەی تەنها دەستیان گرتوون ئەگەرچی ٢٧٪ ڕەزامەندبوون بەوەی ماچیشیان بکەن لەو ڕوانگەیەی پێیان وابووە دەستدرێژیکردنی سێکسی تەنها خۆی لە پیادەکردنی تەواوی سێکسدا دەبینێتەوە.! هەروەها سەبارەت هەردوو جۆری زارەکی و جەستەیی ئەو کێچەلانەی ڕوبەڕووی ژنان بونەتەوە لە شوێنی کارکردنندا ٦٨٪ ی تاکەکانی نموونەکە دەیاننالاند پێوەی و ٤٦٪ لەوانە بە دەستدرێژیی زارەکیی و ٢٢٪ یان بە دەستدرێژیی جەستەیی و زارەکییەوە .

– لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە لە یەکێك لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری "لها"دا ساڵی ٢٠٠٦ تایبەت بە دەستدرێژیکردنە سێکسییەکانی دژ بە ژنان ئەنجام دراوە و دەرکەوتووە ڕێژەی ئەو ژنانەی سکاڵایان تۆمار کردووە نزیکەی ١٨,٥٪ ی شارەکان دەگرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە لادێکاندا ٨، ٣٪ ڕێژەکە پێکدەهێنێ سەبارەت بە نموونەی لێکۆڵینەوەکە، بەلام سەبارەت سەرچاوەی ئەو دەستدرێژیکردنانەی بەرامبەریان ئەنجامدەدرێت لە لایەن کوڕانی برادەرییانەوە ڕێژەی ٤١٪ پێکدەهێنێ، وەلە لایەن جەماوەرەوە ٣٢، ٨٪ جگە لەو دەستدرێژیکردنانەی بەهۆی جیاکاری دژ بە ژنان ئەنجامدەدرێن کە ٥,٤٪ ی ڕێژەکە پێکدەهێنێ. هەروەها ئەو دەستدرێژیکردنانەی بەهۆی قسەکردن و ووشەی مانابەخشی جنسییەوە ڕوو دەدەن ٢٠٪ ڕێژە و دەستبۆبردن ١٨٪ پێکدەهێنن، بەلام پیاهەڵدان و دەستبازی ٢٠٪ ڕێژەکە دەگرێتەوە وهەموو ئەو شێوازانە هەستی

جۆربەجۆر لە قوربانیاندا بەجێدەهێڵن کە ٢٣٪ ی ئەو حاڵەتانە هەستی شڵەژان و ترس و تێکشکان لە ژناندا دروست دەکات یان هەستکردن بە سوکایەتی و ئارەزووکردن بە تۆڵەسەندنەوەیان تێدا دەچێنێ بە ٤٢٪ .

هەروەها تازەترین راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تایبەتە بە دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە کچان لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیاندا، باس لەوە دەکات کە لایەنی کەم ٦٥٪ی کچان لەسەر ئاستی جیهاندا ڕوبەڕووی جۆرێك لە دەستدرێژی و دەستدرێژیکردنی سێکسی دەبنەوە، لەگەڵ نەبوونی ئاماری وورد لەو بارەیەوە لە وڵاتی مەغریبدا، بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت بەرزبونەوەی بەردەوام و مەترسیدارە لە تاوانەکانی لاقەکردن و دەستدرێژیکردنی سێکسی وە ئەوەی بڵاودەکرێتەوە ١٠٪ ی زیاتری قەبارە ڕاستەقینەکەی تاوانەکان نییە کە دەخرێتە ڕوو، چونکە ڕادەی بەرفراوانی و بڵاوبونەوەی ئەو دیاردەیە وەك چەمكێك بە پێی تێگەیشتن ومافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی بوو.

بەڵام کاتێك گوزەر بەنێو کوردستاندا دەکرێت ئەوە بەدیدەکرێت ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوانەی لەمەڕ ئەم کێشەیە ئەنجام دەدرێن زۆر کەمن ئەوەش گرێدراوی زۆرێك لەو هۆکارانەیە کە پێشتر ئاماژەم بۆکرد بەتایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا. بۆ نموونە (هتاو کریم) وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری پەیمانگای کوردستان بۆ مەسەلە سیاسییەکان لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەکیان ئەنجامدا کە ١٠٠٠ نموونەی لەخۆ

گرتبوو و تەمەنیان لە نێوان( ١٣–٤٩ ) ساڵ بوو لە کۆی سێ پارێزگای هەولێر، سلیمانی و دهۆکدا، ئامانج لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە وەك ئاماژەی پێکراوە زانینی ڕادە و ئاستی توندوتیژییەکانە کە دژ بە ژنان ئەنجامدەدرێت و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانیتی، جگە لە لێکۆڵینەوەی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان لە کاردا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان پاشان لێکۆڵینەوە لەو فاکتەرانەی دەشێت یارمەتیدەر بن بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە .دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە کە بڵاوکرایەوە بەشێوەیەك بوو ژنان لە نێو دامودەزگاکانی حکومەتدا بە ڕێژەی ٣، ٣٠٪ ی ڕووبەڕووی توندوتیژی توند دەبنەوە و ٢٠، ٦٠٪ ی ژنان دووچاری توندوتیژی دەبنەوە وێڕای ئەوەی ٢٣، ٩٠٪ ی ئەو ژنانەی وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیران لە دامەزراوە و فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڵاوکراوەیەکیدا بەر لەو توێژینەوەیە بڵاویکردەوە کە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان ساڵی ٢٠٠٨ لە کەمبونەوەدا بوو بۆ نزیکەی نیوەی ئەو ڕێژەیەی لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧ دا لەگەڵ ڕونکردنەوەی ئەوەی قوربانییەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان کوشتنی ١٢٦ ژن بوو لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢١٨ سکاڵا یش تۆمار کرا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٨ توندوتیژی دژ بە ژنان لەکەمبونەوەدا بوو بۆ ٧٢ حاڵەتی کوشتن وتۆمارکردنی ١٧٥٥ سکاڵا .

ئەوەی لە دەرئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەدا بەدیدەکرێت ئەوەیە کۆی ڕێژەکان قسەکردنە لەسەر کۆی توندوتیژییەکانی ڕووبەڕووی ژنان

دەبێتەوە لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، واتە گشتگیرانەیە نەك دەرخستنی داتاکان بەشێوەیەکی وورد و ڕوون ئەوەش گرفتی سەرەکیی مەسەلەکە دەردەخات بەوەی بەهۆی هەستیاری و بێدەنگی و مەترسیداری ئەو حاڵەتەوە قسەکردن لەسەر دەستدرێژی و دەستدرێژییە سێکسییەکان دژ بە ژنان لەو نێوەندەدا دەخرێتە بازنەی بێدەنگبونەوە و وروژاندن و باسکردنیش لێی نەنگی و قەدەغەیە.

لەو شێوە تازەگەریانەی لە هەندێ کۆمەڵگەدا بەدیدەکرێت لە ژێر ناوی توندوتیژی دەروونی و سێکسیدا بەکارهێنانی هەندێ ئامرازی نوێیە لە لایەن گەنجانەوە وەك وێنەگرتن و بلوتوس و بەکارهێنانی ئەنترنێتە بۆ وێنەگرتن وهەندێ برگەی فیدیۆ بۆ ژنان یان دزینی وێنەکانیان بە ئامانجی سوکایەتی و هەڕەشەکردنیان بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان و تۆمەت خستنە پاڵیان لە کاتی ڕەزامەند نەبوون و وەلامنەدانەوەیان بەوەی لێیان داوا دەکرێت بۆ چوونە دەرەوە و هاورێیەتیکردن و پەیوەندیکردن لە گەڵیاندا و تەنانەت ئەنجامدانی سێکس کە ئەوەش مەترسی و هەڕەشە بۆ ژیانی قوربانی دەخاتەوە و ناچاری دەکات لە ترسی ئابڕوچوون و ناوزڕاندن و لەکەدارکردن و عەیبە، جگە لە باوەڕنەبوون و متمانەی بە بوونی ئەو کەسانەی هاوکاری و یارمەتیدەری بن لە کێشەکەی بەرگری بۆ نەکرێت وبچێتە ژێر ڕکێف و بواری داواکاریی و داخوازییەکانی کەسی دەستدرێژیکەرەوە.

– له توێژینەوەیەکی زانستی مەیدانیدا کە لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێردا ساڵی ۲۰۰٦ ئەنجامدرا تایبەت بە ڕادە و جۆری ئەو توندوتیژیانەی ڕووبەڕووی ژنانی فەرمانبەردەبێتەوە لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە لایەن بەندەوە. دەرکەوت دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لە نێو فەرمانگەکاندا بە پلەی دووەمی توندوتیژییەکان دێت پاش توندوتیژی دەروونیی بە ڕێژەی ۲۱،۹٪ لە شاری هەولێر و ۱۷،۷٪ لە شاری سلێمانی. بە واتای ۱۹،۷٪ بە ڕێژە گشتییەکەی. ئەو ڕێژە بەرچاوە ئەوە دەردەخات ژنان لە ژێر فشارێکی زۆری دەروونیدا کار دەکەن و مامەڵەکردن لە گەڵیاندا تەنها لە جەستەدا کورت کراوەتەوە و بگرە ئەوەندەی وەك مێینەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت وەك مرۆڤ یان فەرمانبەرێکی کارا و خاوەن توانا حسابیان بۆ ناکرێت.

زۆرجار ئەو دەستدرێژیکردنانە لە ڕێی هێڵی گەرمەوە واتە تەلەفۆن ( خط الساخن ) ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە دەرئەنجامی شیکارکردنی ٤٠ حاڵەتی سکاڵا تایبەت بە دەستدرێژیکردن لە کۆی ٥١١ سکاڵای دەستدرێژیکردنی سێکسی، بە ڕێژەی ۰،۸۹٪ لە ژمارەی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی لە ڕێی هێڵی گەرمەوە هەبوون لە ماوەی نێوان دوو ساڵی ۱۹۹۲ و ۲۰۰۱ دەرکەوت کە :

۱–گشت ئەنجامدەرانی ئەو دیاردەیە پیاون و ۹۰٪ لەوانە لە تەمەنی سییەکاندان، وە زوریەیان ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە و ٦۷٪ لە پۆستە باڵاکان یان سەرکردایەتیدا کاردەکەن.

٢- ٧٧٪ی ئەوانەی دووچاری دەستدرێژی بونەتەوە تەمەنیان ٢٢ - ٢٥ ساڵە، وە زوربەیان لە کاری نوسینگەیی یان تەکنیکیدا کار دەکەن.

٣- زوربەی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردن لە شوێنەکانی کارکردندا ڕویدا، لە کاتێکدا کەمێکیان لە شوێنە گشتییەکان و ماڵدا بوو.

٤- ٢٥٪ ی ڕەفتارەکان لە دەستبۆبردن و بەریەککەوتنی مەبەستداردا خۆی دەبینێتەوە لەوانە نوکتەی جنسی، فریودان یان خەڵەتاندن بە قسەکردن و پاشان داواکردنی پەیوەندی جنسی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هێڵی گەرم ئەم وەڵامانەی بەدەستهێنا، لە کۆی ٨٢٧٩ تاکدا کە ٧٧٪ ژن و ٢١٪ پیاوان ڕوبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بونەتەوە، ٧٤٪ ژن و ٤٧٪ پیاو داوای تەمەنی یاساییان کردووە بۆ ڕێگرتن لە دەستدرێژی سێکسی، ئەمە وێڕای باسکردن لە هەڵوێستی قوربانیان کاتێك ڕوبەڕووی دەستدرێژیکردن بونەتەوە کە خۆی لە سێ هەڵبژاردەدا دەبینێتەوە :

١- بێدەنگبوون ( ٥٤٪ پیاوان و ٥٤٪ )ژنان ٢- چارەسەری نێوانیان بەشێوەیەمی نهێنی ( ١٢٪ پیاوان و ٧٪ ژنان ) ٣- هەڵگەڕانەوە یان بەرهەڵستیکردن یاخود ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان . بەدەر لە هێڵی تەلەفۆنی یان مۆبایل کە یەکێکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئەنتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکانیش کاریگەریان زۆرە لەمەڕ بڵاوبونەوە و تەشەنەسەندنی ئەم دیاردەیە، بۆ نموونە میسر و ناوچە عەرەبییەکان زیاد لە ١٨٦٦ کەناڵی ئاسمانی کراوە هەیە و بینینی فیلمە ڕووت و غەریزە جنسییەکانیش

تـەنها لـە کەناڵـە ئەورووپییـەکانی کـە لـە (هـۆتبێرد )دایـە کـورت نەکراوەتەوە، بەڵکوکەناڵە گۆرانییەکانی کە لە شێوەی (فیدیۆ کلیب) یشدا دەبینرێت بەدەر لەو کەناڵانەی کە لـە شێوەی ریکلامـدا مامەڵـە بـە کـرین و فرۆشتنی جەستەی ژنانـەوە دەکـەن، بـەڵام دەربارەی ئەنتەرنێت کە بێ هیچ سانسۆر و چاودێرییەکە (د. عـاتف عبـد ) کـە مامۆستایە لە کولێجی ڕاگەیاندن و بەرپرسی سـەنتەری ڕای گـشتییە لـــە زانکـــۆی قـــاهیرەدا پێـــی وایـــە ڕاگەیانـــدن بەشـــی زۆری بەرپرسیارییەتەکەی دەکەوێتـە ئەستۆ و بـە یـەکێك لـە جوڵێنـەرە سەرەکیی و گرنگـەکانی غـەریزەی دەزانێـت بـە ئاماژەکردن بـەوەی مەترسـیدارترین ئامرازەکـانی پەیوەنـدیکردن کـە یارمەتیـدەرە بـە وروژاندنی غەریزەکان لە ڕووی تەکنەلۆجیارە ئامێری مۆبایلـە کـە لـە ڕێگەی بلوتوت و تەکنیکی ترەوە بەکاردەهێنرێت. هەروەها زیاد لـە نیوەی کچان لە سوید کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ و ١٨ ساڵدایە لە ڕێـی ئەنتەرنێتە،ە ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە بە دوور لە لە ئیرادە و ویستی خۆیان، هەروەك لە لاپەڕەی ( سفینـسکا داجبلات ) کە لە ستۆکهۆڵم دەردەچێت دەرئـەنجامی ڕوپێـوێکی سـاڵانە کـە لـە لایەن " یوزت بارومتر " بەڕێوەچوو و لـەم ساڵەدا ١٢ هـەزار گـەنجی گرتـەوە و تـەمـەنیان لـە نێـوان ١٥ و ٢٤ سـاڵدا لـە ڕوپێوەکـەدا ئـەوە ڕوون بۆوە کە ٦٢٪ لەو کچانەی تـەمەنیان لـە نێـوان ١٥و ١٨ سـاڵدایە پەیوەنـدی کـردن لـە ڕێـی ئەنتەرنێتـەوە وەردەگـرن لـەو کەسـانەی دەیانەوێت گفتوگۆی مەسەلە جنسییەکان بکەن لەگەڵیاندا یان داوای وێنـەیان لێدەکـەن ئەگەرچـی ئـەوە ئارەزومەندانـە نـەبێت لای ئـەو

کچانە.لە لایەکی ترەوە ( ئاسا لاندبرج ) شارەزای زانستی دەروونی لە لقی سویدی ڕێکخراوی " انقزوا الاطفال" کە بە واتای منداڵەکان ڕزگار بکەن " دێت بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دەشێت لەیەك کاتدا پەیوەندی بە سەدان و هەزاران منداڵەوە بکرێت، جگە لەوەی باس لەوە دەکات وەزارەتی داد پرۆژە یاسایەك ئامادە دەکات بۆ ئەوانەی لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە دەستدرێژی بە منداڵان و ئەوانی ترەوە دەکەن و بەم زووانە چاوەڕوانە دەرچێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا بەهۆی بەجیهانیبوون وکردنەوەی ڕووی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بە شێوازێکی زۆر بەپەلە و بوونی کۆمەڵێ هۆکاری جۆربەجۆر لە ڕووی کولتووری و دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان لە لایەك و لە لایەکی دیکەش بەهۆی مانەوەی کولتوری سستمی بەعس لە نێو هزری زۆرێك لە تاکەکانی کۆمەڵدا و سەرهەڵدانی زۆرێك لە چەمکەکانی کە جیهانگیری هێنایە ئاراوە وەك " جێندەر، دیموکراسی، ئازادی - مافی مرۆڤ و یەکسانیی و........هتد هەموو ئەوانە وایانکردووە هەنگاو قۆناغەکان بەشێوەیەکی سروشتی نەیەنە بوون بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت تێگەیشتن لە خودی هەریەك لەو چەمکانە بە مانا و لێکدانەوەی جیاوازدا تێدەگوزەرێ هەر ئەو هۆکارانەشە وایکردووە سەرجەم ئەو ئامێرانەی تەکنەلۆجیا و جیهانگیری هێناوێتییە کایەوە بەکارهێنانی شێوازی هەڵەی لێبکەوێتەوە و ئاسەواری خراپیش بەرهەم بهێنێ کە موبایل و ئەنتەرنێت یەکێکن لەو ئامێرانە و ئەوەندەی بونەتە مایەی ئازاردان و مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی مرۆڤەکان بەگشتی و ژنان بە تایبەتی تا ئاست و ڕادەی کوشتنی

مرۆڤەکان، بەداخەوە ئەوەندە لە خزمەتی مرۆڤەکان و کارئاسانی و بەڕێوەبردنی کارەکانی ڕۆژانە و ژیاندا خۆی نەبینیوەتەوە. ئەوەش تا ئیمرۆ بۆتە نەرفتێکی گەورەی تاکەکان چ لە نێو خێزانەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری چ لە دەرەوەی خێزانەکاندا.

زۆرێك لەو توێژینەوانەی ئەنجامدراون تایبەتە بە شوێنی کار یان لە ڕێی هێڵی تەلەفۆنەوە ڕوو دەدەن، ئەگەرچی لایەنێکی دیکەش هەیە بەوەی زۆرێك لە ژنان بە شێواز و ڕێگای جۆربەجۆر دەکەونە ژێر فشاری جیاوازەوە و دەستدرێژییان پێ دەکرێت، ئەوەش ئەو ساتانەیە کە بێکاری و مانەوەیان لە ماڵ بێزاری و نائومێدیان پێ دەبەخشێ و وێڵ دەبن بە دوای کارێکی دیاریکراودا تا بژێوی ژیانیان دابین بکەن یان ئامانج لێی سەلماندنی بوونی خۆیان بێت یاخود هەر هۆکارێکی تر.چونکە زوربەیان بە ڕێگری و بەربەستی زۆردا تێدەپەڕن تا وەزیفە یان کارێکی شیاو وگونجاو دەدۆزنەوە و جێگیر دەبن تیایدا، هەندێك لەو ڕێگریانە ڕۆشنبیرین و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گۆڕان بەخۆوە دەبینێ، هەندێکی دیکەی پەیوەندیدارن بە بارودۆخی خێزانەکانەوە و هەندێکی دیکەشیان پەیوەندیان بە سستم و یاسا پەیڕەوکراوەکانەوە هەیە کە بەهۆی هۆکارگەلێکەوە گرفت دەخرێتە نێو کارەکانێوە بە تایبەت لەو کاتەی واسیتە و میزاجیەت و فەرامۆشی زۆرێك لە کەسەکانی لە وەزیفەدان دەبێتە بەربەست بۆ چوونە پێشەوە و بەڕێکردنی کارەکان.

بەرونی گشت ئەو گرفتانە لەکەمبونەوەدا دەبێت کاتێك کار و دامەزراوەکان بە سستم ڕێکخرا بن یان ڕوبەڕووی بەڕێوەبەرێك

ببینەوە کە مرۆڤێکی ژیر و تێگەیشتوو و سەنگین بێت نەك مرۆڤێکی پاوانکراو کە ئیستغلالی وەزیفەکەی بکات و خاوەن گرێیەکی دەروونی یان ئەخلاقی بێت.لەو کاتانەدا رێگە و شێوازەکانی دەستدرێژیکردن هەمەجۆری بەخۆوە دەبینێ هەر لە سەیرکردنی بەدڕەوشتی و داوێنپیسییەوە تا ووشەی غەزەلی و توانج لەسەر جەستە و هەوڵدان بۆ نزیکبونەوە لێی ئەوەش شێوازی جیاجیا لەخۆ دەگرێت کە هەندێ جار بەهۆی لاوازی لە بەڕێوەبردنی خۆی و کەسایەتی ژنەکەوە دەشێت شێوازێکی دیکە لەخۆ بگرێت وەك هەوڵدان بۆ دەستدرێژکردنە سەر جەستە بە دەستبۆبردن یان بەهەر شێوەیەکی دیکە. لەو ڕوانگەیەوە دەتوانرێت بوترێت شێوەکانی دەستدرێژیکردن بە ژنان هەمەڕەنگ و هەمەجۆرن لەوانە :کاتێك فەرمانبەرێکی دیاریکراو ژمارەی تەلەفۆنی کەسێك لەسەر فایلەکەی دەبینێ کە داوای وەزیفەی کردووە ئیدی ئەوە دەکاتە وەسیلەیەکی چەندجارەی پەیوەندیکردن پێوەی بە پاساوی جیاواز بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکات و بیدوێنێ و تەنانەت بە شێوەیەك تێبگەیەنێ کە تەنها ئەوە دەتوانێت یارمەتیدەری بێت بۆ بەدواداچوونی کارەکەی و جێگیرکردنی لە کارێکی دیاریکراودا کە مەبەستی بێت ئیدی ئەوە دەکاتە هۆکارێك بۆ داواکردنی بینین و چاوپێکەوتنی یان هەندێ ڕەفتاری دیکە یان هەندێ جار بەهۆی هاتنی ژنەکە و قسەکردن و پەیوەندیکردن پێوەی کارەکانی بێ هیچ هۆیەك دوادەخات و دەیکاتە دەروازەیەك بۆ تێگەیاندنی لەوەی لە یەکەم ساتەکانی بینینێوە هەستی جولاوە و خۆشی دەوێت وزۆر قسەی دیکە کە هەندێ جار

کەسـی بەرامبـەر دەخاتـە ژێـر رکێفـی حـەز و ئـارەزوو و داواکارییـەکانیەوە.هەنـدێ جـاری دیکـە دەشـێت شـێوەکانی دەستدرێژیکردنەکە ناڕوون و نائاشکرا بێت لە دەستەواژەیەک یان ڕستەیەکدا خۆی ببینێتەوە بە شێوەیەک فەرمانبەرەکە نیاز و نییەت باشی خۆی نیشانی ژنەکە دەدات، بۆ نموونە وەک ئەوەی ستایش یان بە شێوە و دەنگ و کەسایەتیدا هەڵدەدات یان هاوشێوەی ئەوەی پێی دەڵێت کە شانازی بە یارمەتیدانی هاوشێوەکانی دەکات یاخود هەست بە شادمانی و ئاسوودەیی دەکات بەوەی چارەنووس و قەدەر ئەم سات و دەرفەتـەی ناسینی بـۆ رەخساندووە.دەشێت جۆری دامودەزگا و دامەزراوەکانی کارکردن گێل یان نەزان بێت لە ئاست ڕووبەڕووبونـەوەی دیاردەکـەدا بەشـێوەیەک ناکۆکییـەکانی نێـوان فەرمانبەرەکان خراپتر بکات و ئیدی پێویست بە یارمەتی و هاوکاری بەرپرسەکە بکات بۆ یەکیکیان کە قسە و گفتوگۆکان لەو بارەوە بەهێز دەکات. بەو شێوەیەش پرتـە و بۆڵـە ڕوو دەدات کە باس لە خاتر و لایەنگرتن دەکات.ئەمە جگە لەوەی بێتوانایی و نالێهاتوویی بەرپرسە بچوکەکان قسەکردن لەو ڕوانەوە دیسانەوە بەهێز دەکات کە لە واقعدا ژمارەیەکی زۆری لێپرسراوەکان بەڕێوەبەری سەرکەوتوو نین، چونکە لەسەر ئاستی پیشەییدا دەشێت بەرپرسی بەتوانا هەڵبژێردرێت، بەڵام نەتوانرێت کەسێکی کارگێڕی دەستنیشان بکرێت بەشێوەیەکی باشتر لە ڕوویەکی دیکەوە ئەگەرچی بەرپرسەکان زۆر بەتوانا بن، چونکە ئەوان نازانن چۆن ئەو کۆمەڵانە پێکەوە چالاک دەکەن، جگە لەوەی سەرنج لە کێشە مرۆییەکان نادەن کە

بەرپرسەکانیان دەیسەپێنن بەسەریاندا ئەمە وێڕای ئەوەی گەر سەرنجیشیان بۆی هەبێت زۆر جار سڵی لێدەکەنەوە و ناتوانن دەستی تێوەبەردەن بەدەر لەوەی نەبوونی توانا فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ڕودانی دەستدرێژیکردن، چونکە ئەگەر دەستدرێژیکەرەکە برادەرێک بوو ئەوا یەکەم لایەن کە پێویستە پەنا یان هانای بۆ بەرێت بەرپرسی باڵا یان باڵاترین ئاستە وەئەگەر ژینگەیەکی پڕ لە باوەڕ و متمانە نەخوڵقا بێت لەو نێوەندانەدا مەحاڵە داوای یارمەتی لەکەسی بەرپرسەکە داوا بکرێت ئەو کاتەی هەر کەسێك ئارەزووی خۆشاردنەوە بکات لەپشت ئەوانی دیکەوە نەك بەهۆی بێتواناییەوە، بەڵکو بەهۆی ترس یان کەمتەرخەمی و دەربەستنەهاتنەوە.

## کێن ئەوانەی دەستدرێژی بە ژنان دەکەن ؟!!

بێگومان بۆ زانینی هەر کەسێك تا بزانێت دەستدرێژیی پێ دەکرێت یان کراوە بەپێی جیاوازی حاڵەتەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینێ، بۆیە بۆ دەستنیشانکردنی حاڵەتەکە پێویستە حاڵەتێکی دیاریکراو وەربگرین، چونکە بابەتەکە لە شوێنێکەوە بۆ ئەویدی دەگۆڕێت بۆ نموونە لە شوێنی کاردا جیاوازی بەخۆوە دەبینێ وەك لە نێو بازاڕ و شەقامەکاندا.

توێژینەوەکانی ئەنجامدراون لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەریانخستووە ئەو کەسەی ئەنجامدەری ئەو کارەیە کەسێکە خەسڵەتی دیاریکراوی نییە واتە دەشێت لەهەر چین و وتەمەن و کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتیدا بێت یان بە واتایەکی دیکە کەسێك بێت شوێن وجێگە و کاتی دیاریکراوی نەبێت. هەروەك لە یەکێك لە توێژینەوەکاندا دەڵێت ٧٠٪ پێیان وا بووە ئەو کەسە خاوەن ناسنامەیەکی دیارکراو نییە لە " شەقام، کارگوزار، فەرمانبەر لە کاتێکدا ١٠٪ بەرپرسن لە شوێنی کاردا، ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات گێچەڵپێکردنی ڕێکەوت بەربڵاوترینیانە بەدەر لەوەی نەناسینی ئەو کەسە لە لایەن قوربانییانەوە یەکێکە لە مەسەلە هاندەرەکانی تر بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە.جگە لەوەی لە یەکێك لە توێژینەوەکانی شوێنەکانی کارکردندا ئەنجامدراوە، بە پێی قسەکردنی ژنانی نمونەی توێژینەوەکە دەرکەوتووە زوربەی دەستدرێژیپێکەرەکان ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە و شارەزاییەکی زۆریان لە کارکردندا هەیە، جگە لەوەی پێشینەی پێشوتریان هەیە لەمەڕ ئەو دیاردەیە، دەشێت لە ڕووی

شێوەوە چاونەترس، قسەکەر، سەرنجڕاکێش بێت، یان ئێسک سووک وگاڵتە بکەن لەگەڵ بڕادەرەکانیان، کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکی بەهێز بن. بەدەر لەوەی کەسێکە زاڵ و خۆڕاگرە. وێڕای ئەوەی هەندێکی دیکە پێیان وایە ئەوانە لە وەزیفەدا لە پۆستێکی باڵادان یان زۆرجار بەرپرسی ڕاستەوخۆی کارەکەیانە ئەگەرچی ئەوانەی دەستدرێژی دەکەن خاوەن خەسڵەتێکن کە بە ئاسانی دەرناکەوێت، لە تەمەندا گەورەترن لە کەسانی قوربانی، تەمەنیان لە ناوەڕاستی سییەکانە و سەرووترە، جگە لەوەی ئەوانەی لە نێوەندی شوێنەکانی کارکردندان کەسێکی زۆر جوان، بەسەلیقە و ڕوخۆش، قسەکانی ئامادەکراو و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سەرکەوتووە لە کارەکەی و لەهەمان کاتدا ئارەزووی سەرکردەیی دەکات بەدەر لەوەی لە ساتێکەوە بۆ ئەوی دی کەسایەتییەکی شادمانە، جگە لەوەی زۆر ووریا و زیرەکە. هەروەها لەوەی ئەزموونەکان دەریانخستووە دەشێت ئەنجامدەری ئەو دیاردەیە کەسانێکی خاوەن شارەزایی و تەمەن زۆر بن و درکی باشیشیان بە یاساکان هەبێت.

بەدەر لەوانە دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شوێنەکانی کارکردندا لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ڕوو نادات، بەڵام بە پێی سروشتی کارەکە بەشێوەیەکی شێنەیی و لەسەرخۆ و ماوەی جیاوازیش بەخۆوە دەبینێ و هەندێ جار ماوەی دوور لەیەکتری، ئەگەرچی زۆر جار قوربانییەکە هەست یان درک بە بوونی ئەو دەستدرێژیکردنە ناکات تەنها لە قۆناغێکی درەنگدا نەبێت، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییە

بەدەر دەخات کە دەوترێت ئەو کەسەی دەستدرێژی بە ژنان دەکات زۆر پەلەنەکەرە وهێمن و لەسەرخۆیە بەشێوەیەك یەکجار بەو کارە هەڵناسێت، بەڵکو ماوەیەکی درێژی مانگانە خۆی بۆ ئامادە دەکات کورت یان درێژخایەن بە پێی ئامادەبوون و بەدەنگەوەچوونی قوربانییەکە، جگە لەوەی لەو ماوەیەدا جۆری دەستدرێژییە سەرەتاییەکان گۆڕان بەخۆوە دەبینێ. لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراوە بەوەی چۆن ئەو سەرەتاییە دەست پێدەکات یان چۆن هەستی پێدەکرێت ؟! زۆر جار ئەو دەستپێکردنانە بەشێوەیەك ڕوو دەدات کە لە سەرەتادا لە قوربانییەکە نزیك دەبێتەوە و بەشێوازێکی نەرم و نیان گوزارشتی بۆ دەکات تایبەت بە زەوقی وباشی هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانی یان چۆنێتی هەڵبژاردنی ڕەنگەکانی یاخود بۆنخۆشی و دەستنیشانکردنی جۆری بۆنەکەی ئیدی ڕوخۆشی و قسەخۆشی دەبێتە ڕەفتارێك کە بێ زانیین ولێکدانەوەی جۆربەجۆر لە لایەن کەسی بەرامبەرەوە هەستێکی خۆشی و بایەخدان بە قوربانی دەبەخشێ، پاشان بەشێوەیەکی گشتی دەچێتە نێو باسی قسەکردن و پرسیارکردن لەسەر ژیانی، تایبەتی بە دەستپێکردنی لە جۆرێك سۆزداری سەبارەت هەر قسەکردنێك کە دەکرێت. وەئەگەر باسێکی بەدینەکرد کە سۆزداری خۆی نیشان بدات دەست بە پرسیارکردن دەکات.. بە نیشاندانی ڕوویەکی بێتاقەتی و هاوخەمی.. هانی دەدات باسی خۆی بکات و پێی دەڵێت چی لە دڵتدایە بیڵێ تا چیم بۆ دەکرێت هاوکارت بم، پاش ئەوە ئیدی ڕۆژانە ئەو کەسە ڕووبەڕووی قوربانییەکە دەبێتەوە و دەرفەت دەڕەخسێنێ تا پرسیار لە تازەترین

هەنگاو و ڕوداوەکانی پێشتر ئاماژە و باسی بۆ کردبوو ئاگادار بێت ئیدی بە پێی ئەوەی کەسی دەستدرێژیکەر وەك پێشتر ئاماژەی پێ کرا خاوەن کەسایەتییەکی قسەخۆش و ڕوخۆشە دەست بە هەندێ گاڵتە و نوکتە دەکات و بەوەش ژینگەیەکی خۆش و تایبەت دەخوڵقێنێ وئیدی ئەو نوکتانە ئامانجێك یان ئاماژەیەکی جنسی دەگەیەنێ، لە دواییدا لە کاتی قسەکردنە تایبەتەکاندا هەندێ ووشە باسی لێوە دەکات کە لە لێکدانەوەدا دەشێت بە دوو جۆر شیکاری و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، مانایەکی ئاسایی کە وەك لە نێوان هەردوو کەسێکی هاوکاردا ڕوو دەدات یان ڕوویەکی تر یان مانایەکی ئامانجداری لەخۆ گرتووە کە ئاماژەیە بۆ مانایەکی جنسی بەوەی ئەگەر قوربانییەکە وەڵامی بۆ هەبێت ئیدی پەیوەندییەکە دەچێتە قۆناغێکی جیاوازەوە و پاش هەوڵ و تەقەلاو بەرنامەڕێژییەکی زۆر دەستدرێژیکەر ئامانجی خۆی دەپێکێ، خۆ ئەگەر دەرئەنجامی ئەو لێکەوتنەوەی قسانەش بووە مایەی سەرسوڕمان و ڕەزامەندنەبوون و ڕەتکردنەوەی ئەو باسانە لە لایەن قوربانییەوە لەو کاتەدا پێداگری لە ڕونکردنەوەی مەبەستەکەی خۆی دەکات بەوەی هیچ مەبەستێکی تری لە پشتەوە نەبووە، جگە لە باس و مانایەکی ئاسایی نەبێت، بە واتایەکی دیکە خۆی وەك ڕووە ڕاستەقینەکە نیشان نادات، بەڵام لە ناخدا لە ئامادەباشیدا دەبێت بۆ هەوڵ و هەل و دەرفەتی دیکە. بەو شێوەیەش کەسی دەستدرێژیپێکراو یان قوربانییەکە دوو جۆر هەڵوێست وەردەگرێت :

هەڵوێستی یەکەم : باوەڕپێکردنە بە دوا تێڕوانین و ڕونکردنەوەی کەسی دەستدرێژیکەر بەوەی قسە و باسەکانی بێ مەبەست و بێ بەرنامەیەکی دیاریکراو بووە، بەو شێوەیەش پەیوەندییەکە بەردەوامییەت بەخۆوە دەبینێ، کە لە هەمان کاتدا مانەوەی ئەو پەیوەندییەش لە لایەن کەسی دەستدرێژیکەرەوە بەردەوامییەتێکی جیاوازتر و پێچەوانەتر لە تێڕوانینی قوربانییەکە بەخۆوە دەبینێ و بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵی گەرمکردنی دیالۆك و گفتوگۆکان دەکات تا ئەو ئەندازەیەی بەکارهێنانی وشەکانی دوو مانای جیاواز لەخۆ دەگرێت ولە قسەکردنەکانیدا زیاتر و زاڵتر دەبێت بەسەر قسە و باسەکانی دیکەدا بەشێوەیەك دەبێتە ئاسایی و پاشان ئەو جۆرە لە ڕێگەی نوکتەی ئاساییەوە دەگۆڕێت بۆ نوکتەی جنسی و دواتر مەسەلەکە ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوێت تا بە ئاشکرا دەبێتە نوکتەی جنسی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی نوکتەکانەوە کاتی گونجاوی بۆ بڕەخسێ ئاماژە بە وشە و قسەکانی و مەبەستە بنەڕەتیی و سەرەکییەی خۆی بکات، ئیدی لێرەوە قوربانییەکە ئامادەیە بۆ شەڕکردن بە جۆرێکی نوێ و گەشەکردوو، ئەوەش بە دەستبۆبردن و دەستگرتنیی بۆ چەند چرکەیەك پاشان بۆ ماوەیەکی درێژ و ئیدی نزیکبونەوە بۆ دەموچاو و قژ و سیما و ڕوخساری تا لە کۆتاییدا دەگاتە مەبەستەکەی بە دەستبردن بۆ جەستە و ئەندامەکانی.لێرەوە پرسیارێك دێتە ئاراوە داخۆ لەو کاتەدا بۆچی قوربانییەکە قسە ناکات یان گەر قبوڵی نییە ڕەتی ناکاتەوە ؟! لە وەڵامدا هۆکارگەلێك دێتە ئاراوە بۆ وەڵامی ئەو پەرسیارە لەوانە :

یەکەم : خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە لەو قۆناغەدا هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ سەلماندنی قسەی تاوانبار، دووەم : ئەوەی لە پێش قۆناغی کۆتایی ڕوو دەدات نابێتە شتێك کە وا دابنرێت تاوانباری کەسی دەستدرێژیکەرەکەی پێبکرێت، سێیەم :ترسی لە ناوزڕاندن و ناوبانگخراپی دەبێت بەوەی وا بکەوێتەوە کە بە کەسێکی فێڵباز یان زۆرزان ناوببرێت بەوەی ڕاکێشی بەڕێوەبەرێکی خاوەن دەسەڵات دەکات، چونکە هەمیشە لە کۆمەڵگەدا هەڵە دەخرێتە ئەستۆی ژن و پێی دەگوترێت خۆی هۆکار و هاندەر بووە بۆ لێکەوتنەوەی ئەو حاڵەتە. بەو شێوەیەش تاوانباری ڕاستەقینەی مەسەلەکە لێی قوتار دەبێت و تەنانەت خۆی لە ڕاستی و باسەکە بەدوور دەگرێت و ئامادەیی هەموو هەنگاو و ڕێککەوتن و پێکهاتنێکی هەیە بۆ کۆتاییهاتن و بنڕکردنی باسەکە کە زۆر جار لەو نێوەند و قۆناغەشدا تەنها خودی ژنەکە دەبێتە قوربانیی ئیدی یان وایلێدەکرێت خۆی شوێنی کارەکەی بەجێبهێڵی یان بەهۆی زاڵێتی و ئیستغلالکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەکە دوور دەخرێتەوە و وازی پێلێنەهێنرێت کە دەرئەنجامی هەر یەکێك لەو حاڵەتانەش قوربانییەکە دووچاری بارێکی دەروونی ناجێگیر و نائاسایی و ناسروشتی و بارێکی خراپ دەبێتەوە.

هەڵوێستی دووەمی ژنەکە لە دەرئەنجامی هەوڵی دەستدرێژیکەرەکە لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە بەهۆی باوەڕنەکردن و درککردنی قوربانییەکە بە گشت ئەو هەوڵ وقسەکردنانەی کە پێی وایە سەرچاوەی تاقیکردنەوەیەك بوو تا کاریگەری لەسەر دابنێت و بچێتە ژێر ڕکێف و ئارەزوو و ئاماژەکانی کەسی گێچەڵکەرەوە ئیدی

له دەرئەنجامدا قوربانییەکە هەڵوێستی سنورداناں یان کۆتاییهاتن بە پەیوەندییەکەی نێوانیان دەهێنێ و چیتر ڕێگە نادات باس لە هیچ تایبەتمەندییەك بکرێت، جگە لە مانەوەی پەیوەندییەکی سنووورداری کارکردن لە چوارچێوەی شوێنی کاردا بە شێوەیەکی ناچاری. بۆیە بەمەبەستی دوورکەوتنەوەی قوربانی لەهەر یەك لەو دوو هەڵوێستە باشتر وایە لە سەرەتاوە بە ئاگا بێت لە جۆری ئەو پەیوەندیانە بە شێوەیەك بە دوور بێت لە باسکردنێك کە پەیوەندیدار بێت بە ژیانی تایبەتییەوە و نەیەڵێت گاڵتە و پەیوەندییەکان بگاتە ئاستی نوکتەی جنسی، وووریا و بەئاگا بێت لە دەست بۆبردن و دەستدرێژی و جگە لەوەی خۆی بەدوور بخات لە دانیشتنی دوو بەدوو لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانەدا کە هەست دەکات مەبەست و نیازێکی جنسی لە پشتەوەیە.

( د.غادە عبد الوهاب ) ڕاوێژکاری پزیشکی دەروونی خەسڵەتەکانی ئەو کەسەی دەستدرێژی بە ژنان دەکات بە دوو جۆر پۆلێن دەکات :

یەکەمیان : بە خاوەن کەسایەتییەکی شپرزە و جەنجاڵ وەسف دەکات کە بە کەسایەتییەکی " دژ بە کۆمەڵ " ناودەبرێن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرپرسە لە گشت ڕەفتارەکانی، جگە لەوەی باس لەوە دەکات کە دەشێت لە مامەڵەکردنی ئاسایی و ڕۆژانەیدا خاوەن کەسایەتییەکی نەرم ونیان و سەرنجڕاکێش بێت لەگەڵ خزموکەسوکار و هاوڕێکانیدا.بەڵام جۆری دووەمیان بەو کەسانە وەسف دەکات

بەوەی هەر لە منداڵییەوە وا ڕاهاتووە کەسایەتییەکی دوژمنکارانە بێت، لێدان بۆتە خەسڵەتێکی مامەڵەکردنی لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانی، جگە لەوەی زوربەیان ئارەزووی ئازاردانی ئاژەڵە بچووکەکان دەکەن وەك ئاژەڵی پشیلە و باڵندەکانی وەك کۆتر و شتی تر... هەروەها باسی لەوە کردووە کاتێك دەبێتە بەرپرس و پۆستێك دەگرێتە ئەستۆ لە شوێنی کارەکەیدا ئیستغلالی پۆستەکەی دەکات و دەستدرێژی بە فەرمانبەر یان برادەرێکی دەکات لە وەزیفەدا، ئەو شێوەیەش بە گێچەڵپێکردنی وەزیفی ناودەبرێت.هەروەها ( د. غادە عبد الوهاب ) بەدەر لەو خەسڵەتانە " کەسی دەستدرێژیکەری بە خاوەن هێز و توانایەکی سۆزداری و فکری داهێنەرانەی کپکراو ناوبردووە کە کاتێك ئەو هێز وتوانایانە لە کارێك یان خواست و خولیا یاخود وەرزشێکی دیاریکراودا بەتاڵ ناکاتەوە تواناکانی دەگۆڕێت بۆ هێزی خراپ و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕودانی دەستدرێژیکردن، جگە لەوەی ئەو حاڵەتە تێشکان وبارکەوتنە گشتییەی زوربەی گەنجان پێوەی دەناڵێنن هیوابڕاو و نائومێدیان دەکات و هیچ دەروازەیەك ناهێڵێتەوە لە بەردەمیاندا تەنها دەستدرێژیکردن نەبێت وە ڕێگەیەك بۆ بەتاڵکردنەوەی هێزە جنسییەکانیان ".

لە هەمان کاتدا ( د. هاشم بحری ) ی مامۆستای پزیشکی دەروونی لە زانکۆی ئەزهەر لە ڕووی دەرونییەوە بەم شێوەیە باس لە کەسایەتی کەسی دەستدرێژیکەر دەکات : کەسێکی ناجێگیرە لە ڕووی دەرونیەوە و بەدەست تێکچوون و پەشێوییە سێکسییەکانەوە

دەناڵێنێت کە هەر لە منداڵییەوە لای کۆبۆتەوە بەهۆی گەلێك هۆکارەوە لەوانە پەروەردە و بەخێوکردن لە ژینگەیەکی لادەر لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەوەی تێڕوانینی پیاو بۆ دایکی لە کۆمەڵگەدا دوور دەبێت لە ڕێزەوە بەشێوەیەك کەسایەتییەکی ڕەخنەگر و تۆڵەسەندنەوەی دەبێت لە ژنان و وێنایەکی خراپ و گرێیەکی دەروونی لە مێشك و بیریدا دەچەسپێ دژ بە ژنان و دەبێتە هۆکارێکی دیکەی پەیوەندیدار بە جۆری پەیوەندی ژن و پیاوەکەوە بەوەی تەحەمولی زۆری هەبووە سەبارەت ئەو توندوتیژی و باڵادەستی و ناڕێزییەی دەرهەقی کراوە، چونکە پەروەردەکردن گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ دروستکردنی کەسایەتییەکی باش و هاوسەنگی بۆ مرۆڤ.

هۆکاری سێیەم گرێدراوی جۆر و شێوازی ئەو دەستدرێژی و دەستدرێژیکردنەیە کە لە منداڵییەوە پیاوەکە ڕووبەڕووی بۆتەوە بەدەر لە کەبتی سێکسی و تێرنەبوونی لایەنی دەروونی و سۆزداری کەوا لە هەندێ کەس دەکات بەرەڵا و هەڵبێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە غەریزییەکانی و وا دەکات تێکەڵبونی جەستەیان بە ژنان ببێتە قەرەبوویەك لەو کەموکورییە ناوخۆییەی هەیانە.لەهەمان کاتدا هەر یەك لەو هۆکارانە خۆبەزلزانین و گەورەیی بەرامبەر بە ژنان لە کردەوەی دەستدرێژیدا ببینێتەوە و هەستی ئەوەی پێ ببەخشێت باڵادەستی و سەرکەوتنی هەبێت و ژنیش وەك بونەوەرە لاواز و قوربانییەکە تەماشا بکات. لێرەوە ناقایلی و ناڕەزایی کارکردنی ژنان لە کۆمەڵگەدا هاتەئاراوە لە لایەن باوك وبراوە، چونکە لە زۆر کاتدا

ئەوان دەبنە کەسی دەستدرێژیکەر یان شایەت لەسەر دەستدرێژیکردنەکە.

لە لایەکی دیکەوە ( د. محمد حسن غانم )، مامۆستای زانستی دەروونی لە کۆلیجی وێژەیی زانکۆی حلوان بەم شێوەیە باس لە خەسڵەتەکانی کەسی دەستدرێژیکەر دەکات : خاوەن کەسایەتییەکی سەرکێش و سەرچڵە و بیر لە ئاقارەکانی ناکاتەوە، چونکە بە چەپاندنی جنسییەوە دەناڵێنن لەگەڵ ئەوەی دەستدرێژیکردن گرێدراوی قۆناغی تەمەنێکی دیاریکراونییە هەروەك لە هەندێ لێکۆڵینەوەی مەیدانی وڵاتی میسردا دەرکەوتووە کە لە تەمەنی ٩ ساڵییەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە تەمەنی ٧٠ساڵی، جگە لەوەی پەیوەندی نییە بە کەسێکەوە کە سەڵت بێت یان هاوسەرگیری پێکهێنا بێت.هەروەها باس لەوە دەکات ئەو کەسە لەزەت یان چێژی کاتی لەو پرۆسەیە وەردەگرێت بەوەی تەنها لە کاتێکدا دەست بۆ کچێك دەبات یان ووشەیەك بۆ ناوزڕاندنی دەردەبڕێت هەست بە لەزەتێکی کاتی دەکات و ئامادەی بەرگەگرتنی هەر سوکایەتییەکی هەیە کە ڕوبەڕووی ببێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کەسایەتیانە دەناڵێنن بە تێرنەبوون و نەگەیشتن بە لەزەتی جنسی بەو واتایەی جنس بۆتە تەوەر و بناغەی سەرەکی ژیانیان.

هەروەها جۆرێکی تری دەستدرێژیکردن لە لایەن ئەو کەسانەوە بەدیدەکرێت کە تا ڕادەیەکی زۆر بە دوژمنکارییەکان ناودەبرێن کە دەشێت لە شەقامە چۆڵ و تاریکەکاندا دەستدرێژی بە کچان و ژنان بکەن بەشێوەیەك تاوانەکەیان دەگاتە ڕادەی فڕاندن یان کوشتن، بەدەر لە بوونی دواجۆری ئەو کەسانەی دەستدرێژی بە ژنان دەکەن

کە مەترسییەکەی کەمترە لە جۆری پێشوو و بەشێوەیەك بەدیدەکرێت کەسێکی ڕوخۆش و ڕەوشت جوانە، بەڵام ئارەزووی لاسایکردنەوەی هاوڕێکانی دەکات بە تایبەت گەر بە ڕێکەوت ئەوەی بەدیکرد کەیەکێك لە هاوڕێکانی دەرئەنجامێکی باشی هەبووە پاش دەستدرێژیکردنەکە واتە کاتێك کچەکە بە زەردەخەنەیەك یان بە گوزارشتێك وەڵامی هەبێت بەوەی ئەویش حەز بە ناسینی دەکات.
لە گشت ئەو هۆکار و خەسڵەت و تێڕوانینانەوە بۆچوونێك بەرجەستە دەبێت بەوەی ڕاست نییە گەر بڵێین دەستدرێژیکردنی سێکسی هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شاردنەوە (کبت) و پێکنەهێنانی هاوسەرگیری و هەریەکێکی تر لەو هۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد، جگە لەوەی هەڵەیە گەر بیگەڕێنینەوە بۆ تێکچوونی ئەمن و ئاسایش لە شەقام و شوێنەکاندا بەدەر لەوەی جێی باوەڕ نییە گەر بوترێت هۆکاری سەرەکی لە جلوبەرگی تەسك و کورت و دانەپۆشینی جلوبەرگی ژناندا بەدیدەکرێت یاخود تەنها بگەڕێتەوە بۆ بەرەڵڵایی یان ئازادی جنسیی لە وڵاتێکدا، بەڵکو دەشێت لە زۆرداری و ستەملێکردنی ژناندا خۆی ببینێتەوە لە لایەن ئەقڵیەتێکی زاڵبووی نێرسالارییەوە کە پێویستی بە سەدان ساڵ دەبێت پێش دیارنەمانی.چونکە گەر یەکێ لەو خاڵانە هۆکار بونایە ئەوا سەرۆکی ئیسرائیلی پێشوو ( موشیە کتساف) لەگەڵ فەرمانبەرێکی نوسینگەکەیدا نەدەکەوتە واقعی دەستدرێژیکردنەوە کە ببوە هۆی بەندکردنی بۆیە ناچار بوو لە پۆستەکەی دەست لەکار بکشێنێتەوە، جگە لە مەسەلە یان کێشەی وەزیری بەرگری پێشووی ئیسرائیل ( اسحق موردخای) کە بەهۆی هاوشێوەی ئەو مەسەلەیەوە بە بەندکردن سزا درا. بەدەر لە نموونەی دیکە وەك ئەوەی سەرۆکی ئەمریکای پێشوو ( بیل کلنتۆن) ئەو کاتەی حاکم بوو لە ویلایەتی( ارکانسو)

لەگەڵ تووش بوو ( بولا جونز ) و ناچار کرا بۆ ئەوەی ٨٠٠ هەزار دۆلار وەك قەرەبوویەك بدات بۆ ئەوەی دەست لە دەعواکەی هەڵبگرێت کە دژی تۆماری کردبوو، هەروەها بەرگی گۆڤاری ( تایم ) ی ئەمریکی نموونەیەکی تری واقعی دەستدرێژیکردن نیشان دەدات کاتێك وێنەی ( لیفتنانت ) دەخاتە روو کە جەنەراڵە لە هێزی ئاسمانی ئەمریکیدا، کاتێك باس لەو دەستدرێژیکردنانە دەکات کە رووبەرووی بۆتەوە.وێڕای ئەوەی خەڵك پاساوی ناڕاست و بیانوو دەهێنێتەوە بۆ ئەگەری روودانی ئەو دیاردەیە وەك ئەو شیکارکردنەی لە میسر ساڵی ٢٠٠٦ لە مێشکی خەڵکدا چاندیان بەوەی هۆکاری دەستدرێژیپیکردنەکەیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی لە ناوەڕاستی شاردا روویدا لە لایەن سەماکەر یان ڕاقسەیەکەوە کە بووە هۆی وروژاندنی گەنجان، لە کاتێکدا ئەوە حاڵەتێکی دەگمەن بووە و تەنانەت لەگەڵ زۆری ئەو دیاردەیە لە شوێنەکانی تردا کە ئەو دیمەنی سەماکەرەیشی( ڕاقسە) لێ بەدوور بووە. جگە لەوەی لە لایەکی دیکە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان سەلماندویانە تەنانەت لە شوێنە پیرۆزەکاندا ژنانی داپۆشراو بەدوور نین لەو گێچەڵانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێت. کەواتە لێرەوە جۆرە ڕاستییەك دەردەکەوێت بەوەی مەسەلەکە لە جۆر و سروشتی تێڕوانیندا خۆی دەبینێتەوە کە بەرامبەر ژنان هەیە بەوەی ئایا مرۆڤە و خاوەن ئیرادە و ئازادی هەڵبژاردنی هەیە، یان تەنها کۆیلە و بەندیکە هەموو وەزیفەکەی وەڵامدانەوەیە بۆ حەز و ئارەزووە نێرینەکان لە هەر شوێن و کاتێکدا بێت.چونکە ڕاستە لە رووی واقع و تیۆرییەوە زۆرێك لە کۆمەڵگە و وڵاتانی دونیا بە تایبەت کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان باس لە ئازادی و سەربەستی ژنان و مافی مرۆڤ دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا گرفتەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە زوربەی کات تیۆرییەکان ناچنە بواری

جێبەجێکردنەوە و بگرە چارەسەر و باسکردنی کێشەکان تەنها ڕواڵەتکارانە و ڕوکەشانە دەبێت و لە ڕتووشکردنی مەسەلەکاندا خۆی دەبینێتەوە، جگە لەوەی گشت ئەو ئازادیی و سەربەستیانە تێگەیشتن و هەنگاوی درێژتر و زیاتری گەرەکە بۆ ئەوەی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گشت مرۆڤەکاندا جێگیر بێت یان بچەسپێ.

" ابراهیم مجدی"ی توێژەر لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا و لە درێژەی ئەو پەیوەندییانەی لەکاتی کارکردنیدا ئەنجامیداوە لەگەڵ هەندێ لە دەستدرێژیکەرەکان وەك لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەژێر ناوی " لە دەستدرێژییە زارەکییەکانەوە تەنانەت لاقەکردنیش " کە (٢٠٢٠) کەسی لە نێرینە و مێینە ی لەخۆ گرتبوو دەڵێت:ئەنجامدانی یەکەم چاوپێکەوتن وەك خورپەیەك وابوو بۆم، وێڕای ئەو دانیشتنە سەرنجڕاکێشەی کە بە زەردەخەنە و متمانەوە باسی لە شیکاری ئەو هۆکارانە دەکرد کە پاڵنەری بوون بۆ ئەنجامدانی ئەو دەستدرێژیکردنانەی بە کچانی دەکرد لە بازاڕەکانی " امبابە"لە میسردا کاتێك پاش تەواو بوونی کارەکەی لە وەرشەیەکی تەختەدا و بە یاوەری هاوڕێکەی دەچوو بۆ بازاڕ و هەوڵی هەڵبژاردن یان دیاریکردنی ئەو کچانەی دەکرد کە دەیویست دەستدرێژییان پێ بکات بەوەی ئەو کچانەی بە باش دەزانی کە تەمەنیان سەروو ٢٥ ساڵە پێی وابوو ئەو تەمەنانە کە دەگەڕێن بە دوای پیاوێکدا هێز و توانا سێکسییەکانیان بەتاڵ بکەنەوە لەو ڕوانگەیەی بەدەست قەیرەییەوە دەناڵێنن . توێژەر لەدوای ئەو چاوپێکەوتنەوە بڕیار دەدات بە تەواوی دوور بکەوێتەوە لەو توێژینەوەیە بە تایبەت کاتێك ڕەزامەندی یەکێك لەو دەستدرێژیکەرانەی بەدەستهێنا کە کۆمەڵێك گەنجی بە دەوری خۆیدا کۆکردبۆوە و باسی لە درێژەی ئەو دەستدرێژیکردنانە دەکرد

که لەگەڵ یەکێك لەو کچانەی لەناو "میترۆ" دا بینیبووی ئەنجامیدا و لەوەڵامدا بە شانازییەوە ووتی :هەر لەگەڵ سەرکەوتنم بۆ ناو میترۆکە چاوم لەسەری دانا بەتایبەت زۆر قەرەباڵغ بوو، لێی نزیك بومەوە تارادەی نزیکبونەوە و بەریەککەوتنی جەستەمان پاشان هاواری کرد و قیژاندی، بەڵام لەدواییدا پاساوی ئەوەی بەشێوەیەك دەربڕی کە کچەکە خەتابار بکات و ووتی بینیوتانە کچانی ئێستا چۆن خۆیان دەڕازێننەوە خۆ ئێمەش مرۆڤین... ئەو هەڵوێستەی دەستدرێژیکەر هەم خۆدەربازبوون و پاساو بوو بۆ دورکەوتنەوەی لە تاوانبارکردن و بەهەڵزانینی لە لایەك هەم تاوانبارکردنی کچان و تۆمەت خستنە پاڵیان بوو لە کاتێکدا کچەکە بێئاگا بووە لەو پلانەی کە پێش وەخت بۆی دانراوە، جگە لەوەی هەڵوێستی ناڕازیبوون و قسەکردنی گرتۆتە بەر..وە یەکێك لە کاریگەرترین ئەو هەڵوێستانەی توێژەر لەیادی ناچێتەوە و لەبەرچاوی وون نابێت ئەو کۆمەڵە منداڵەیە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥_ ١٧ساڵیدا بوو و لێی کۆبونەوە کاتێك پرسیاری ئاڕاستەی یەکێك لە گەنجەکان دەکرد، بەڵام کاتێك گوێبیستی پرسیار و ناونیشانی توێژینەوەکە بوون زۆر پێکەنین بە بیرکردنەوەی ئەو یادەوەریانەی کەوتنە باسکردنی کاتێك دەستدرێژییان بە کۆمەڵێ لە کچان کردووە و ووتیان : کاتێك کارەبای ناوچەکە کوژایەوە لەسەر کچەکان دەستمان کرد بە تەپڵ لێدان بە جەستەیان.

## کێن ئەوانەی دەستدرێژییان پێدەکرێت ؟!

زۆر جار دەستدرێژیکەران پروپاگەندەی ئەوە بۆ قوربانییان بڵاودەکەنەوە کە قوربانییان لەسەرەتاوە خاوەن کەسایەتییەکی لاوازن یان کەسایەتییەکن بە ناهاوسەنگی دەروونییەوە دەناڵێنن یاخود کەسانێکی تووشبوون بەهەر نەخۆشییەك کە دەشێت دوور بێت لە ڕاستییەوە. بە واتایەکی دیکە ئەو بیروباوەڕە لەناو کۆمەڵەو ژینگەکانی کارکردندا بڵاودەکاتەوە کە سوکایەتی بە کەسی قوربانی بکات یان ئابرووی بەرێت پێش ئەوەی کاری دەستدرێژیکردنەکە ئەنجام بدرێت واتە زەمینە بۆخۆی خۆش دەکات تا پاش ڕودان یان بەربەچدانەوە یاخود سکاڵاکردن لە دژیدا جێی باوەڕکردن نەبێت لای دەوروبەر واتە بەشێوەیەك لە شێوەکان گومان لە مێشکی ئەوانی دیکەدا دەخولقێنێ، چونکە ئەو سوکایەتیکردن و ئابڕووبردنە بەربەستێك بۆ زبری و ڕەقی قوربانی دەخولقێنێ یان دەیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە شایستەی ئەوەیە بەسەریدا ڕوو دەدات.بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی شارەزایانی دەروونزانی ئەو کاتەی دەستدرێژیپێکراوان لە ڕووی سێکسییەوە ڕەزامەند نین بەوەی دەرهەقیان کراوە لەو کاتەدا مەسەلەکە بە ڕاوەدوو یان شوێنکەوتن تەماشا دەکرێت ئەوە وێڕای ئەوەی هەستکردن بە کەوتنەشوێن دەشێت هەڵچوون یان گرژی دەروونی لێبکەوێتەوە بە تایبەت گەر بارودۆخی ژنان ڕێگر بێت لەبەردەم ڕۆیشتن یان کۆچکردن لە شوێنی کار یاخود خوێندندا، بۆیە گەر لە ژێر فشاردا مایەوە دەشێت دووچاری هەڵچوون بێتەوە وە ئەگەر لە توانایدا بوو شوێنەکە

بەجێبهێڵێ یان هەڵبێت لەو کاتەدا بەئاگا و وریا دەبێت لە پەیوەندییەکانیدا، چونکە ئەو ئەزموونە خراپە بنج دادەکوتێ یان دەچەسپێ لە هۆش و بیریدا.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە میسردا ئەنجامدراوە دەرکەوتووە ٣٠٪ ژنانی میسر ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەستدرێژیکردن دەبنەوە ئەگەرچی ئەو دەستدرێژیکردنە گرێدراوی تەمەن، جوانیی و جلوبەرگەکانێوە نییە، گرنگ ئەوەیە تەنها ژنە. ئەمە ئەو ڕاستییەیە کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووەکە لە لایەن سەنتەری میسری بۆ مافەکانی ژنان ئەنجامیانداوە تایبەت بەم دیاردەیە وەك یەکێك لە شێوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان.بە واتایەکی دیکە کەسی دەستدرێژیکەر سەیری ژنان ناکات بەوەی تەمەنێکی گەورە یان بچوکی هەبێت یاخود داپۆشراو بێت یان نا، چونکە ئەوەی گرنگە بەلایەوە ئەوەیە تەنها ژن بێت.جگە لەوەی هەمان ئەو توێژینەوەیە دەریخستووە ڕێژەی دەستدرێژیپێکراوەکان بە پێی تەمەنیان دەگۆڕێت بەشێوەیەك ئەوانەی تەمەن ١٨ ساڵ ڕێژەکەی ٢٢٪، لە ١٨ بۆ ٢٤ نزیکەی ٢٩٪ تەمەنی ٢٥ بۆ ٤٠ نزیکەی ٤٠٪ لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە نزمبونەوەدا دەبێت تایبەت بەوانەی تەمەنیان سەروو ٤١ ساڵە بۆ ١٤٪ بە پێی ڕۆژنامەی ئەمڕۆی میسری. هەروەها خوێندکارانی خوێندنگەکانیش زیاتر ڕووبەڕووی دەستدرێژیی جنسی دەبنەوە لەگەڵ ئەوەی جلوبەرگی خوێندنگەیی لەبەر دەکەن بەشێوەیەك ٣٠ لە شوێنە جیاجیاکانی وەك شەقام و هاتوچۆ گشتییەکاندا خوێندکار کە بەشدار بوون لەو لێکۆلینەوەیەدا

دەستدرێژییان پێکراوە، بەڵام ژنانی کارنەکردوو بە پلەی دووەم دێن بەشێوەیەک ڕێژەی ئەو دەستدرێژیکردنانەی پێیان دەکرێت دەگاتە ٢٧٪ ئەو ڕێژەیەش بەرەو کەمبونەوە دەچێت تایبەت بەوانەی کار لە کارە خزمەتگوزارییەکاندا دەکەن.وێڕای ئەوەی ژنانیماڵەوەش بە هەمان گرفتەوە دەناڵێنن و ڕێژەی ئەو دەستدرێژیکردنانەی دەرهەقیان دەکرێت دەگاتە ١٢٪ وە لە کۆتاییدا ڕێژەی ئەوانەی ڕۆژانە ڕوبەڕووی دەستدرێژیکردن دەبنەوە دەگاتە ٣٠٪ بە پێی ژمارەکانی لێکۆڵینەوەکە.

زۆربەی توێژینەوەکانی ئەنجامدراون دەریانخستووە ئەو قوربانیانەی دەستدرێژییان پێدەکرێت نموونە یان کۆمەڵێکی دیاریکراو نین لە منداڵ، کچان و ژنان و بە جیاوازی تەمەنیانەوە کە دەشێت بەساڵاچووش بێت هەروەک چۆن کورت ناکرێتەوە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەکی دیاریکراو بۆیە دەشێت ژنان بە گشتی ببنە یەکێک لەو قوربانیانە.ئەگەرچی هەندێک تێڕوانین لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە زۆر جار ئەوانەی دووچاری دەستدرێژیکردن دەبنەوە ئەو ژنانەن کە خاوەن کەسایەتیەکی شەرمن یان کەمدوون، جوان و سەرنجڕاکێش، دەم بەپێکەنین، خاوەن دڵ و دەروونێکی کراوەن، زمان شیرین و لەتەمەنیشدا بچوکن. هەروەها ئەوانەن کە هاوسەرگیریان نەکردووە، کەمتر خوێندەوارن، لە ئاستێکی وەزیفی نزمدان، خاوەن شارەزاییەکی کەمن لە کارەکەیاندا، لە نێوەندێکدا کار دەکات کە زۆرینەی پیاوانن، جگە لەوەی ئەو دامەزراوەیەی کاری تێدا دەکات ئاسانکەرن لەگەڵ ئەو کەسانەی ئەنجامدەری

دەستدرێژییەکەن کاتێك سکاڵای لێدەکرێت یان مەسەلەکەی ئاشکرا دەبێت بەدەر لەوەی کاردانەوەیەکی لاوازی دەبێت دژ بە دەستپێشکەرییە دەستدرێژییە سەرەتاییەکانی بەرامبەری ئەنجام دەدرێت بەشێوەیەك بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ پاڵنەری دەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتار و ڕەوشتی دەستدرێژیکردنەکان.وێڕای ئەوەی کەسانێکن ناتوانن واقع و ڕاستی دەستدرێژییەکە بسەلمێنن و سڵدەکەنەوە لە درۆ و ئابڕوچوون و لەکەدارکردنی سومعەیان.

## ئاسەوارەکانی دەستدرێژیکردن بە ژنان

زوربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بارەیەوە ئەنجامدراون و بەپێی پسپۆرانی بواری دەروونناسی پێیان وایە ئەو ئاسەوار و کاریگەریانەی لەسەر قوربانیان دەردەکەوێت جۆراوجۆرن، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کێشەی دەروونیی و تەندروستی و ئەخلاقی یان نەخۆشی جەستەیی لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەکرێت لە چەند رووپەکەوە پۆلێن بکرێت لەوانە :

– ئەوانەی خوێندکارن لە زانکۆکاندا زیاتر هەست بە شەرم، تورەبوونە، ترس و شڵەژان دەکەن، جگە لە لاوازی متمانەبوونیان، زیاتر هەست بە نائومێدی و بێهیوایی دەکەن بەرامبەر ئەزموونی زانکۆ پاش دووچاربونەوەیان بەدەستدرێژی سێکسی.

– زوربەی ژنانی کارکردوو بە نەخۆشی دەروونییەوە دەناڵێنن و کاریگەری دەخاتە سەر ژیانی کەسێتی و کردەییان وەك نەخۆشییەکانی : دڵەراوکێ، شەونخونی، ترس، خەوبینین و دەربەست نەهاتن یان کەمتەرخەمی، سلکردنەوە یان بەئاگابوون لە مامەڵەکردنی هاورێکانی، دابەزین و لاوازی لە ئاست بەجێهێنانی کارەکەی، بێمتمانەیی لە ناخ و دەروون و رقلێبونەوەی کارەکەی.بە واتا گشتییەکەی رووداني دەستدرێژیکردنی سێکسی لە فەرمانگەکاندا کاریگەرییەکەی دەکەوێتە سەر تاك بەوەی هەست بە کەمیی دەکات و گەر ناچاریش بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە کە زۆر جار ناچارییە پەنا دەباتە بەر میکانیزمی بەرگری و دەشێ سەرەتایەك بێت بۆ هاندانی بۆ رۆچوونێکی بەردەوام کە بەداخەوە نموونەی ئەوەش زۆرە !

– هەندێ لەوخوێندکار و کارکردووانەی خاوەن کەسایەتییەکی شکستی پتەو نین یان لاوازن لە داهاتوودا کاریگەری خراپیان لەسەر دەردەکەوێت تا ئەو ئاستەی هەموو پەیوەندییەک بە پیاوان ڕەت دەکاتەوە یان ژیانی هاوسەرگیری پێک ناهێنێ، چونکە وێنەی گشت پیاوێک لەو پیاوانەدا دەبینێتەوە کە ئەنجامدەری گێچەڵپێکردن بوون بۆی یان بەهۆی ئەو پیاوانەوە وێنەیەکی زۆر خراپ لەسەر پیاوان بەدیدەکات. وە ئەگەر هاتوو خێزانیشی پێکهێنا گۆڕانکاری شوێنەکەی نابێتە هۆی لەبیربردنەوەی ئەو کردارە لە هۆش و بیریدا. وێڕای ئەوەی هەندێ لە خوێندکاران جەختیان لەوە کردەوە کە پاش ڕووبەڕووبونەوەیان بە دەستدرێژیی سێکسی هەست بە بێباوەڕی و نائومێدی دەکەن سەبارەت ئەزموونیان لە زانکۆدا، جگە لەوەی بەهۆی خەوزڕاندنەوە یان تەرکیزکردن دەناڵێنن لە کاتێکدا خوێندکاران زیاتر پێویستیان بە پەنابردن هەیە بۆ کۆمەکردن و یارمەتیکردن بە کەسێک کە بیانپارێزێ یان بە ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵە و هاوڕێکانیان یاخود بە دەستهەلگرتن و قایل نەبوون بە بەشداربوون لە بەش یان پۆل و پاشەکشەکردن لە ڕێڕەو ورێباز یاخود غیاب و بەشدارنەبونیان لەهەر چالاکییەک کە ئەنجام دەدرێت وێڕای ئەوەی کەمجار ئاگاداری بەرپرسەکانی زانکۆ بکەن بە ڕووبەڕووبونەوەیان بە دەستدرێژیکردن.

شارەزایانی کۆمەڵناسی پێیان وایە ئاسەوارەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی لەسەر خوێنکار زۆر گەورەیە کە خۆی لە مانەدا دەبینێتەوە :لاوازی جێگیربوون و سەنتەرگرتن یان نەبوون و ناتەواویی، دواکەوتن و تێکشکان و وازهێنان لە خوێندن لە هەندێ

کاتدا و دەرنەچوون وەك سزایەك لە کاتی ڕەتکردنەوەی داواکانی مامۆستاکەی..

– بێگومان لەدەستدانی کارەکەی لە وەزیفەدا و گەڕانەوەی بۆ چوارچێوەی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ خاڵێکی کاریگەری ئاسەوارەکانە، چونکە زۆرێك لەو ژنانەی ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە کاتێك مێردەکانیان بە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو حاڵەتە دەزانێت بۆ ژنەکەی داوای لێدەکات کارەکەی بەجێبهێڵێ، چونکە پێچەوانەکەی کێشەی خێزانی جیاوازی لێدەکەوێتەوە. ئەوەش هۆکارێکی گرنگە لەبەردەم ژناندا کاتێك بێدەنگی دەکەنە هەڵویستیان و لە مێردەکانیان دەیشارنەوە، چونکە دواجار دەزانن هەر بە زیان و زەرەر و باجدانی ژنەکە دەکەوێتەوە.ئەمە وێڕای ئەوەی ژنانی فەرمانبەری دەستدرێژیپێکراو دەشێت ڕووبەڕوی کۆمەڵێك سزا ببنەوە کە کاریگەریان دەبێت لەسەر بارودۆخی پیشەیی و داراییان لە کاتی ڕەتکردنەوەی داخوازییەکانی دەستدرێژیکەر کە دەسەڵاتدارترە لە ڕووی کارەکەیەوە بۆ نموونە وەك ئەوەی بەڕێوەبەری بێت، جگە لەوەی کاریگەری و ئاسەواری زۆری لەسەر ڕێڕەوی کارکردن و بەهێزی دەبێت، چونکە وەرگرتنی کەسەکان لەسەر بنەمای توانا و تواناسازییەکان نییە، بەڵکو فاکتەری نوێ دەبنە ریزبەندی واتە ئەولەویەتی دامەزراندن بۆ نموونە جوانی و قەشەنگی و ڕواڵەت لە گرنگترین و پێشەوەی خەسڵەتی داواکاری و داخوازییەکان دەبێت کە دواجار هەموو ئەو بنەمایانەن کاریگەری خراپیان دەبێت لەسەر ڕێچکەی کارەکان و کاری وەزیفی.

– بەگشتی زۆربەی ئەو کەسانەی دەستدرێژیی سێکسیان بەرامبەر دەکرێت بەم شێوەیە نیشانەکانیان لەسەر دەردەکەوێت کە دەشێت هەندێکی شوێنەواری کورتخایەن بێت و هەندێکی دیکەی درێژخایەن کە خۆی لەماندا دەبینێتەوە :

( شلەژان، خەوزڕاندن، سەرئێشە، تۆقین و ترس یان ئازار، شۆك و ناڕەحەتی، زیادەڕۆیی لە خواردن، ترس و پەشۆکان، خەمۆکی و تووڕەبوون، خەوی ناخۆش و یادەوەری ناخۆش، هەست نەکردن بە خۆشی و خۆشەویستی، هەستکردن بە تاوانباری و کەم بونەوەی هۆشپێدان، وازهێنان لە خوێندنگە و کار و پیشە بە تایبەتی گەر ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەبێت، زوو هەڵچوون و تووڕەبوون، سەرهەڵدانی بۆچوونی هەڵە لەمەڕ ڕەگەزی بەرامبەر کە دەشێ کار بکاتە سەر هاوسەرگیری و ژیانی هاوسەری کە لەوانەیە ببێتە هۆی گۆڕینی شێوەی ژیان وەك پۆشاك، کات و ڕێگای هاتوچۆ، تێکچوونی میزاج، لۆمەکردنی خۆ و هەستکردن بە گوناه، گەڕانەوەی یادەوەری دووبارەبۆوە سەبارەت دەستدرێژییەکە، هەستنەکردن بە دڵنەوایی، هەڵچوونی توندی وەك تووڕەیی و خەفەت و شەرم و تەنیایی، بێمتمانەیی بە کەسانی دیکە و گیروگرفتی سێکسی .. )

لە لایەکی دیکە (د.محمد حباشنه ) ڕاوێژکاری پزیشکی دەروونیی ڕوونی کردەوە ڕەنگدانەوەی گیچەڵی سێکسی لەسەر دەروونیی کچان لە حاڵەتێکەوە بۆ یەکێکی دی گۆڕان بەخۆوە دەبینێ و درێژەی دەبێت بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی و خوێندنگەیی یان پیشەیی، ئەمە جگە

لەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕووی دەرونیی و تەندروستییەوە ئەو ئاسەوارانە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە لەوانە :

شەرم، تورەیی، شڵەژان و ترس کە دەشێت بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بێت وەك ترسیان لە کاردانەوەی خێزانەکانیان یان کۆمەڵگە وەك ترسیان بەگشتی لە ئابڕوچوون و سومعەیان یان تۆڵەسەندنەوەیان لە کەسی دەستدرێژیکەر کە ڕەنگە ئەو ترسە گەشەبکات بۆ ترسێکی بەهێز و هەڵچون و شپرزەبوونی دەروونیی کە ئەو ترسەیە ڕێگری لە کچان دەکات بە ڕاشکاو و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ کەسوکاریدا یان سکاڵا تۆمار بکات دژ بە کەسی دەستدرێژیکەر.هەروەها هەستکردن بە شورەیی و سەرشۆڕی لە هەستکردنی کچانەوە بەرهەم دێت بە بێبایەخی و ڕسواییکردنیان بە بەها و کەرامەتیان وەك مرۆڤ کە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر بەهێزی کەسایەتیان و خەمۆکیی و ئارەزوکردنیان بە گۆشەگیری یان پەرگرتن . زۆر جار ئەو حاڵەتانە هەڵقوڵاوی باروودۆخێك دێتە ئاراوە کە مرۆڤ نەتوانێ ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە ئەو ڕوداوانە بۆ کەسێکی دیاریکراو دەربڕێت بەوەش ئازار و مەینەتیکانی بەشێوەی تاك و تایبەتی لەسەر بەدەردەکەوێت بەدەر لە تێکچوونی کاتی خەوی و دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشییەکانی وەك هەستکردن بە خەوزڕان و سەرئێشە و چەند حاڵەتێکی نەخۆشی دیکە کە ئاماژەیە بۆ ئازاری دەروونی ڕاستەقینە. لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن دەستدرێژی سێکسی تەنها هەڕەشە لە هەندێ ژن و تەمەن یان چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ناکات، بەڵکو بەگشت مەسەلەیەکی بەربڵاوە

لە کۆمەڵگەدا و ڕێگرە لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان و پیادەکردنی ژیانی سروشتی و ئاساییان. جگە لەوەی لێکۆڵینەوە هەن دەستدرێژی سێکسی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و پێواری چاودێری پێکەوە گرێ دەدەن هەروەها گەندەڵی دارایی و ئیداری لە دامەزراوەکاندا بەشێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە هۆی گەندەڵی ئەخلاقی بەتایبەت زۆرێك لە حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان لە کارکردندا لە لایەن بەرپرسە پیاوەکانەوە بەرهەم دێت بە پێی چێژوەرگرتن لە بوونی ئەو دەسەڵات و سەرمایەی هەیانە، جگە لە نەبوون و ناتەواوی چاودێریکردنەوە. ئەمە جگە لەوەی هەندێك لە پسپۆرانی بواری دەروونیی پێیان وایە لە ڕووی دەرونییەوە کاریگەری ئەو حاڵەتە بە پێی شێوازی بەکارهاتوو لەسەر تاك جیاوازە، بۆ نموونە کاریگەری شێوازی ئاخاوتن و تەماشاکردن دەشێت تا ماوەیەکی دیاریکراو بێت ئەویش بە پێی کەسێتی تاك و ووشەی بەکارهاتوو دەگۆڕێت، وە دەستدرێژیکردنە سەر جەستە بە پێی ئاستی دەستدرێژییەکە و بە پێی ئەو تاکەی ئەو کارەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت و ئەو تاکەیشی کە بەم کارە هەڵدەستێت و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە یان نا دەگۆڕێت خۆ ئەگەریکاتە ئاستی جووت بوون کێشەکە تەنها لەو تاکە ناوەستێ و سنووری کێشەکە خێزانیی یان چەند خێزانی دەگرێتەوە.

بە گشتی ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەستدرێژییان پێ دەکرێت لە زۆرێك لە مافەکانیان بێبەش دەکرێن کە یان دەبێت لە

زۆرێکی مافەکانی خۆیان چاوپۆشی بکەن، بۆیە تێڕوانین لەم مەسەلەیە لە دوو ڕوانگەوە شیکاری دەکرێت :

١- لە ڕووی جەستەییەوە :

بەهۆی تایبەتمەندێتی و هۆکاری جۆربەجۆرەوە گەر ژنێك لەم وڵاتانەدا دەستدرێژی بخرێتە سەری سەرباری خەم و سەرسامی خۆی ئەگەر چانسی ئەوەیشی هەبێت کە بە زیندوێتی بمێنێتەوە، بەڵام هەمیشە لە ریزی زەرەرمەندانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە زۆر جار ئەو بنەماڵەیە خۆیانن کە دەبنە بکوژی کچەکان یان بە توندترین شێوە لێدان و سوکایەتیان پێ دەکرێت . بۆ نموونە لە وڵاتی ئێراندا ڕژێمی ئایینی دەسەڵاتدار یارمەتیدەری خێزانەکانن و پێداگیری لەسەر مەحکومکردنی ئەو کچە دەکات کە دەستدرێژی کراوەتە سەر، ئەم مەسەلەیە بۆ کچان زۆر خەمناکە چونکە کچان زۆر جار بەهۆی پاراستنیان لە پەردەی کچێنی بە ئاسانی ملکەچی دەستدر..ی نابن و ئەم خۆڕاگرییەش زۆر جار دەبێتە هۆی برینداربوون یان کوشتنی ئەو کەسەی دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەری چونکە لە خۆرهەڵاتدا پەردەی کچێنی مەسەلەیەکە کە ساڵەهای ساڵە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و بەهۆیەوە هەزاران ژن بونەتە قوربانی و لە ژیانێکی ئاسایی بێبەشکراون، نەبوونی ئەو پەردەیەشە کە بونە هۆی خۆکوژی و دورکەوتنەوە و کوشتن ..... هتد لەو حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی یاسا پشتگیری لە ژنەکە بکات پشتیوانی لە پیاوەکە دەکات و هەوڵدەدرێ بە توندترین شێوە ژنەکە سزا بدرێت. ئەوەی جێی سەرنجیشە ئەوەیە کە لە دۆخێکی ئاوادا ژن

ناتوانێ هیچ کارێك بۆ رزگارکردنی خۆی بکات ئەگەر ڕێگە بدات بە ئاسانی دەستدرێژی بکەنە سەری، ئەم کارە لە ئاینی ئیسلامدا بە پەیوەندییەکی ناشەرعی دادەنرێت و ئەگەر بۆ بەرەنگاری لە خۆیشی ئەو کەسە بریندار بکات ڕووبەڕوی سزایەکی قورس دەبێتەوە، هەر بۆیە نە دەتوانێ بەرگری لە خۆی بکات و نە دەتوانی ڕێگە بدات تەنیا لەبەر ژنبوونی جۆر کردەوەیەکی وەحشیانەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە زۆر جاریش دەستدرێژی دەبێتە هۆی زەرەرێکی قەرەبوونەکراوە و ژن تووشی نەخۆشی و دەرد و ئازار دەکات، بەڵام ئەمە تەنها بەشێکی ئەم کارەساتەیە ولە هەندێك وولاتیشدا کورتاجکردنیش قەدەغەیە و ژنان دەبێت بۆ لەناوبردنی کۆرپەلە پەنا ببەنە بەر شوێنە نایاساییەکان بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لەو منداڵەی کە ئازار و دڕندایەتی ئەو دەستدرێژییە وەبیریان دێنێتەوە، چونکە ئەوەش شەرعیەتی پێ نەدراوە و بە یاسایی نەکراوە تا لەو بارەیەوە نەبێتە بارگرانی و بارقورسییەکی تر بۆ ژنان.

٢- لە ڕووی دەروونییەوە :

باری کۆمەلایەتی و ژیانی تایبەتی ئەو کەسەی دەستدرێژی دەکرێتە سەر تێکدەچێت و کاتێك ژنێك ڕوبەڕووی دەستدرێژی دەبێتەوە کەمتر دەتوانێ بیر لە هاوسەرگیری یان پیشەیەکی باش بکاتەوە لەم کۆمەڵگانەدا و بە چاوێکی سووك سەیریان دەکرێت، چونکە تەنیا بوارە سێکسییەکە لەبەرچاو دەگرن، لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر ژنێك لە چنگی باوك، برا یان هاوسەرەکەی و یاسا ڕزگاری ببێت ئەوا کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دیکە ڕوبەڕووی دەبێتەوە و

تەنانەت ژنانی ئەم کۆمەڵگەیەش زۆر بە کەمیی لەگەڵ ئەو ژنانەدا هەڵسوکەوت دەکەن و ژنانی دیکەش بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژێك ئەگەری ڕودانیان هەیە بەو حاڵەتە ڕوانینیان بەرامبەر بەو کەسانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر زۆر ڕوانینێکی نامرۆڤانە و ناهەقیانەیە لە کاتێکدا دەبێت زیاتر بایەخیان پێبدرێت.ئەو ژنانە هەموو کاتێك ئەو ساتەیان وەبیر دێتەوە کە بووەتە هۆی گۆڕینی ڕەوتی ژیانیان، وەبیری دێتەوە ئەو کاتەی هەوڵیداوە تا خۆی رزگار بکات لە چنگ ئەو پیاوەی دڕندانە هێرشی کردۆتە سەری. بۆیە ئەو ژنانە دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر چاودێری پزیشکیدا بن تا بتوانن ئەو هێز و باوەڕ بەخۆبوونە جارێکی دیکە بەدەستبهێننەوە و وەبیریان بێتەوە کە پێش ئەو ڕوداوە چۆن دەژیان، بەڵام بەداخەوە لە جیاتی دالدەدان و پشتیوانیکردن لەم کەسانە لە نێو خێزانەکان و کۆمەڵگە هەموو کەسێك لێیان دوور دەکەوێتەوە، لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە بەوەی لە نێوەندی هەموو ئەو بێپشتیوانیانەدا ئەو ژنانە چ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدایە ؟ زوربەیان بە جەستە و دەرونێکی تێکشکاو و نەخۆشەوە پەنا بۆ سوالکردن دەبەن، ئەم ڕوداوە ئەگەر لەتەمەنی کەمدا ڕوو بدات زۆر کاریگەری خراپی هەیە و ئەو کچانەی لە تەمەنی منداڵیشدا زیاتر ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە کەمتر دەتوانن سەربەخۆ بن. ئەمانە تا پێش دەستدرێژی هیچ ئەزمونێکی پەیوەندی سێکیان نییە و هەمیشە ترسێکیان هەیە کەکارێکی وایان

لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت و ئەو مامەڵکردنە توندوتیژیەش تووشی نەخۆشیان دەکات دواتریش کە شوو دەکەن ناتوانن لە ژیانی هاوسەرگیریشدا سەرکەتوو بن، چونکە بە بەردەوامی لە کۆمەڵگەدا وەبیریان دەهێننەوە کە لە نێوان ئەوان و ژنانی دیکەدا جیاوازی زۆر هەیە هەر بۆیە زۆربەی ئەو کچانە پەنا بۆ خۆکوژی دەبەن بە مەبەستی ڕزگار بوونیان لە قسە و قسەلۆك، خودی ئەم کارەش هەڵگری باسێکی تێر و تەسەلە کە ئەگەر ئەو کەسەی پەنا بۆ خۆکوژی دەبات، نەمرێ، لاپەڕەیەکی ڕەش بە فایلی ژیانی زیاد دەکات و لە باری دەروونییەوە ئەوەندەی تر تێکدەشکێ کە ئەگەر چارەسەر نەکرێ جارێکی دیکەش دەست بە هەمان کار دەکاتەوە.

گروپێکی تری ئەو کەسانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر ناگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و دەبن بە ژنانی سەر شەقام ئەوان لە ترسی سزادان خۆیان دەخەنە نێو گێژاوی پڕ لە نەهامەتی و ئەم کەسانە کە بە کچانی هەڵاتوو و ژنانی سەرشەقام ناویان دەبەن جارێکی دیکە دەبنە قوربانی لە ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرانبەر بە ئەوان. بەو شێوەیە خێزان، کۆمەڵگە، یاسا هەموو پێکەوە سزای مەرگیان بەسەر ئەو ژنانەدا دەسەپێنن کە دوور لە ئیرادە و ویستی خۆیان هێرش دەکرێتە سەریان، بۆ ئەوەی بتوانن بە شەو و ڕۆژ بژین لە شەقامەکاندا دەگەڕێن کە ئەمە تاڵترین شێوەی ژیانە نەك کچان بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە سەیری هاوتەمەنەکانی خۆیان دەکەن کە درێژە

بە ژیانی ئاسایی خۆیان دەدەن ئەوان دەکەونە داوی فەرهەنگ و نەریت و یاسای دژە ژنەکان کە بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاوە ئەو یاسایەی پڕە لە هەڵاواردن ناتوانێ هیچ یارمەتییەکی بدات دەرد و ئازارەکانی ئەوان زیاتر دەکاتەوە لە کۆمەڵگە سونەتی و دواکەوتووەکاندا ئەم کەسانە قوربانیی داب و نەریت و ئاینن، بەڵام لە خەباتدا بۆ ڕزگاری ژنان و بەدیهاتنی دنیایەکی یەکسان ئەم قوربانیانە دەبن بە هێزێک لە دژی هەر چەوساندنەوە و هەڵاواردنێک خەبات دەکەن.

یەکێتی ژنانی کوردستان
کتێبخانەی ئەوار
زنجیرە: ........
بەروار: / / ٢٠١

## هەندێ نموونەی هەمەڕەنگ سەبارەت دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان

– (م.ع) : کە خوێنکارە لە پۆلی سێی زانکۆ و تەمەن ٢٢ ساڵە ووتی : ساڵێکی خوێندن و تەمەنم لە دەستدا بەهۆی ئەوەی قبوڵی ژووانەکانی ئەو دڵ ودڵخوازیانەم ڕەتکردەوە کە مامۆستاکەم هەوڵی بۆ دەدا لەگەڵمدا، هیچ کەس لە خێزانەکەم بەمەی نەدەزانی، تەنها هاوڕێکانم نەبێت. خۆشبەختانە ساڵی داهاتووی خوێندنم وانەم پێناڵێتەوە و هەرچۆنێك بوو ئەمساڵم بەڕێکرد.ئەگەرچی ئەو خوێندکارە پێی باش بووە ساڵێك لە تەمەنی خوێندن دوا بکەوێت وەك لەوەی تەسلیم بە فشار و داواکانی مامۆستاکەی بێت، هاوشێوەی ئەو نموونەیەش زۆرە، بەڵام زۆرێکی دیکەش هەن دەچنە ژێر رکێفی واقعەکەوە گەر بۆ کورتکردنەوەی ڕێگاکە بێت یان ڕاکردن بێت لە مۆتەکەی دەرنەچوون، لە هەمان کاتیشدا زۆرێکی تریش هەن تا ئیمرۆ بەهۆی ڕێککەوتنەوە دەناڵێنن و مامۆستایانێکیش هەن چاوەڕێی وەلامی( بەڵێ )یان لێدەکەن.

– (و.ت)ی تەمەن ٢٤ ساڵ کە فەرمانبەرە لە یەکێك لە دامودەزگاکان دەڵێت : هەمیشە لە دڵەڕاوکێ و ترسدا دەژیام ئەو کاتەی زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دەدا، چونکە هەستێکی چەوساندنەوەی لا دروست کردبووم، بەرپرسم بوو و هەوڵی دەستبردنی دەبرد بۆ قژم وزۆری لێدەکردم ئامادەی کۆبونەوەکان بم کە پێویستی بەمن نەدەکرد، جگە لەوەی نامەی جنسی ئابڕوبەرەی

بۆ دەناردم ئەگەرچی دەرفەتم نەداوە هیچ کات دەستی بۆهیچ شوێنێکی جەستەم ببات و درێژ بکات .

– ( ت، ب) ی تەمەن ٢٨ ساڵی فەرمانبەر ووتی : ئازار و دەردەسەرییەکانم ماوەی ساڵێکە دەستی پێکردووە، زۆر خۆڕاگر بووم لە بەردەم ئەو فریودان و خەڵەتاندن و داخوازییانەی بەرپرسەکەم لێیدەکردم لە کارەکەمدا پێش ئەوەی ئەو دەستدرێژیە جنسییانە ببێتە تۆڵە و پاش ئەوەی داواکارییەکانیم ڕەت کردەوە. ئازار و بێزارییەکانم لەو کاتەوە دەستی پێکرد و لە هەموو کاتێکدا تەداخولی بچوکترین و گەورەترین کارەکانی دەکردم لە پێناو بێبەشبوونم لە و دەستکەوت و داهات و پلەپێدانەی ماف خۆم بوو لە ڕووی توانا و کارەکانمەوە وەری بگرم، جگە لەوەی پاش ئەوەی بێئومێد بوو لێم فشاری دەخستە سەرم بۆ پاڵپێوەنانم لە بەجێهێشتنی شوێنەکەمدا.

– (ن، ب) : ی تەمەن ٤٢ ساڵ کە سکرتێرەی یەکێکە لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی کۆمپانیاییەکی گشتیدا دەڵێت :ماوەی زیاد لە شەش مانگە لە دڵەڕاوکێ و پەشۆکیی بەردەوامدا ژیان دەگوزەرێنم کە بەهۆی ڕەفتارە نەشیاوەکانی بەڕێوەبەرەکەم و بەسەربردنی زۆرترین کاتی ڕۆژانەی کارەکانم لە نوسینگەکە لەگەڵیدام، چونکە هەمیشە بیردەکەمەوە بۆ هەڵبەستنی ڕێگەیەك بۆ خۆلادان و دورکەوتنەوە لەو تێڕوانینە بێئابڕو و هەوڵە بەردەوامانەی بۆ دەستبۆبردنم هەیەتی، کە بەشێوەیەکی خراپ کاری تێکردووم تەنانەت کە دەگەڕێمە ماڵەوەش هەست دەکەم ماندوبوونی

بەردەوامی مێشکم وتوڕە بوون بۆتە بەشێکی هەڵسوکەوتەکانم و کاریگەری خراپیشی لەسەر ئەو دوو کچەم هەیە کە تەنها منیان ماوە لە ژیاندا " بێگومان پێداویستی و گرنگیم بە کار و بەرپرسیارێتی خێزانییە وام لێ دەکات کە ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە پەسەند بکەم، ئیدی تا کوێ و چەند دەتوانم نازانم ؟

–(س، ع) ی تەمەن ٢٠ساڵی فەرمانبەردەڵێت : جیاوازی کارکردن نییە لە نێوان دامەزراوەیەکدا کە بەشێکی تێکەڵاو بێت یان شوێنێکی تایبەتکراو بێت تەنها بە ژنان، بەو پێیەی لە هەردو جێگاکەدا کارمکردووە و بە حوکمی کارەکەش تێکەڵبوون هەر ڕوو دەدات. لە لایەن بەڕێوەبەری کارەکەم ڕوبەڕووی دەستدرێژیکردن بومەتەوە ئەوە ئەزموونی یەکەمی کارکردنم بوو پاش ئەوەی کۆلێجم تەواو کرد زۆر ماندوو بووم تا وەزیفەیەکم دەستکەوت لە کەرتی تایبەتدا بەڕێوەبەرەکەم لە تەمەنی باوکمدا دەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتاری سەیرم لێ بەدیدەکرد، بە هەر شێوەیەك بوو بێت هەوڵی دەستبۆبردنی دەدا، بە دەستی فشاری دەخستە سەر پێنووس یان لاپەڕەکەی بەردەمم سەرسام بووم پێی بەوەی هەمیشە ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکرد داخۆ ئەو پیاوە پیرە چی لێم دەوێت ؟! هەمیشە تێڕوانین و جوڵەکانی بێزاریی دەکردم پاش ماوەیەك لە برادەرەکانمەوە زانیم لەگەڵ هەموویاندا بەو شێوەیە مامەڵە دەکات ولەو قۆناغەدایە کە پێی دەوترێت چۆتە تەمەنی پێگەیی هەرزەکارییەوە......بە ناچاری لەو شوێنەدا مامەوە تا ژیانی

هاوسەرگیریم پێکهێنا و شوێنی کارکردنم گواستەوە بۆ جێگەیەکی تر وئیدی لە یەکێك لە دامەزراوەکانی ژناندا کارم کرد ...

– ( ر، ح) : لـــە ڕێگـــەی تەلـــەفۆنی کـــارەوە ڕووبـــەڕووی دەســتدرێژیکردن بــوو بـۆوە و بــاس لەبەســەرهاتەکەی خــۆی بــەم شێوەیە دەکات : ئەگەرچی لە یەکێك لـە دامەزراوەیەکی ژناندا کـارم دەکرد، لە ڕووی پەیوەندی کارەوە دابڕاو نـەبووم وتـەنها لـە ڕووی شوێنەوە جیا بوون لە یـەکتری، کارەکـەم بەشێوەیەك بـوو ناچـاری دەکـردم لـە ڕێـی تەلەفونـەوە پەیوەندییـەکانم ئـەنجام بـدەم لەگـەڵ بەرپرسی بەشـەکانی پیاواندا، بۆیـە جارێـك بـەهۆی پەیوەندییـەکی تەلەفۆنییەوە دووچـاری دەسـتدرێژیکردنی زارەکیـی بومـەوە لەلایـەن بەڕێوەبەری ئەو بەشەی کـارم تێدا دەکـرد، هـەوڵی پەیوەندیکردنی دەدا پێمەوە لە دەرەوەی کاتەکانی کارکردن بە پاساوی جیاجیاو بێ ئەوەی هیچ زەرورەتێکی هەبێت، پاش ئەوە قسەکردنەکانی دەگۆڕی بۆ باسی تایبەت بەخۆی و باروددۆخی ژیانی لەگەڵ ژنەکەیدا، منیش بە حوکمی ئەوەی بەڕێوەبەری کارکەم بوو بە ناچاری گوێم لێ دەگرتـوو تا ئەوەی ئیدی بێزاربووم، چونکە قسەکانی لە بـەکارهێنانی ووشـەی بواری کارکردنەوە بوو بە ووشەی سۆز و خۆشەویستی و سکاڵاکردن لـە هاوسـەرەکەی بـەوەی فەرامۆشـی دەکـات و بـیرو تێڕوانینـەکانی لەگەڵ ئەمدا جیـاوازە و زۆرێـك لـەو قسە بێزارکەرانـەی پەیوەندیـدار نـەبوون بـە منـەوە تـا ئـەو ڕادەیـەی گەیشتە ئـەوەی بڵـێ لـە کـاتی گوێگرتن و قسەکردن لەگەڵتدا هەست بە ئـارامیی و مورتـاحی دەکـەم ئیتر من سەرسام بووم ولەوێوە گرفتەکانم سەرچاوەی گرت.....

(ب– ا) : ی تەمەن ٢١ ساڵی خوێندکارە پێی وایە ڕازاندنەوە و جوانکاری کچان بە ئەندازەیەك ئەگەرچی دەبێتە سەرنجڕاکێشکردنی کەسی بەرامبەر، بەڵام هیچ کات پاساو نییە بۆ ڕێخۆشکردنی پیاوان تا دەستدرێژی بکەنە سەر ژنان، چونکە پۆشینی جلوبەرگ یەکێکە لە ئازادییەکانی مرۆڤ و هیچ پاساو نییە بۆ هێرشکردنە سەری، وێڕای ئەوەی ئەو بەڵگەیەی زۆرێك لەوان گوزارشتی لێدەکەن بەوەی ئاڵ و واڵا و نەپۆشینی جلوبەرگی کچانە وا دەکات کاریان تێبکات، پاسا و و بەڵگەیەکی ڕزیو و کۆنە و یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ سادەترین و ساناترین ڕێسا وبنەما شارستانیی و ئازادییە تایبەتی و کەسایەتییەکاندا، چونکە بۆ نموونە گەر کوڕانی لاو مافی پۆشینی تازەترین مۆدێلی جلوبەرگیان هەبێت ئەی بۆ دەبێت کچان هەمان ئەو مافەیان نەبێت و گرفتی بۆ دروست بکرێت لە ڕوانگەی نەبوونی جیاوازی و جیاکاری لە نێو ڕەگەزەکان و وەکیەکی مرۆڤەکاندا ؟

(س، م) : کچێکی جوانی بەسەلیقە و ڕوخۆشی تەمەن ٢٤ ساڵ بوو، پاش ئەوەی کۆلیجی تەواو کرد هەموو خەونێکی دامەزراندن بوو تا بتوانێت ماندووبوون و هیلاکی دایك و باوکی برەوێنێتەوە و دڵخۆشیان بکات، پاش ماندووبوون و هەوڵدانێکی زۆر لە یەکێك لە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا دامەزرا. هەستی بەخۆشی و حەوانەوەیەکی زۆر کرد وهەموو هەوڵێکی لە پێناو حەوانەوە و دڵخۆشکردنی باوانیدا تەرخان کردبوو بە تایبەت کە هەستی دەکرد کچی گەورەیە و دەیویست کەمێك لە باری قورسی باوکی کەمبکاتەوە و پێی وابوو لە لایەن هاوڕێ و برادەرانی کارەکەیەوە خۆشەویستی و

ڕێز پێکەوە گرێیان دەدات لە کاتێکدا زۆر جار لە لایەن یەکێك لە برادەرەکانێوە هەستی بە سەیرکردنێکی ناناسایی دەکرد بۆی، بەڵام پشتگوێی دەخست، لە سەرەتاوە بایەخی پێی نەدەدا بە تایبەت چونکە نزیك بوو لە بەرپرسی کارەکەیەوە، بەڵام پاش ماوەیەك زیاتر هەستی بە هەوڵەکانی دەکرد کە دەیویست موغازەلەی بکات ئەوە جگە لەوەی بە مەبەستەوە هەوڵی دەدا لە تەنیشتییەوە بوەستێت و بیدوێنێ، لێرەوە گومانەکانی ( س، م ) ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەگەرچی هەندێ جار پاساوی بەوە دەهێنایەوە کە ڕەنگە مەبەستی هاوسەرگیری بێت پاش کەمێك خۆی وەڵامی دەدایەوە بەوەی چۆن خۆ ئەو ژنی هەیە. یەکێك لە جارەکان لە جەستەی نزیك بۆوە و ویستی دەستی بگرێت ئیدی دڵنیا بوو لە مەبەستەکەی و تا توانی شەپازلەیەکی کێشا بە ڕومەتیدا، پاشان برادەرەکانی لێ ئاگادارکرد و داوای لێکردن کە لەگەڵیدا بچن بۆ یەکێك لە بنکەکانی پۆلیس تا سکاڵای لە دژ تۆمار بکات، ئیدی جگە لەوەی داوای سنوردانان و دورکەوتنەوەی لێکرد، ژنەکەیشی لێ ئاگادار کردەوە.

(و، ل) : کچێکی قەشەنگی کۆمەڵایەتی وکراوە بوو لە پەیوەندییەکانیدا بێ جیاوازی لە نێوان کوڕان و کچانی برادەری گفتوگۆ و دیالۆکی دەکرد وەك خۆی دەیووت ئەو جۆری مامەڵەکردنەم گرێدراوی پەروەردەی خێزانیم بوو کە هەمیشە هیچ جیاوازییەك نەدەکرا لە نێو ڕەگەزە جیاوازەکانی خێزانەکەمدا، بۆیە لە نێو برادەرانی کارەکەیدا جێی سەرنج بوو هەندێك لە برادەرانی فەرمانبەری بە ووشەی جۆر بەجۆر ووشەی سێکسی و موغازەلەیان

دەکرد، هەندێکی دیکەیان بە هۆی بە هەڵە تێگەیشتنیانەوە لە شێوازی مامەڵەکردنەکانی هەوڵیان دەدا دەستدرێژی بکەنە سەرجەستەی. تا ڕۆژێك یەکێك لە برادەرەکانی پەلاماریدا ماچی بکات لە بەرامبەرئەوە کچەکە بە بێدەنگی پاڵێ پێوە نا و داوای لێکرد دوور بکەوێتەوە لێی پاش گریان و خەفەتێکی زۆر بەو مامەڵەکردنانە داوای گواستنەوەی کارەکەی کرد بۆ بەشێکی دیکە لە کۆمپانیاکە.

( ب، م) : پێی وا بوو یاسا هیچ ڕێگرییەکی لەو دیاردەیە نەگرتووە، چونکە بە تاوان سەیر ناکرێت و جگە لە ناوزڕاندن هیچ لێپرسینەوەیەکی بۆ کەسی تاوانبار نییە ئەمە و خاتوو( ب )ی تەمەن ۳۰ ساڵ زۆر بە نائومیدی و ڕەشبینییەوە ووتی : پاش ئەوەی لە لایەن بەرپرسەکەمەوە دەستدرێژیم پێکرا و منیش هەڕەشەی ئەوەم لێکرد کە سکاڵای لە دادگا لەسەر تۆمار دەکەم زۆر بە بێشەرمانە ووتی : چ بەڵگەیەکت هەیە و کێ باوەڕت پێ دەکات، پاش ئەوەی پرسم بە هاوڕێیەکی پارێزەرم کرد و ئاگادارم کرد کە داوای سێکسی و تەنانەت جۆرێ لە هەڕەشەی لێکردووم هەمان قسەی دووبارە کردەوە کە گەر بەڵگەیەکی بەرجەستە نەبێت ناتوانرێت هیچ ئیجرائاتێکی بەرامبەر بکرێت بە تایبەت هیچ دەقێکی یاساش پشتیوانی لێناکات....

( ع، ك) : ی فەرمانبەری تەمەن ۲۲ ساڵ لە یەکێك لە دامودەزگا فەرمانڕەواییەکاندا بە بێزارییەکی زۆرەوە باسی لە حاڵەتی خۆی کرد کە چۆن لە لایەن بەڕێوەبەری فەرمانگەکەیەوە هەوڵی دەستدرێژیکردنی سێکسی پێ دەکرا و تا ناچار بوو واز لە کارەکەی

بهێنێ و ووتی : هەمیشە بێ هیچ کارێکی دیاریکراو بانگی دەکردمە ژورەکەی و کاتێك دەچوومە ژورەوە پاش هەندێ پرسیاری لاوەکی تایبەت بە کارەکەم هەوڵی دەدا دەست بە سەرمدا بێنێ و پەلاماریدام تا ماچم بکات، وە کاتێك بەرامبەری وەستام و ڕووبەڕووی بومەوە یان بە واتایەکی دیکە دڵنیا بوو لەوەی ڕەتی داواکەیم کردەوە بە لایەکی تردا بایدایەوە و ووتی تۆ وەك کچی خۆم سەیر دەکەم و بۆچی وا بە توڕەییەوە مامەڵە دەکەیت، ئیدی دوا بەدوای ئەو هەڵویستە هەمیشە هەوڵی بێزاربوون و ئامەقی دەکرد بەرامبەر بەوەی بێبەشی دەکردم لە پاداشتکردن وەك ماڵ هەر فەرمانبەرێکی دیکە، کاتێك سەردانی مەیدانیمان دەبوو بە پاساوی جیاجیا منی نەدەنارد، جگە لە بێبەشکردنم لەو سەفەرانەی وەك بوار و پسپۆری کارەکەم ماڵ خۆم بوو، ئەوەش بە پاساوی ئەوەی سەفەرکردنەکە چەند ڕۆژێکی پێ دەچێت و دەیووت تۆ کچیت، بێ ئەوەی من هیچ ناڕەزایی و ڕێگرییەکی سەفەرکردنم هەبێت و تەنانەت زۆر حەزم لە کارەکیشم بوو، تا دوا جار ناچار بوم شوێنی کارەکەم بەجێ بهێڵم و خۆم بۆ فەرمانگەیەکی دیکە بگوێزمەوە پاش ئەوەی دڵنیا بووم هیچ کەس پشتیوانیم لێ ناکات و تەنانەت گەر سکاڵایش لەسەری تۆمار بکەم ناتوانم جگە لە قسەکردن بە بەڵگەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێنم چونکە شتێك نییە بەرجەستە بێت و بێگومان ئەویش هەقیقەت ڕەت دەکاتەوە و بگرە دەشێت تاوانباریشم بکات یان هەر وەك خۆی ووتی ئابڕووبردن تەنها بۆ تۆیە و کەس بڕوات پێ ناکات.....

(ت، ق) : ی تەمەن ١٩ ساڵ خوێندکاری پۆلی یەکەمی یەکێك لە زانکۆکان بوو، لە لایەن مامۆستاکەیەوە دووچاری وەپسکردن و سەرکردنەسەر دەبۆوە دەڵێت : مەسەلەکە لەو سەیرکردنانەوەی دەستی پێکرد کە ئاماژە بوون بۆ هێمای سێکسیی، پاشان گەشەی کرد بۆ دۆزینەوەی دەرفەتێك بە مەبەستی نزیکبونەوەی زیاتر لێم تا ڕۆژی وەرگرتنی دەرئەنجامی تاقیکردنەوە کە سەرسام بووم بە پلەکەم، چونکە لە ئاستی زیرەکی هەمیشەیی خۆمدا نەبوو، پاش سەیرکردنی دەرئەنجامی سەرجەم پرسیارەکان دەرکەوت کە هەندێ لە پرسیارەکانی بەجێهێشتووە و هیچ نمرەیەکی بۆ دانەناوم پاش ئەوەی لە وانەکەدا ئاگادارم کرد و پێم ڕاگەیاند، داوای لێکردم پاش وانەکە سەردانی نوسینگەکەی بکەم، کاتێ سەردانی نوسینگەکەیم کرد مامۆستاکە پێی ووت بەرامبەر ڕازی بوونت بە هاتنە دەرەوە لەگەڵمدا پلەیەکی زیاترت پێ دەدەم، بەڵام پاش ئەوەی وەڵامی ( ت) بە نەریێ و ڕەتکردنەوەی داوای ممۆستاکەی بوو لە کۆتایی ئەو مانگەدا سەرسامتر بوو بە پلەکەی کە بریتی بوو لە ٣٥٪ ی لە کاتێکدا خۆی شایستەی زیاتر لە ٧٥٪ بوو.

( م، ل) : ی تەمەن ٢٤ ساڵ کە سکرتێرە بوو لە یەکێك لە کۆمپانیاکان دەڵێت : بەڕێوەبەرەکەی کە بە ٢٠ ساڵ گەورەتر بوو لێی و خاوەنی ٤ منداڵە داوای لێکرد یەکێك لە فایلەکانی پێویستە تا بۆی بەرێتە ژوورەکەی، بەڵام (م) ئەگەرچی خۆی غافڵ کرد، بەڵام تێبینی ئەوەی کرد کە سەیرکردنەکانی بۆی نائاساییە و بە ئاشکرا و سەرنجەوە لە جەستەی دەڕوانێت، بەڵام لە کاتی دانانی فایلەکەدا

بەڕێوەبەرەکەی دەستی دەگرێت و بەخێرایی لێی نزیک دەبێتەوە و دەیەوێت باوەشی پیابکات.پاشان (م) بە پەلە و شپرزەیی و سەرسامییەوە دەچێتە دەرەوە و بەرەو ماڵەوە هەنگاو دەنێت، بەڵام لە ڕۆژی دوای ئەوە سەرسامتر دەبێت بە بڕیاری دەرکردنی لە شوێنی کارەکەی و پاش ئەوەی وەك مافێکی خۆی داوای ڕوونکردنەوە دەکات سەبارەت بەو بڕیارە، بەڕێوەبەرەکە زۆر بێشەرمانە بانگی دەکات وپێی دەڵێت لەبەر ئەوەی تۆ یەکێکی لەو کەمینانەی داواکەمت ڕەت کردەوە و لە ڕۆژی پێشتردا هیچ وەڵامدانەوە و کاردانەوەیەکی باشم لێ بەدی نەکردیت، بۆیە پێویستم بە کارەکەت نییە.

( س، م) : ی تەمەن ٢٧ ساڵ باس لەو بێزاری و وەرسکردنانە دەکات کە لە لایەن بەڕێوەبەری کارەکەیەوە ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە ئەوەش بە هێما و ئاماژەی سێکسی دەستیپێکرد بەشێوەیەك بووبوە مایەی بێزاری و بێتاقەتیم پاشان بارودۆخەکە گەیشتە ڕادەی تان و تەشەرەی سێکسی، خاتوو (س) درێژەی بە قسەکانی کرد و ووتی : پاش ئەوەی زۆر بێتاقەت بووم ماڵەوەم لێ ئاگادار کردەوە دایکم ڕێگەی لێگرتم و ناچاری کردم واز لە دەوام بهێنم بە پاساوی ئەوەی لە چارەنووس و داهاتووم سڵ دەکاتەوە بەو جۆرە مامەڵەکردنەی بەڕێوەبەرەکەم.

(ت، م) : ی تەمەن ٣٠ ساڵ کە مامۆستایە لە یەکێك لە قوتابخانەکاندا باس لەو دەکات کە بە درێژایی ڕێگەکەی لە ماڵەوە بۆ شوێنی کارەکەی ڕوبەڕوی جۆرێك لە دەستدرێژیکردن دەبێتەوە کە

زوربەیان زارەکین یان لە ڕێگەی دژایەتی و دەستدرێژیکردنەوە دەبێت لە ڕێ تەلەفۆن یان بلوتوت کە بە خزمەتگوزارییەکی بێزارکەر ناوی برد و ووتی : زۆر جار بەهۆی زەنگی تەلەفۆنەوە بەخەبەر هاتووم و کاتێ وەڵامم داوەتەوە گوێبیستی قسەی سەیرو سەمەرەی جیاواز بووم لەوانە : دەمەوێت ببیت بە هاوڕێم، کەی بتبینم، من معجبم پێت، دەمەوێ بتناسم، دەمەوێ شووم پێ بکەیت، خۆشم دەویت.....هتد چەندین ووتەی ناڕاست و بێزارکەری لەو جۆرە کە تەنها مەبەست لێی ڕابواردن و کات بەسەر بردنە و وهیچی دی، ئەمە جگە لەوەی لە ڕێی چوونم بۆ شوێنی کارەکەم زۆرێك لەو ئۆتۆمبیلانە بەدیدەکەم کە لەکاتی بینینی کچاندا تێدەپەڕن بەشێوەیەکی بێزارکەر لادەدەن وخۆیان نزیك دەکەنەوە و تانەو توانجی جۆربەجۆر فڕێ دەدەن، جگە لەووشەی جیاواز وەك ( بەقوربانت بم، بەخوا جوانیت، سەرناکەویت لە گەڵمدا، بۆ کوێ دەڵێیت حازرم، چی دەڵێت لە خزمەتدام... هتد )کە هەموو ووشەی بێزارکەرن و بێتاقەتی و شڵەژان و نائارمیی و گرفت بۆ مێینەکان دروست دەکەن.

(ك، ی) : یەکێکە لەو ژنانەی ڕووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بۆتەوە، ئەو ژنە لە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتدا فەرمانبەرە و ئاماژە بەوە دەکات لە کاتی چوونی بۆ بازاڕ لە لایەن دوکاندارێکەوە هەوڵی دەستدرێژی سێکسی بۆ دراوە. ( ك، ی ) ی تەمەن (٢٠) ساڵ گووتی : لە تەمەنی ١٠ ساڵیمدا بووم کە لە کارگەیەکی چلوورەی نزیك ماڵی خۆمان و لە نیوەڕۆیەکی وەرزی هاویندا کە بۆ چلووره کڕین ڕۆشتبووم لە لایەن کوڕێکی نزیکەی تەمەن (٢٠) ساڵییەوە ڕووبەڕووی پەلاماردان بوومەوە کە تا ئێستاش

کاریگەری هەیە لەسەر باری دەروونیم و تووشی جۆرێك لە ترس و تۆقاندنی کردووم. تەنانەت وام لێهاتووە بۆ هیچ شوێنێك بە تەنها نەڕۆم و بە هیچ کوچە و کۆڵانێکیشدا تێنەپەڕم تەنها لە شەقامە گشتییەکانەوە نەبێت.

( ئ، م) کچە خوێندکاری کۆلێژی یاسا باس لەوە دەکات کە لە قۆناغی ئامادەیی و لە کاتی چوونی بۆ قوتابخانە لەناو پاسدا لە لایەن پیاوێکەوە کە وەك خۆی دەڵێت تەمەنی نزیك لە تەمەنی باوکێەوە بووە دەستی بۆ براوە و ئەوەندەش کاری تێکردووە کە لە تاقیکردنەوەی ئەو ڕۆژەدا سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە لەو کاتەوە بڕیاری داوە زۆر بە دەگمەن و تەنانەت بە تەنها بە پاس هاتوچۆ نەکات.

(ب، ن ) : ی خوێنکاری ٢٠ ساڵ یەکێکە لە دەستدرێژیکەرەکان وجەخت لەوە دەکاتەوە بەوەی دڵداری و چاوبازی کچان دەکات لە شەقامەکاندا و دەڵێت : بە هیچ ووشە و دەربڕین یان جوڵەیەکی ناپاك و ناپەروەردەیی دەرنابڕم، بەڵام ووشەی جوان، نەرم و ڕازاوە بەکار دەهێنم بەشێوەیەك زەردەخەنە بخاتە سەرلێوی کچان و ڕەنگە دەرئەنجام یەکترناسینی لێبکەوێتەوە.ئەم حاڵەتە ئەوە دەخاتە ڕوو بەوەی مەرج نییە دەستدرێژی و دەستدرێژیکردنەکان تەنها ووشەی بێزارکەر و وەڕسهێنەری بۆ بەکار بێت، بەڵکو پێچەوانەکەیش دەبێتە ئەلتەرناتیڤێ بۆ دەستدرێژی لەجۆر و دیدگایەکی دیکەوە بەوەی ناچار یان جۆرە کاردانەوەیەکی جیاوازتر دەخاتە باوەڕ و دەروونیی بەرامبەرەوە، بە مانایەکی دیکە جۆرە پێخۆشبوونێك دەبێت بۆ کەسی بەرامبەر، ئەگەرچی لە لایەن هەندێ لە کچانیشەوە هەمان ئەو جۆرە دەستدرێژییەش بە سوکایەتی لێکدەدرێتەوە و کارێکی بێزارکەر و وەڕسهێنەرە

( ب، ك) : توێژەرێكە لە یەكێك لە خوێندنگەكاندا و تەمەنی ٢٨ ساڵە باسی لەوە كرد باسكردن و ڕووبەڕووبونەوەی ژنان بە دەستدرێژی سێكسی یەكێكە لەو باس و گرفتانەی بەردەوام ژنان پێوەی دەناڵێنن و ناتوانن بیدركێنن و هۆكاری نەدركاندنیشیان زۆرە كە بە پلەی یەكەم گەڕاندێوە بۆ ترسیان لە سومعە و ناوزڕاندنیان جگە لەوەی ووتی : دەستدرێژی تاوانێكی نەخلاقییە كە دەرهەق بە ژنان دەكرێت و شاردنەوە و بێدەنگبونیشیان دەبێتە هۆی تووشبونیان بە نەخۆشییە دەرونییەكان كە خۆی لە چەند حاڵەتێكدا دەبینێتەوە لەوانە : ترس، دڵەڕاوكێ، شپرزەیی، دوركەوتنەوە لە كۆمەڵگە، گەندەڵی كۆمەڵ، بێمتمانەیی و بروانەبوون بەخۆ، هەستكردن بەجۆرێك لە شەرم و كەمیی، كە ئەوەش كاریگەری خراپ دەخاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی، جگە لەوەی شاردنەوە و بێدەنگبون لێی لە بەرژەوندیدا نییە لەبەر ئەوەی بەو ڕەفتارەی بارمەتیدەر دەبێت لەسەر تێكشكان و ڕوخانی كۆمەڵگە.

هەندێك لەو نموونانەی ئاماژەی پێكرا نموونەیەكن لە كۆی ئەو دەستدرێژیانەی ڕۆژانە لە كۆمەڵگە جۆربەجۆرەكاندا ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە و واقعی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ كە ژنان بە جیاوازی تەمەنیان و لە شوێنە جیاجیاكاندا بە شێوازی جۆربەجۆر دەستدرێژییان پێدەكرێت و بەهۆیەوە تووشی حاڵەتی دەروونیی نائارام دەبنەوە.بەدەر لەو ڕاستییەی نموونەیەكی كەمیی هەمەڕەنگی و هەمەجۆری جۆر و شێوازەكانی دەستدرێژیكردن دژ بە ژنان دەخاتە ڕوو كە نەك تەنها بوونە ئەو دیاردەیە لە شەقامەكاندا ڕوو دەدات بەڵكو سەرجەم ناوەندەكانی كوچە و كۆڵان، كەرتی گشتی و تایبەتی، فەرمانگەكان.

## ئامارەکان چیمان پێ دەڵێن !!؟

ئامار و لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئەم دەردە کۆمەڵایەتییە جیهانییە ژمارەی ترسناک دەخەنە ڕوو کە ئاماژەی مەترسیدارن لەسەر تەشەنەکردنی خێرایی ئەم دیاردەیە لەسەر ئاستی جیهاندا، بە شێوەیەك زۆربەی وڵاتان ئەم حاڵەتەیان تێدا تۆمارکراوە هەر وڵاتە بە پێی تایبەتمەندێتی ژمارە و داتا و هۆکارەکان و جۆری ئەو دەستدرێژییە دەگۆڕێت دەرئەنجام ڕۆژانە دەیان و سەدان ژن دەبنە قوربانی ئارەزووە و حەزەکانی پیاوان تەنانەت لە وڵاتانی ئەوروپا تێکڕای ڕووداني دەستدرێژیکردن بە ژنان لە چەند چرکە وخولەکێکدا تێپەڕ ناکات.

شارەزایانی زۆربەی وڵاتانی دونیا پێیانوایە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا یان ئامار دەربارەی زۆرێك لە مەسەلە تایبەتمەندەکانی بە ژنان کە دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان یەکێکە لەوانە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و کۆنترۆڵکردنی قورسە و زۆر جاریش ئاماری دژ بەیەکی لێهاتۆتە بەرهەم لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و جیهانییدا، جگە لەوەی ئەوەی کارەکە ئاڵۆزتر دەکات ئەوەیە کە ٪٩٠ ی ڕووداوەکان پۆلیسی لێ ئاگادار ناکرێتەوە، ئەمە تەنها یەکێکە لەو ئامارانەی لە دوا ڕاپۆرتی تاوانەکانی ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هاتووە، لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشدا بەدەر لە بوونی ئەو کێشەیەش ئەگەر پۆلیسیشی لێ ئاگادار بکرێتەوە نەتوانراوە هۆشمەندانە مامەڵە لەگەڵ واقع و ژمارەکاندا بکرێت و بگرە زۆر بە دەگمەن کار لەسەر ئامار دەکرێت و زۆربەی جاریش دەرئەنجامەکان لای کەسێك یان لایەنێکی دیاریکراودا قۆرغ دەکرێت و ئاشکرا ناکرێت.

- ئەوروپا :

بریکاری ئەوروپی بۆ کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ( انا دیامنتوبولو) کە خۆی بە یەکێك لە قوربانیانی گێچەڵپێکردنی سێکسی دادەنێت لە کاتێکدا خوێندکار بوو ووتی: قەبارەی ئەم دیاردەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەست پێنەکراوە، ٣٥٪ ی ژنان لە شوێنەکانی کارکردندا ڕوبەڕووی یەکێك لە شێوازەکانی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە.جگە لەوەی ئامارەکانی کۆمسیۆنی ئەوروپی ئاماژە بەوە دەکات لە ماوەی ساڵی پێشوودا نزیکەی ٥٠٪ ی ژنانی کارکردوو دووچاری دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە. جگە لەوەی پەرلەمانی ئەوروپی لە ئامادەسازیدان سەبارەت دەرکردنی یاسایەك تایبەت بە دەستدرێژیکردنی سێکسی لە شوێنەکانی کارکردندا بەشێوەیەك ئەو ڕەوشت و هەڵسوکەوتانە وەك تاوانێك تەماشا بکرێت لەکاتی سەلماندنیدا.ئەگەرچی بۆ یەکەم جارە لەو یاسایەدا مانای دەستدرێژیکردنی سێکسیی لە ڕووی یاساییەوە دیاری بکرێت، چونکە بە پێی جیاوازی یاساکان بابەتێکی سەخت بوو لە نێوان وڵاتە ئەوروپییەکاندا.جگە لەوەی لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا ئەو یاسایە ژنان و پیاوانیش دەپارێزێ لەو جۆرە دەستدرێژیکردنانە لەکاتی تۆمارکردنی سکاڵا و سەلماندنی بوونی جیاکارییەکی پەیوەندیدار پێوەی لە شوێنی کاردا. وێڕای ئەوەی یاساکە لە ڕوویەکی دیکەوە زامنی مافی ژنان دەکات سەبارەت گەڕانەوەی بۆ شوێنی کارەکەی پاش وەرگرتنی مۆڵەتی سکپڕی و لەدایکبوونی منداڵەکەی.

- ئەمریکا :

دەرئەنجامی توێژینەوەیەک کە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا ساڵی ١٩٨٧ دا ئەنجامدرا کە ( ٦١٥٩ ) خوێندکار لە (٣٢) کۆلێژی جیاجیای لەخۆ گرتبوو بە پێی ئەنجامی راپرسییەکە دەرکەوت ٥٤٪ لەو خوێندکارانە دەستدرێژیان کراوەتە سەر و ١٥٪ یان بە تاقیکردنەوەیەکدا تێپەڕیون کە دەتوانرێ پێناسەی یاسایی فڕاندنی بەسەردا بسەپێنرێ، لەسەرجەم حاڵەتەکاندا تەنها ٥٪ یان لە لایەن دەزگاکانی پۆلیسەوە تۆمارکراون لەبەر هۆیەك یان هۆیەکی دیکە، نزیکەی ٤٢٪ یان هیچ کەسێك یان دەزگایەکیان ئاگادار نەکردۆتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن لە ساڵی یەکەمی زانکۆدا ئەگەری دەستدرێژی زیاترە لە ساڵانی تر و پەیوەندییەکی ڕوون هەیە لە نێوان خواردنەوەی مەی و دەستدرێژی سێکسی وە ئەوانەی بەم کارە هەڵساون ٧٤٪ یان مەی خۆر بوون یان لەژێر کاریگەری مەی دابوون، ئەوانەیشی دەبنە قوربانیی نزیکەی ٥٠٪ یان لە هەمان باردا بوون.بە پێی دوا لێکۆڵینەوەیەك کە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەنجامدراوە سێ بەشی ژنان و پێنج بەشی پیاوان لە قۆناغی منداڵیدا دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر.

- ئیسپانیا :

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە ساڵی ٢٠٠٥ پەیمانگای ژنان لە مەدریدی پایتەختی ئیسپانیادا ئەنجامیدا هاتووە ملیۆن و سێ سەد و دە هەزار کارکردوو ڕوبەڕووی یەکێك لە شێوازەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بونەتەوە واتە ١٥٪ لە کۆی ژمارەی کارکردووانی ئیسپانیا

که دەگاتە هەشت ملیۆن و چوارسەد وبیست وپێنج هەزار کارکردوو. جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بە ڕازهێنانی چل هەزار کارکردوو کرد لە کارەکانیان بەو هۆیەوە.

- ئیسرائیل :

دەرئەنجامی ئامارەکانی " دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی شوێنگەی ژنان لە نوسینگەی سەرۆك وەزیران و پەیمانگای جیووکرتوجرافیا " دەریخست، ٦٠٠ کەس لە ژنانی کارکردووی سەهیۆنییەکان لە ناوەندە جیاوازەکاندا بەشدار بوون، ٣٥٪ ی حاڵەتەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی لە لایەن بەرپرسی ڕاستەوخۆوە ئەنجام دەدرا و ٢١٪ ی حاڵەتەکان لە لایەن بەرپرسە گەورەکانەوە بەڕێوە دەچوو لە شوێنەکانی کاردا بە تایبەت لە شوێنە گەورەکانی کارکردن و کارگێڕییە جەماوەرییەکاندا، هەروەها دەرئەنجامەکان دەریانخستووە سێبەشی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی دەستدرێژیکردن بونەتەوە هیچ هەنگاوێکیان بۆ چارەسەر دانەناوە بەهۆی مەترسیان لە شەرم و ترس و عەیبە لەوەی ببنە نمونە.لە ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی (٣٤٨) سکاڵا لە لایەن ژنە سەربازەکانی سوپای ئیسرائیلەوە سەبارەت بە دەستدرێژیکردنی سێکسی بوونی هەبوو، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ٣٪ زیادی کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٤ دا گەیشتۆتە (٢٨٥) حاڵەتی تۆمارکردنی داوا لە لایەن ئەو ژنانەوە.لە ٩٥٪ ی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتەش دەبنەوە لەوانەن بروایان بە خزمەتی سەربازی بەزۆر هەیە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان ڕێژەی سکاڵاکان سەبارەت دەستدرێژیکردنی سێکسی جەستەیی لە ٦٧٪ لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ لە ٦١٪ لە ساڵی ٢٠٠٤ کەمبۆتەوە، بەڵام ڕێژەی سکاڵاکان دەربارەی بە دەستدرێژیکردنی سێکسی بە قسە زیادی کردووە.

- بەریتانیا

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی بەرگری بەریتانی نزیکەی نیوەی ژنانی چەکی ئاسمانی لە لایەن هاوکارە نێرینەکانیانەوە تووشی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان هاتوون، بە پێی لێکۆڵینەوەکە ئەو ژنانە لە لایەن زیاتر لەیەك پیاو کە لە پلەی سەربازی لە خۆیان بەرزترن تووشی ئەمکارە دێن، چەکی ئاسمانی بەریتانیا زیاتر لە ٤٦٣٥٠ کەس لە خۆ دەگرێت کە ٣٦٠٠ ژنن.

- هندستان

دەسەڵاتدارانی شاری نیودهلی هیندی دوای ئەوەی نەیانتوانی سنورێك دابنێن بۆ ئەو دەستدرێژیکردنانەی دووچاری ژنە گەشتیارەکان دەبێت لە لایەن پیاوانەوە بۆیە ناچار بوون خزمەتگوزاری گواستنەوەی تایبەت بە ژنان دابنێن و پاسی تایبەت بۆ ژنانی گەشتیار تەرخان بکەن تا وەکو کەشێکی ئارام و بێ ترسیان بۆ فەراهەم بکەن، چونکە ئەو ژنانەی کە ڕۆژانە پێویستیان بە بەکارهێنانی پاس هەیە لەو وڵاتەدا لە لایەن پیاوانەوە تووشی تەنگپێهەڵچنین دەبن بە شێوەی زەردەخەنەی هەستەکی یان لە ڕێگەی ووشە و دەربڕینی ناپەسەند یاخود ڕووبەڕووی دەستدرێژیکردنی جەستەیی دەبنەوە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك پێیان وایە ئەم کارەی حکومەت چارەسەرێکی گونجاو نییە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەییە و دەڵێن ئەو ڕێ و شوێنانە لە ناوچەی دیکە گیراوەتە بەر وسەرکەوتوو نەبووە.

- ئاسیا :

ڕاپۆرتێکی فەرمانڕوایی یابان هێمای بۆبەرزبونەوەی ئاشکرای مەسەلەی دەستدرێژیکردنی سێکسی کردەوە دژ بە ژنانی کارکردووی، یابان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد بە ساڵەکانی پێشووتر پیشتنەستوور بەو ڕاپۆرتەی تۆماری مەسەلەکانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بە ژنان ئەنجامدرا لە شوێنەکانی کاردا بەوەی ساڵی ١٩٩٩ بە ڕێژەی ٣٥٪ بەرزبۆوە بە بەراوورد لەگەڵ ساڵی ١٩٩٨ کە نیوەی زیاتری ڕووبەڕووی ژنانی کارکردوو دەبۆوە، جگە لەوەی زوربەیان سکالایان لە بەرپرسی کارەکانیان کرد بەوەی هیچ بڕیاریکی سزادان یان بەربەستێکیان دانەنا سەبارەت بەو کەسانەی دەستدرێژیان پێدەکردن. ئەمە لە کاتێکدا یاسای کاری نوێ کە لە یابان دەرچوو باس لەوە دەکات بەرپرسیارێتی ئەو کارانەی ناویان لێدەنرێت دەستدرێژیی سێکسی و لە شوێنەکانی کاردا ڕوو دەدەن دەکەوێتە ئەستۆی کارگێڕی کۆمپانیاکان، ئەوەش بەهۆی ئەو زیادبونە بەرچاوەی بەدیدەکرا لە تاوانەکانی دەستدرێژیی سێکسیدا لە وڵاتدا بە تایبەت لە بواری کارکردندا کە بووە هۆی کاردانەوەی گشتی دژ بەو دیاردەیە پاش ئەوەی لە پێشدا کەمتر جێی بایەخ بوو.

- سین :

هەندێ لە توێژەرانی بواری ئەکادیمیای سینی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لێکۆڵینەوەیەکیان لەسەر کۆمەڵە یان نمونەیەک ئەنجامدا لە نێو ژناندا بە مەبەستی زانینی ئەو بێزارکردن و وەرسکردنە جنسیانەی لە لایەن پیاوانی

بادەرەکانیانەوە ڕووبەڕوی ژنان دەبۆوە: ٤٨٪ی ئەو ژنانە ڕووبەڕووی قسە و نوکتە بونەتەوە، جگە لە جنێودانی جنسی. ١٢٪ داوای پەیوەندی جنسیان لێکراوە بەرامبەر بەرژەوەندییەکان، لە کاتێکدا ٢٦٪ ڕووبەڕووی دەستبۆبردن و دەست لەملکردن و ماچکردن بونەتەوە لە شوێنەکانی کارکردندا هەروەها ژمارەیەکی زۆری ژنان هەن کە لە شوێنە گشتییەکاندا ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە.

- میسر :

ئەو ژمارانەی جێی مەترسی بوون ئاماژە بوون بۆ ئەوەی لە نێوان (١٠٠) ژندا ( ٦٨) یان ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە لە ناو چوارچێوەی کاردا گەر ئەو دەستدرێژیکردنە زارەکیی یان جەستەیی بوو بێت.

- جەزائیر :

دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان بە یەکێك لە مۆتەکانی ژنانی کارکردووی جەزائیری دادەنرێت کە خوێندکارانی زانکۆش لەخۆ دەگرێت، ڕۆژانە و بەشێوەیەکی ئازاراوی ئامادەگیی هەیە لە ژیانیدا بەدەر لە بوونی ئەو یاسایەی بە تاوانی دادەنێ.

- مەغریب :

زۆرێك لە کچان و ژنانی مەغریبی دەناڵێنن بەهۆی دیاردەی دەستدرێژیی سێکسی کە لە زۆرێك لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا

لە مەغریب بەربڵاوە، جگە لەوەی زۆرێک لە هاوتا و بەرپرسەکانی کارکردن رێگە و شێوازی جۆر بەجۆری دەستدرێژیکردن دەگرنە بەر بۆ ئەوەی قوربانیان قایل بکەن و بیانهێننە ژێر بار کە لە زۆربەی کاتدا دەسەڵاتیان بەکار دەهێنن یان پێویستی ئەو ژنانە بە کارکردن دەکەنە ئامرازێکی هێرشکردن بۆیان.

- سعودیە :

وێڕای نەبوونی خوێندنگەی تێکەڵاوی کوڕان و کچان و شوێنگەی موسوڵمانان و گۆڕی دوا پێغەمبەر لە ناو سعودییەدا، بەڵام لەم دیاردەیە بەدەر نییە و دەستدرێژیکردن بە ژنان بە شێوەی تاک و لە چوارچێوەیەکی تەسکدا ڕوو دەدات وخۆی دەبینێتەوە ئەگەرچی بەراوورد ناکرێت بە وڵاتانی تری دونیا بەدەر لە پاراستنی کۆمەڵگە، بەڵام کرانەوە و دەرچوونی ژنان بۆ شوێنی کارکردنی تێکەڵاو بۆتە هۆکاری بوونی ئەم حاڵەتە، لە بەدواداچوونێکدا کە لە لاپەڕەی ئەمڕۆی سعودیەدا هاتووە ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٨ سەبارەت بەم دیاردەیە " ندی " کە فەرمانبەرە لە کەرتی تایبەتدا دەڵێت : زۆرێک لە برادەران پێیان وایە لە ڕووی سۆزدارییەوە ئیستغلالی پیاوانی برادەرم کردووە بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرم بۆ ئەنجامدانی کارێک لە ناو شوێنی کارکردن و دەرەوەی کاردا کە ئەوەش دوورە لە ڕاستییەوە، گرفتەکەم لەوەدا بوو کە بە شێوەیەکی مرۆڤدۆست و کەسێکی کراوە و خۆش مامەڵەم لەگەڵدا دەکردن بێ هیچ گومان ولێکدانەوەی مەبەستێکی خراپ و بەدەر لەوەی چاوەڕوانی ئەو بۆچوونانەشم لەوان نەدەکرد تا ئەو ساتەی یەکێك لەو برادەرانەی

خاوەن دەروونێکی نەخۆش بوو وای دەردەبڕی کە ئەو شێوەی مامەڵە کردنە نەرم و نیانە تەنها لەگەڵ ئەودا بەکار دەهێنم، چونکە مەبەست و نیازی هەڵە و پێکگەیشتنی هەبوو، بەڵام کاتێك ماندوو بوو و درکی بەوە کرد کە پێشنیارکردنەکانی بێ سوود و ئەنجامە هەوڵی ناوزڕاندنی دام لە نێوان برادەرەکانمدا بە بازاڕگەرمکردن یان برەوپێدان بە بوونی پەیوەندی لە نێوان من و ئەودا.لە وڵاتی سعودیەدا ڕوداوەکانی دەستدرێژیی سێکسی بە پلەی سێیەم دێت لە کۆی ڕوداوەکانی دەستدرێژییە ئەخلاقییەکانی لەو وڵاتەدا ئەنجام دەدرێت، هەروەها ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان دەریانخست لە ساڵی ١٤٢٤ ھ لە کۆی ١٠١٢ تاوانبار ٨٢ ڕوداوی دەستدرێژیکردنی لەخۆ گرتبوو، بە واتایەکی دیکە ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ حاڵەت تۆمار دەکرێت وە بە دڵنیاییەوە ئەو حاڵەتانەی تۆمار ناکرێن چەند هێندەی ئەو ژمارەیە دەبێت، جگە لەوەی وێڕای بوونی دەستدرێژیی سێکسی وەك واقعێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بوونی ئەو مەسەلەیە وەك دیاردە بەدی ناکەن.جگە لەوەی خوێندنگا و شەقامەکانی دەوروبەری بە زۆرترین ناوچە دادەنرێت کە ڕوداوی دەستدرێژیی نائەخلاقی بە کچان تیایدا ڕوو دەدات لە ڕێگەی فڕێدانی ووشەی ناخۆش و وێنەگرتنیان بە کامێرای گەڕۆك بە مەبەستی هەوڵدان بۆ ووروژاندن و هەژاندنیان بەدەر لە دوبارەبونەوەی ڕۆژانەی ئەو هەڵوێستانە بە شێوەیەك هەستی بێئارامیی و بێمتمانیی لای کچان دەخولقێنێ ئەگەرچی ناتوانن ئەو مەسەلەیە لە کەسوکاریان بگەیەنن، چونکە ڕووبەڕووی لۆمە و گومانکردن دەبنەوە وەك ئەوەی

کچان و ژنان بەپرسی یەکەم و کۆتایی بن لە هەڵەکانی خۆیان و ئەوانی دیکەش، ئەوەش ستەمێکی ترە دەرهەقیان دەکرێت و یەکێک لەو دیمەنە باوانەی زیاتر دەبینرێت کۆمەڵبوونی گەنجانە لەبەردەم خوێندنگەی کچان بەشێوەیەکی لاکردنەوە و نەترس و ئازا بە رادە و ئاستێک رۆژانە شوێنیان دەکەون بەدەر لەوەی دەستدرێژیی سێکسی لە سعودییەدا شەقام و شوێنە گشتییەکان دەبەزێنێ بۆ گۆرەپانە ئەلکترۆنییەکان بە شێوەیەک لە رێی نامەی ئەلکترۆنییەوە دەستدرێژیان بۆ دەکرێت بە ناردنی وێنەی رووت بە شێوەیەک دەبێتە مایەی بێزاری و بەگێرهاتنیان.ئەم .حاڵەتانە لە کۆی کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا بوونی هەیە.بەلام لە کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٤ م هەندێ لەراپۆرتەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکی کە بلاوی کردەوە دەریانخست زیاتر لە ٢٠٠ حاڵەتی دەستدرێژیی سێکسی دژ بە ژنان هەبووە و لە نێوانیاندا ٦٤ حاڵەتی دەستدرێژی و ٣٤ حاڵەتی نێربازی تۆمارکراوە لە سێ ئەکادیمیای عەسکەری ئەمریکیدا، هەروەها لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە نێوان ١٥و١٧٪ ی ژنانی ( ئەفسەر) پێکدەهێنن لە چەکی نێو ووشکانی، ئاویی و ئاسمانیدا، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەو حاڵەتە دەستدرێژیکردنە سێکسییانە هێشتا بلاونەکراونەتەوە. هەروەها لە کۆماری تشیکدا و لە ژێر ناوی "چارەکێکی تشیك روبەرووی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە "لە تازەترین راپرسی و را وەرگرتندا کە لە تشیکیا ئەنجامدرا دەرکەوت کە چارەکێکی ژمارەی تشیکییەکان لە ژیانیاندا روبەرووی دەستدرێژیی سێکسی بونەتەوە لە

ماوەی بەڕێکردنی کارە جۆربەجۆرەکانیان لەو ڕاپرسییەی لە لایەن پەیمانگای کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامدرا کە سەر بە ئەکادیمیای زانستە تشیکییەکانە و لەسەر داوای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەنجامدرا ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی هێما یان ئاماژەی جنسی دەگەیەنن بەشێوەیەکی زۆر لە تشیکیادا ڕوو دەدات.

– یەمەن :

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی دەرکەوت ژنان خۆیان بە دوور دەگرن لە چوونیان بۆ بەشەکانی پۆلیس بە مەبەستی سکاڵاکردن لەو دەستدرێژیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەهۆی داب و نەریتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەیەک کە لە لایەن ( د. فاتمە قەحتان ) ەوە ئامادە کرا بوو و لە مێزگردێکدا نمایش کرا تایبەت بە دەستدرێژی سێکسی لە ( سنعائ) ڕونیکردەوە کە ئەو وێنا باوەی ژنان هەیەتی بەرامبەر بە بەشەکانی پۆلیس وای لێدەکات بە دوور بێت لە ئاگادرکردنەوەی پیاوانی پۆلیس بە ئازار و خراپەکارییەکان یان ئەو دەستدرێژییەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە هۆی ترسی لەو ئاسەوارانەی بەسەر سومعە و کەرامەتییەوە دەلکێت.

هەروەها لێکۆڵینەوەکە کە بە هاوکاری لەگەڵ "دەستپێشخەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی " ڕێکخرا تایبەت بە دەستدرێژیکردن بە ژنانی یەمەن ئەوەی زیاد کرد کە " یەمەنییەکان خۆیان بەدووردەگرن لە کاردانەوەی کۆمەڵ کە باوەڕ ناکات یان لە هیچ پاساوێك تێناگات کە پاڵنەری ژنان بێت تا ڕوو بکەنە بەشەکانی پۆلیس بە مەبەستی پێشکەشکردنی ئاگادارییەکی گرنگ گەر حاڵەتی دەستدرێژییەکە هەرچییەك بوو بێت. لێکۆڵینەوەکە دەستنیشانی ٥٤٠ ژن و کچی کرد

لە پێنج بە ڕێوەبەرایەتی لە پایتەختی سنعائدا، جگە لەوەی پرسیاری کراوەی ئاراستە کردن تایبەت بە جۆر و هۆکارەکانی دەستدرێژی و ئەو تەنگەلێپێچنینانەی دووچاری هەندێ لە ژنان دەبێتەوە لە بازاڕ و ڕێگە وبان و زانکۆ و خوێندنگەکاندا.هەروەها جەختی کردەوە لە گرنگی ڕۆڵی هۆشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی دەستدرێژی بە ژنان لە خێزان و زانکۆ و خوێندنگەدا، وێڕای بە ئاگایی لەوەی ئەو هەڵسوکەوتانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەربڵاویدا بوو و بەشێوەیەکی گشتیش وایلێهات ژنانی یەمەنی دەیانناڵاند پێوەی.وە هۆکاری گەشەکردن و زیادبوونی ئەو هەڵسوکەوتانەی گەڕاندەوە بۆ بە ئاگانەبوونی ژنان بە بوونی کەرەسەی کۆسپ و بەرگرتن لە یاسادا بۆ ئەو هەڵسوکەوتانە و هەر کارێکی ئابڕوبەرە.هەروەها لێکۆڵینەوەکە بانگەوازی پیاوانی پۆلیس و دەزگاکانی ئاسایش و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی کرد بۆ پێناسەکردنی خزمەتگوزارییەکانی پیاوانی پۆلیس و ڕۆڵیان لە پاراستنی ژناندا. جگە لەوەی داوای گۆڕانکاری وێنا باوەکەی کرد لای کۆمەڵگە سەبارەت چوونی ژنان بۆ بەشی پۆلیس و بە تایبەت پاش بوونی پۆلیسی ژنان و وەرگرتنی سکاڵاکان لە لایەن ئەوانەوە، ئەو مەسەلەیەی لە هەر ژنێك داواکارە کاتێك ڕوبەڕووی دەستدرێژی دەبێتەوە شکاتکەر بێت لەو حاڵەتە لە ڕێی ژمارەی تەلەفۆنەوە کە بێبەرامبەر تایبەت کراوە بۆ ئەو مەبەستە.

– هەرێمی کوردستان لە عێراق :

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەسەر (٩٢) ژنی ڕاگیراو ئەنجامیدا ئاشکرای کردووە کە بە ڕێژەی (٢٣,٣١٪) ی ئەو ژنانە ڕوبەڕوی دەستدرێژی سێکسی بونەتەوە.

وە بە پێی ئاماری چوارمانگی یەکەمی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بەو ژنانەی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان داڵدە دراون لە ساڵی ٢٠٠٩ دا تەنها لە سنوری پارێزگای هەولێر و دەوروبەریدا کە یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کۆی ژمارەی ئەو ژنانەی توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر ئەنجامدراوە بریتی بووە لە (٢٠) حاڵەت کە ٨٠٪ یان تەمەنیان لە نێوان ١٤ – ٣٠ ساڵیدایە و ٢٠٪ یان لە تەمەنی ٣٠–٦٠ ساڵیدا تۆمار کراوە.وێڕای ئەوەی هەمان سەرچاوە ڕایگەیاندووە ٥٠٪ ی ئەو ژنانەی توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر کراوە شوویان کردووە و ٥٠٪ ی شوویان نەکردووە، جگە لەوەی ٥٠٪ ی ئەو ژنانە خوێندەوارن و ٥٠٪ ی نەخوێندەوارن.ئاماژەش بەوە کراوە کە ئەو ژنانەی توندوتیژی سێکسیان بەرامبەر کراوە ٥٪ ی لە لایەن خێزانەکەی خۆیانەوە بووە، وە ٩٥٪ لە لایەن کەسانی دەرەوەی خێزانەکانیانەوە توندوتیژی سێکسیان دەرهەق کراوە. بەدەر لەوەی ٧٥٪ ی تاوانباران کەسانی خوێندەوارن و تەنها ٢٥٪ لەو تۆمەتبارانە نەخوێندەوارن. جگە لەوەی ٣٥٪ ی ئەو ژنانە باری ئابوریان باشە و ٤٥٪ یان باری ئابوریان مام ناوەندە و ٢٠٪ یان باری ئابوریان خراپە، ئەگەرچی لە ڕووی ئاماژەکردن بە شوێنی ڕووداوەکە ئاماژە بەوە کراوە ٤٥٪ ی ئەو ڕوداوانە لەناو شاری هەولێر بووە و ٥٥٪ ی ڕوداوەکان لە دەرەوەی شاری هەولێر ڕوویانداوە.

## دەستدرێژیکردنی سێکسی ونەو دەقە یاساییانەی پەیوەندیدارن بە ژنانەوە

دەستدرێژیکردنی سێکسی لە ڕووی یاساییەوە دەتوانرێت بەوە بناسرێت گشت ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە بەوەی کەسێك ناچار دەکرێت کە بێ ویستی خۆی چالاکی سێکسی پراکتیزە بکات، ئەوەش لە ڕێگەی چەندین هۆکارەوە لەوانە : هەڕەشەکردن، ناچارکردن و توندوتیژی. چونکە دەستدرێژی سێکسی پرۆسەیەکە توندوتیژی لەخۆی دەگرێت و تیایدا حورمەتی جەستەیی و کەسایەتی ئەو کەسە پێشێل دەکات.دەستەوسان و دەستەپاچەیە لە ئاست ڕێگریکردن لە دەستدرێژیکردنی سێکسی.

شارەزایانی ئەو بوارە ڕاو بۆچونەکانیان جیاوازی بەخۆوە دەبینێ : هەندێك پێیان وایە چەمکی دەستدرێژیکردنی سێکسی چوارچێوەیەکی دیار و بەرجەستەی نییە، بۆیە دیاریکردنی سزایەکی یاسایی بۆ هەڵسەکەوتەکانی دەستدرێژیکردنەکە کارێکی مەحاڵە، جگە لەوەی بەدەستهێنانی بەڵگە و مەزەندە و بۆچوون لەو بارەیەوە مەسەلەیەکی زۆر قورس و سەختە ئەگەرچی هەندێ جار دەشێت تۆمەتەکەی دەخرێتە پاڵ پیاوەکە کارێکی هەڵبەستراو بێت بۆی و بەدوور بێت لە ڕاستییەوە. بەدەر لەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە لە چارەسەری ناڕاستی بۆ ئەو مەسەلانەدا شپرزەیی و گرژبوونی زۆری خستۆتە نێو ڕەگەزەکانەوە، چونکە هەموو ئەو گرفت هۆکارانە زەرورەتی داڕشتنی یاسایەکی تایبەت دەکات بۆ بەرگریکردن لە هەڵسوکەوتەکانی دەستدرێژیکردن بۆ دانانی سنوور و

ئاساییکردنەوەی مامەڵەکردنەکانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە جگە لە پاراستنی تاک، ئەو تاکە پیاو بێت یان ژن یاخود منداڵ.

ساڵی ٢٠٠١ لە یولیودا خاتوو ( دونغ )ی تەمەن ٣٠ ساڵی فەرمانبەر لە دامەزراوەیەکی حکومییدا لە دادگای (حی لیانهق) ی شاری شیان دا سکاڵایەکی تۆمار کرد تایبەت بەو دەستدرێژیکردنە سێکسییەی لە لایەن لێپرساراوی بەشەکەیەوە بەرامبەری کرا، بەڵام پاش سەیرکردنی مەسەلەکەی بەهۆی نەبوونی بەڵگەی بەرجەستەوە سکاڵاکەی ڕەتکرایەوە، ئەمە یەکەم کێشەی دەستدرێژیکردنی سێکسی بوو کە ڕووبەڕووی دادگاکانی وڵاتی( سین ) بۆوە.لە مانگی ٩ ی یونیوی ساڵی ٢٠٠٣ دا دادگای ( حی شاوجیانغ) ی شاری ووهان حوکمی خۆیدا سەبارەت ئەو سکاڵایەی لە لایەن خاتوو (خە) وە تۆمار کرا بوو لەسەر ڕووبەڕووبونەوەی بە دەستدرێژیی سێکسی لە لایەن بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیەوە کە وەک مامۆستا کاری تیادا دەکرد، حوکمەکە پەیوەستکردنی بەڕێوەبەرەکە بوو ( شنغ) بە لێبووردن لە قوربانییەکە، جگە لە غەرامەکردنی بە ٢٠٠ یوان ( ١ دۆلار دەکاتە ٨,٢٨ یوان ) وەک قەرەبووەیەک لە پاڵ لایەنە مادییەکەدا قەرەبوویەکی ڕۆحیش بوو بۆی. ئەمە یەکەم کێشەی دەستدرێژیکردنی سێکسی بوو لە سیندا کە لە بەرژەوەندی قوربانییەکەدا حوکم بدرێت.هەروەها ( لی مان ) ی تەمەن ٢٥ ساڵی فەرمانبەر لە لایەن لێپرسراوی بەشەکەیەوە زیاد لە یەکجار ڕووبەڕووی دەستدرێژیی سێکسی بۆتەوە، کارەکەی بەجێهێشت و هەوڵی گەڕانیدا بە دوای کارێکی تردا، بەڵام ڕێگری خستە ڕێگەیەوە بۆیە لە

دادگـادا سـکالای بـەرزکردەوە لـە دژیدا. وە لـە مـانگی ٢ ی یونیـودا ساڵی ٢٠٠٣ دادگای (حی هایدیان) یەکەم دانیشتنی خۆی سازکرد لـەو مەسەلەیەدا.هەروەها لە هەمان لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە بەربلاوترین شـێوەی دەسـتدرێژیکردن دژ بـە ژنـان خـۆی لـە دەسـتبۆبردندا دەبینێتەوە کە بەرزی ڕێژەکەی دەگاتە ٤٠٪ ئەوەش بـەهۆی ئاسانی کردارەکە گەر لەسەر شەقام یان هاتوچۆ گشتی و بازاڕەکانـدا بێت. وەئـەوەی پەیوەندیـدارە بـە کاردانـەوە لـە لایـەن قوربانییـەوە ئـەوە جنێودان و قسەی ناشرینە کە بە ڕێژەی زۆرترین دێت و ٥٥٪ ی ژنان بـە جنێـودانی کەسـی دەسـتدرێژیکەر و نـەفرەتکردنی هەڵوەستەی دەبێت.جگە لەوەی ٣٢٪ ی ژنان داوای یارمەتیدان لە کەسە نامۆکـان دەکەن و ١١٪ یان داوای یارمەتی لە تاکـەکانی خێـزان و هاوڕێکانیـان دەکـەن لـە کاتێکدا تـەنها ١٣٪ لەوانـە دەچـنە پۆلیس و ئاگاداریـان دەکەن لە چۆنێتی ڕوداوەکە.ئەمە وێڕای زیادبوونی ئـەم دیاردەیـە لـە شوێنە قەڵەباڵغەکانی وەك سینەما و بـازاڕ و بۆنـە جۆربـەجۆرەکانی وەك جـەژن ڕوو دەدات بـەهۆی ئیـستغلالکردنی ئـەو قەڵـەباڵغی و جەنجاڵییەی بوونی دەبێت یان بـەهۆی لاوازی ئـەمن و ئاسایش لـەو شوێن و کاتانەدا.

جۆری سزادان و دانانی ئەو دیاردەیە وەك مەسـەلەیەکی تـاوان لـە وڵاتێکـەوە بـۆ یـەکێکی دی گـۆڕان بـەخۆوە دەبینێ بـۆ نموونـە لـە وڵاتی مەغریبدا پاش هـەوڵێکی زۆری کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکـانی ژنـان کە لە کۆتایی هەشتاکان و سـەرەتای هەفتاکانـدا کاریـان کـردووە بـۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە وەك تاوان سەیر بکرێت و سزایی یاسـایی خـۆی

هەبێت، ئەنجومەنی یاسادانانی مەغریب و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بە پێی یاسای ژمارە ٠٤-٠٣ وەڵامدانەوەی بۆ داواکارییەکەیان هەبووە و پاش تۆمارکردنی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا لە ڕۆژی ١٩ی فبرایری ساڵی ٢٠٠٤ چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەموارکردنی ماددەی ( ٥٠٣ ) لە کۆی یاساکانی تاوانی مەغریبدا کە دەستدرێژیکردنی بە تاوان دانا وەك دەستکەوتێك وابوو بۆ گشت چالاکییەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی بەشێوەیەك کە ناوەڕۆکەکەی لە دوو بەش پێکهاتووە و تایبەتە بەو ژن و منداڵانەی ڕووبەڕووی دەستدرێژیکردنی سێکسیی دەبنەوە :

بەشی یەکەمی ماددەی ( ٥٠٣) دەڵێت :کەسی ئەنجامدەر سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی( ١ – ٢) ساڵ و غەرامەکردنی بە( پێنج هەزار درهم ) واتە (پێنج سەد دۆلار) تا( پێنج هەزار درهم ) واتە نزیکەی ( پێنج هەزار دۆلار )لە پێناو تاوانی دەستدرێژیکردنی سێکسی بۆ هەریەك لەوانەی دژ بەویدی ئەنجامیدا لە فەرمان، هەڕەشە یان ئامرازێك بۆ زۆرلێکردن و تەنگاوکردن یاخود هەر ئامرازێکی دیکە بە مەبەستی ئیستغلالکردنی ئەو دەسەڵاتەی پێیدراوە بۆ هەر کارێك و ئامانجێکی جنسیی.

ماددەی دووی هەمان ماددە دەڵێت :" سزا دەدرێت بە زیندانیکردنی ( ١– ٥ ) ساڵ و غەرامەکردنی لە ( ١٠٠٠٠–١٠٠٠٠٠ ) درهم بۆ هەر یەك لەوانەی هاندەر یان وروژێنەر بن یاخود ئیستغلالی ئەو منداڵانە بکەن کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ بەرەو خوار بێت...... لە لایەکی دیکە بە گشتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەهۆی نەبوون یان

لاوازی مادده یاساییەکان لەو بارەیەوە و هۆکارگەلێکی کەلتوری و بوارە جیاجیاکان ئەو دیاردەیە لە شوێنەکانی کارکردن و خوێندندا ڕوو لە زیادبوونە بۆ نموونە لە وڵاتی ئوردوندا شارەزایان پێیان وایە ئەو دیاردەیە ٧٠٪ ی قەبارەی تاوانە سێکسییەکان پێکدەهێنێ، ئەمە جگە لەوەی مەسەلە و بابەتەکانی تایبەتن بە دەستدرێژیکردنی سێکسی تەنها ١٠٪ ی دەگاتە دادگاکانی ئوردون، چونکە ٩٠٪ ی ئەو حاڵەتانە ناگاتە دادگاکان و بێدەنگبوونی لێدەکرێت

بێگومان گۆڕین و هەموارکردنی ئەو یاسایانەی ناهەقی و پێشێلکارییە بۆ هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگە سنوور و بەربەستێکی زۆر دەخاتە بەردەم ئەنجامدان و واڵابوونی دەروازەکان لەبەردەم ئەنجامدەرانی هەر یەک لەو تاوانانە، جگە لەوەی دەبێتە هاندەرێکی کاریگەر بۆ ئەو ژنانەی ئەو کارەیان لەسەر ئەنجامدەدرێت و بە متمانە و پیشتیوانییەکی گەورەوە دەچنە بەردەم دادگا بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان و جوڵاندنی مەسەلەکەیان تا یاسا سەروەر و بڕیاردەر بێت لە سزادانی تاوانباران بە تایبەت گەر ئاڕاستەی هەموارکردنەکە بەجۆرێك بێت کە کۆمەڵە وڕێکخراوەکانی شارستانی و ژنان بتوانن بە ڕێگەیەکی یاسایی جوڵێنەر و چاودێر و بەدواداچونیان هەبێت بۆ ئەو کێشە و سکاڵا گشتییانە وەك داواکارییەکی ماف مەدەنیی و بەدواداچوونی تا قۆناغی جێبەجێکردن.

لەو ڕوانگانەوە باسکردن لە یاسا ڕاکێشی بابەت و لایەنێکی تری مەسەلەکە دەهێنێتە، ئاراوە ئەوەش باسکردنە لە پەیوەندی دەستدرێژیکردنی سێکسیی بە هەندێ کۆمەڵەی کۆمەڵگەوە کە

مەبەست لێی ئەو حاڵەتە سكپڕبوونانەیە كە بە هۆی ئەو دیاردەیەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی پەیوەندی هاوسەرگیری دروست دەبێت كە بە پێی سروشتی بونیادنانی بایەلۆجی ژنان ئەوانەن كە ناچار دەبن ببنە هەڵگری كۆرپەلە و لەدایكبوونیشی، جگە لە پاراستن و بایەخپێدانی لە هەندێ كاردا. بێگومان كاركردن بۆ ئەو كۆمەڵەیەی كۆمەڵگە ئەركی هەمەلایەنەی گەرەكە لە لایەك ئەنجامدانی پرۆژەی جۆربەجۆر بۆ خستنەگەڕی توانای ئەو ژنانە و تەنانەت بایەخدان بە منداڵەكانیان وەك ماف هەر منداڵێكی تری ئاسایی كە پێویستە پارێزراو بێت، لە لایەكی دیكەش ئەركی ڕێكخراوەكانی ژنان و ڕێكخراوە مەدەنییەكانە كە لە چالاكییەكانیاندا فەرامۆشی ئەم لایەن و مەسەلەیە نەكەن وەك دابینكردنی ژینگەی لەبار بۆ ژیان و ئاسانكاری لەدایكبوونی كۆرپەلەكەی و بایەخدان بە دروستكردنی باخچەی ساوایان و لانە و سەنتەری جیاجیا بۆ پێكەوە ژیانی ئەو دایك ومنداڵانەی دەیانەوێت پێكەوە ژیان بەسەر بەرن، جگە لەوەی لە لایەكی دیكەشەوە دەتوانرێت كار بۆ ئەوە بكرێت كە باوەڕ یان قەناعەت بە باوكەكە بكرێت بۆ ئەوەی پەی بە منداڵەكەی بەرێت و ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو ژنەدا ئەنجام بدات . بوونی ئەم حاڵەتانە ئەگەرچی لە كۆمەڵگەی ئێمەدا نەبۆتە دیاردە و تەنانەت باسكردنیشی نەنگی وگرفتی جۆربەجۆر دەخاتەوە و بگرە كوشتنیشی لێدەكەوێتەوە، بۆیە كێشەیەكی ئاڵۆزە و زۆرێك لە وڵاتە عەرەبیی و ڕۆژئاواییەكان پێوەی دەناڵێنن ئەگەرچی لە زۆرێكی وڵاتە ڕۆژئاواییەكاندا بە هۆی بوونی چوارچێوەی یاسایی و بەرزی

ئاستی هۆشمەندی تاك و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و قبوڵکردنی لە لایەن ئەقڵیەتی تاکەکان و کۆمەڵگەوە بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی کاری بۆ دەکرێت و ڕێگە چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە، هەموو ئەوانە یارمەتیدەرن بۆ کەمبونەوەی گرفتەکانی ئەو ژنانە لەو ڕووانەوە. بەڵام لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی بەهۆی بوونی ئەو فاکتەرانە بەشێوەیەکی جیاواز و پێچەوانە بارودۆخی ژنان وێڕای ئەو ناهەقی و پێشێلکاری و دەستدرێژییەی دوور لە خواست و ویستی خۆی بەسەریدا دێت گرفت وکێشەکەی چەند هێندە دەکات و بگرە بەهۆی هۆکارگەلێکی وەك زاڵێتی دەسەڵات و ئەقڵیەتی پیاوسالاری لە لایەك و نەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی ونەفرەت لێکردنی لە لایەن تاکەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگەوە، جگە لە بوونی دەسەڵاتی خێڵەکیی وئایین لە ڕوویەکی دیکەوە هەموو ئەوانە وا دەکات باری ژنەکە ئاڵۆز وقورستر بێت و هیچ حساب و لێکدانەوەیەك بۆ ئەو بارودۆخە نەکرێت کە ژنەکەی تێدا ناچار کردووە وبەزۆرەملێ دووچاری ئەو حاڵەتەی کردۆتەوە و بگرە چارەسەرەکەی هەندێ جار بە ناهەقییەکەی دیکە کۆتایی هاتووە، ئەوەش کوشتنی ژنەکەیە و کۆتاییهاتنە بە شێوازی جۆربەجۆر و پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان و لێنەپرسینەوەیە لە کەسی تاوانباری ڕاستەقینە، یان هەندێ جار بەهۆی پەیوەندی شەخسی یاخود بوونی پەیوەندی ڕێکخراوەکانی ژنان بە پزیشکێکی دیاریکراو و پسپۆڕەوە توانراوە کۆتایی بە ژیانی کۆرپەلەکە بهێنرێت کە هەندێ جار ئەوەش ستەمێکی دیکە بووە دەرهەق بە ژنان بەوەی دوور لە ویست و خواستی خۆی و بەهۆی هۆکارگەلێکی

کۆمەڵایەتییەوە، دایکەکە ناچار کراوە قبوڵی ئەو حاڵەتە بکات.ئەگەرچی نەبوون و پێواری یاسایی بەشێکی گرنگی مەسەلەکەیە، بەڵام دەشێت لە ڕێی یاساکانەوە سزاکان بسەپێنرێ بەسەر مەسەلەکانی دەستدرێژیکردندا، بەڵام هاوشێوەی ئەو یاسایانە ناتوانرێت بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەگەڵ گەمارۆدانی ئەو ئاست و بیروباوەڕە ڕۆشنبیرییە باوەی ژنانی لە جەستەدا کورت کردۆتەوە بەوەی حەرامە یان خاوەندارێتی هەیە، ئەوەیە وایکردووە ڕووبەڕووبونەوە و وەستانی ژنان لە نێو دادگاکاندا بۆ قسەکردن و درکاندنی ڕاستییەکان لەسەر مەسەلەی دەستدرێژیکردنیان کارێکی سەخت و قورس بێت و بتوانێت بوێر بێت لە دەربڕینی ڕاستی و هەقیقەتەکاندا وەك خۆی.لە لایەکی دیکە پرسیارێك دێتە گۆڕێ بەوەی داخۆ تێڕوانینی کۆمەڵگە و لێکدانەوە و شیکارییەکانی دەرهەق بەو ژنانە چ مەبەستێك لەخۆ دەگرێت ؟ پرسیارگەلێکی زۆر و قورس ڕاکێش دەکات کە بە مافی ژنان دەست پێدەکات لە ڕووی جەستەیەوە وە بە بوونی ئازادی و سەربەستی کۆتایی دێت لە ئازادی و سەربەستی، بیرکردنەوە و گەڕان بە دوای کاروبارە وورد و بچوکەکانیدا کە ئەوە بەشێکە لەو واقعە تێهەڵکێشەی بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی نوێ کردۆتەوە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بە گرێدراوی ماوەتەوە و بە ئەقڵیەتێکی تێکشکاو لە نێوان تێڕوانین و بیروباوەڕەکانی ڕابردوو و حەز و خواست و ئارەزووەکانی داهاتوودا.

لە ساڵی ١٩٧٦ دوە سستمی دادوەری ئەمریکی بەشێوەیەك سەیری دەستدرێژیکردنی سێکسی دەکات کە جیاکارییەکی سێکسیی، لە کاتێکدا لە فەرەنسادا وەك تاوان سەیر ناکرێت تەنها

ئەگەر مەبەست لێی بەزۆر یان بەهەڕەشەسەندنی ئاشکرا بێت لەسەرهێز و توانای وازهێنان بێت لە کار.

لاوازی و سستی یاساکان ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی میسردا بوونی دەقە یاساییەکان لە یاسای سزاداندا تەنها لەدوو دەستەواژەدا خۆی دەبینێتەوە " لاقەکردن و دەستدرێژی" یان "دەستبردن بۆ مێینە لە ڕێی گشتی " ئەوەش بەس نییە بۆ سنوردانان و ڕێگریکردن لە کۆی ئەو دەستدرێژیکردنانەی فرەشێوە و جۆربەجۆر و زیاتر هەمەڕەنگن، جگە لە بوونی ماددەی (٣٠٦) کە بە سزای زیندانیکردنی تاوانبار دێت بە ماوەیەک کە لە ساڵێک تێپەڕ نەکات و غەرامەکردنی کە لە دووسەد جونەیە کەمتر نەبێت و لە هەزار جونەیهیش زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە تاوانبار سزا دەدرێت لە کاتێکدا هەر کەسێک دەستدرێژی بکات، بەشێوەیەک ببێتە هۆی ناوزڕاندن یان ئابڕووبردنی ژنان بە قسەکردن یان بەکردەوە لە ڕێگای گشتی یان هەر شوێنێک کە بۆی بچن.هەروەها هەمان بەشی ماددەکە باس لە ئابڕووبردنی مێینە دەکات لە ڕێگەی تەلەفونەوە بەوەی گەر تاوانبار لە ماوەی ساڵێک دوای حوکمدانی پاش تاوانی یەکەمی جارێکی دیکە هەستا بە ئەنجامدانی تاوانێکی هاوشێوەی هەمان تاوان ئەو دوو بەشەی پێشوو لە ماددەکە سزادانەکەی بە بەندکردن و غەرامەکردن دەبێت کە لە ( ٥٠٠ )جونەیە کەمتر نەبێت و( ٣٠٠٠ ) جونەیە زیاتر نەبێت یان بە یەکێک لەو دوو سزایە دەبێت . ناوەڕۆکی ماددەی ٣٠٦ لەو ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو بۆ یاسادانەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە ماددەیەکی دیکە گرێی بدات کە ماددەی ( ٢٦٧ ) ە بۆ ئەوەی سزای هەر کەسێک

بدات كە ئەنجامدەری لاقەكردن و دەستدرێژیی مرۆڤ بێت بەهێز یان بە هەڕەشەكردن یاخود بە بەرنامە و نەخشەدارشتن بێت سزا دەدرێت بە كاری قورس(اشغال الشاقة) لە (٣ – ٧) سالْ، بەلام گەر تەمەنی ئەنجامدەری تاواناكە نەگەیشتبووە ١٦ سالْ یان ئەنجامدەرەكە ماددەی ٢٦٧ گرتبوێوە دەشێت ماوەی سزاكە بگاتە ئاستێكی دوور و ئەوپەڕی واتە بە كاری قورسی كاتی ( اشغال الشاقة المؤقتة ) بەلام ئەگەر ئەو دوو مەرجە پێكەوە بوو ئەوا سزا دەدرێ بە كاری قورسی هەمیشەیی یان هەتاهەتایی ( اشغال الشاقة المؤبدة ) .

ئەگەرچی گرفتەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە كاتێك ژنەكە سكالاكەی دەگەیەنێتە پۆلیس، بەهۆی نەبوونی بەلگەی پێویست بەشێوەی لاقەكردن تۆمار دەكرێت، ئەوەش بەلگەیە بەوەی كاری دەستدرێژیكردن لە یاسادا پێناسە نەكراوە، بەو شێوەیەش دەردەكەوێت كە پەیام و ئاگادارییەكانی ڕووبەڕووی پۆلیس كراونەتەوە سەبارەت بەو تاوانە بەشێوەیەكی جددی و تەواو وەرناگیرێت و كاری بۆ ناكرێت.

لە وولاتی جەزائیردا وێڕای بوونی ماددەی(٣٤١)تایبەت لە یاسای سزاداندا كە باس لە دەستبۆبردنی سێكسی دەكات، جگە لە غیابی ماددەیەك لە یاساكەدا كە دەستدرێژی بە تاوان دابنێت، بەلام لەگەلْ جێبەجێكردنی ئەو ماددەیەدا باس لە پاراستنی مافی شایەتەكان دەكات بەوەی زۆرێك لەو فایلانە دەدرێن بە لایەنی دادپەروەری و هەندێكی دیكەیان بەرزدەكرێنەوە بۆ دادگای بالا، بەلام بەداخەوە وێڕای بوونی یاساكە بەلام بە پێی جۆری سكالا و مەسەلەكان و واقعی

کۆمەڵگەکەیان نەتوانراوە بەشێوەیەکی پێویست قوربانیی و شایەتحاڵەکانی پەیوەندیدارن بەو لایەنە بپارێزن و لەزۆرێك لەو مەسەلانەی دەگاتە دادگا و شایەتی لەسەر دەبێت ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و بەشێوازی جیاجیا هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیان دەکەن، وێڕای ئەو قورسی و زەحمەتیانەی بوونیان هەیە لە سەلماندنی هەریەك لەو حاڵەتانەدا، بە پێی بوونی سەنتەرێك لەو بوارەدا کە تایبەتە بە یەکێتی گشتی کرێکارانی جەزائیر بە درێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو کە (١١١٠) حاڵەتی دەستدرێژی سێکسیان تۆمار کردووە، جگە لەوەی تێبینی ئەوە کراوە کە ساڵی ٢٠٠٤ زۆرترین ژمارەی سکاڵای تۆمار کردووە و گەیشتە (٣٩٣) و لەساڵی(٢٠٠٨) دا دابەزی بۆ(٤٥) حاڵەت.

هەروەها لە لوبناندا هیچ دەقێکی یاسایی دیاریکراو نییە بۆ سزادانی دەستدرێژیکردنە سەر ژنەهاوسەر لە کاتێکدا ئەو یاسایە تەنها لە سزادانی لاقەکردندا کورت کراوەتەوە بە سزای " اشغال الشاقە " و بەندکردنی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە لایەنی کەمەوە، هەروەها سزاکە لە حەوت ساڵ کەمتر نابێت ئەگەر هاتوو کەسی دەستدرێژیکەر نەگەیشتبووە تەمەنی پانزە ساڵی. ئەوەش لە ماددەی ٥٠٣ ی یاسای سزادانی لوبنانیدا هاتووە.

هەرێمی کوردستان لە عێراق : بێگومان بوونی ئەو ماددە و دەقە یاساییانەی نەك تەنها لە کوردستاندا، بەڵکو لە سەرتاسەری عێراقدا بەهۆی کۆنی، دەستکارینەکردن، ئاڵوگۆڕنەکردن و هەموارنەکردنی زۆرێك لەو ماددە یاساییانە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیدارن بە

پێشلکارییەکان دەرهەق بە ژنانەوە دەکرێت ماددەکان وەك خۆی ماوەتەوە و لەم بوارەشدا بە هەمان یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی ساڵی ١٩٦٩ کار دەکرێت کە بێگومان پێویستی زۆری بە دەستکاریکردن و گۆڕین هەیە لەم مەسەلەیەدا و ئەو ماددانەی تایبەتیشن بەم بابەتە بریتین لە ماددەی ( ٤٠٠، ٤٠١، ٤٠٢، ٤٠٣، ٤٠٤ ) کە دەقی ماددەی ٤٠٠ دەڵێت :هەر کەسێك کارێکی خراپی ئەنجامدا بۆ بەرامبەرەکەی ژن بێت یان پیاو و بووە هۆی ئابڕووبردنی بێ ڕەزامەند بوونی خۆی سزا دەدرێت بە بەندکردنی ماوەیەك کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت و غەرامەکردنی کە لە (١٠٠) دینار زیاتر نەبێت یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە.

ماددەی (٤٠١ ) : بە بەندکردن سزادەدرێت کە ماوەکەی لە (٦ ) مانگ زیاتر نەبێت و غەرامەکردنی کە لە پەنجا دینار زیاتر نەبێت یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە ئەو کاتەی بە ئاشکرا کارێکی لەو جۆرەی ئەنجامدا.

ماددەی ٤٠٢ :١- بە بەندکردن سزا دەدرێت بە ماوەیەك کە لە (٣)مانگ زیاتر نەبێت و غەرامەکردنی کە لە (٣٠) دینار زیاتر نەبێت یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە ئەو کاتەی ئەنجامدەری ئەو کارە تاوانبار کرا بە :

ا- بەوەی کەسێك داوای کارێکی لە بەرامبەر کردووە یەکانگیر نەبۆتەوە لەگەڵ ئادابەکاندا ئیدی کەسی بەرامبەر ژن بێت یان پیاو.

ب- سزاکەی بە بەند کردن دەبێت بە ماوەیەك کە لە ( ٦) مانگ زیاتر نەبێت و غەرامەکردنی کە زیاتر نەبێت لە ( ١٠٠ ) دینار ئەگەر

هاتوو کەسی تاوانبار یان دەستدرێژکەر هەمان تاوانی دووبارە کردەوە و پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر حوکمەکەی پێشوتریدا.

ماددەی ٤٠٣ : بە بەندکردن سزا دەدرێت کە ماوەکەی لە ( ٢ ) ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامە بکرێت بەشێوەیەك کە لە (٢٠٠) دینار کەمتر نەبێت یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە هەریەك لەوەی دروستکەر، هاوردە، ناردە، خستیە پاڵ، وەریگرت، گواستیەوە بە مەرجی ئیستغلال، دابەشکردن بە نوسراو یان چاپەمەنی یاخود هەر نوسراوێکی دیکە، وێنە، فیلم، هێما یان هەر شتێکی دیکە ئەگەر هاتوو ئابڕو یان ئادابی گشتی بڕوشێنێ.وە بە هەمان سزا کەسێك سزا دەدرێت کە شتێك ڕابگەیەنێ یان بەبەرچاوی جەماوەرەوە نمایشی بکات یان بیفرۆشێ یاخود بە کرێی بدات یان نمایشی بکات بۆ فرۆشتن و بەکرێدان ئەگەر بە شێوەیەکی نهێنیش بێت. هەروەها هەر کەسێك کە بەهەر ئامرازێك بڵاوی بکاتەوە یان بیگەیەنێت. وە بە سزای توند دادەنرێت ئەگەر تاوانەکەی بەمەبەستی تێکدانی ڕەوشت ئەنجام درابێت.

ماددەی ٤٠٤ : بە بەند کردن سزا دەدرێت کە ماوەکەی لە ساڵ زیاتر نەبێت و غەرامەکردنی کە لە ( ١٠٠ ) دینار زیاتر نەبێت هەر کەسێك بە ئاشکرا بە گۆرانی یا قسەی خراپ خۆی ئابڕوبەرە بێت یاخود بەهۆی ئامێرێکی میکانیکی لە شوێنێکی گشتیدا.

ئەوەی جێی تێبینی و گۆڕانکارییە لەم یاسایەندا گشتگیری بابەتەکەیە و فەرامۆشکردنی چوونە ناوەوەی هەندێ ماددەی یاساییە لە ڕووی ووردەکاری ئەو دەستدرێژیانەی بە جیاواز لە پیاوان

ڕووبەڕووی ژنان دەبێتە جگە لە جیانەکردنەوە و پۆلێن نەکردنی سزاکان بە پێی جیاوازی شوێنەکان لە کاتی ڕوودانی هەر یەک لەو دەستدرێژییانەی کە دەخرێتە سەر ژنان لە شەقام، کۆلان، خێزان و شوێنە گشتییەکان و شوێنەکانی کارکردن و نێوەندە سیاسیی و جۆربەجۆرەکانی دیکە.

جگە لەوانەش سەیرنەکردن یان دانەنانی هەندێ لەو دەستدرێژییە قورسانەی دەبێتە هۆی بریندارکردن وڕوشانی کەرامەتی کەسی دەستدرێژیکراو بە تاوان و دانانی سزای یاسایی توند لەو بارەیەوە.

هەروەها کەمیی جۆری سزاکان چ لە ڕووی ماوەی بەندکردنی تاوانبارەکەوە چ لە ڕووی ئەو بڕە پارەیەی بەمەبەستی غەرامەکردنی دانراوە.

هەموو ئەوانە و چەندین وردەکاری تری یاسایی و سستی و لاوازی لە جێبەجێکردنی یاساکاندا و تەنانەت لاوازی هۆشمەندی ژنان بە خودی ئەو دەقە یاساییانەی لەم بارەیەوە بوونیان هەیە گرفت و بەربەستن لە بەردەم کەمکردنەوەی ئەم کێشەیەدا. بۆیە ئەرکی هەمەلایەنەی لایەنە پەیوەندیدارەکان هەر لە ڕێکخراوەکانی ژنان و کەسانی ڕۆشنبیر و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانیی کە فشاری جۆربەجۆر بخەنە سەر لایەنەحکومییەکان و پەرلەمانی کوردستان تا کاری جددی بگرنە بەر بۆ پێداچوونەوەی سەرجەم مادده یاساییەکانی ئەم بابەتە و کارکردنیش بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سەربەخۆبوونی.

## چارەسەر

بێگومان بەگشتی کارکردن لەسەر سەرجەم ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە لە ناوەندە جۆر بەجۆرەکاندا کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بە تایبەت کارکردنی جدیی بۆ گۆڕین و هەموارکردن و دانانی یاسای نوێ لەمەڕ ئەو مەسەلەیە و هەوڵدانی جدییش بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ گشت مرۆڤەکان، بە واتایەکی دیکە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان لەسەرجەم ناوەندەکانی کۆمەڵگەدا ئەرکی هەمەلایەنەی گەرەکە لە لایەک تاک، خێزان، کۆمەڵگە، کۆمەڵە و دامەزراوەکان، لە لایەکی دیکە یاسا و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە شارستانییەکان و فەرمانڕەوایان چ لە ڕووی پرۆژەی هەمەڕەنگ و جیاواز بۆ هۆشمەندکردنی هاوڵاتیان، چ لە ڕووی سەنتەری ڕاهێنان و پەرەپێدان بۆ کارکردن لەسەر قوربانیان واتە دەستدرێژیپێکراوەکان بۆ سەرلەنوێ ئامادەکردنیان بۆ ناو کۆمەڵگە و تەنانەت کەسانی دەستدرێژیکەریش. بە پێی ئەنجامی توێژینەوە زانستییە جیهانییەکان جەخت لەوە دەکرێتەوە کە چەند زووتر قوربانی بخرێتە ژێر چارەسەری دەروونییەوە ئەوەندە فرسەتی سەرکەوتنی ئەو چارەسەرە زیاتر دەبێت، چونکە زوو بەدواداچوون و داواکردنی هاوکاری لەو ناوەندانەی تایبەتن بە لانەکردن چاکبونەوە خێراتر دەکەن لەو دەرئەنجامەوە دەردەکەوێت بەوەی ئەو کەسەی دووچاری دەستدرێژی سێکسی دەبێتەوە پێویستە داوای یارمەتی پزیشکی بکات تا پشکنینی جەستەیی بۆ بکرێت لە پێناوی دڵنیابوون لە تەندروستی خۆی ئەگەرچی ئەم کارە دەشێت ناخۆش و ناڕەحەت و قورس بێت بۆ ئەو کەسە .

## سەرچاوە

١- العنف ضد المراة.. اشكالة ومصادرة و اثارة، ٢٠٠٨، شمخي جبر.

٢- دراسة متعمقة بشان جميع اشكال العنف ضد المراة، تقرير الامين العام للامم المتحدة، ٢٠٠٦.

٣- قراءة في اتفاقية القضاء علي جميع اشكال التمييز ضد المراة المؤتمرات الدولية حول المراة ٢٠٠٦، د. نهي قاطرجي.

٤- حقوق النساء مسؤلية الجميع، د. هيفاء ابة غزالة، ورقة عمل.

٥- التحرش الاخلاقي (العنف اليومي الفاسد )، ماري - فرانس هيريجويان، ترجمة سهيل حمد ابو فخر.

٦- قانون العقوبات رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ و تعديلاتة لعام ١٩٨٥، القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي.

٧-المراة في منظومة الامم المتحدة رؤية اسلامية، د. نهي القاطرجي، الطبعة الاولي، ٢٠٠٦ م

**بڵاوکراوەکانی نووسەر**

- ژن لەبازنەیەکی داخراودا
- پێگەی ژن لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا
- توندوتیژی وەزیفی دژی ژنان لەفەرمانگە حکومییەکاندا
- کاتێک تەنیایی سەپێنراو ڕوو لەژنان دەکات
- کوشتنی ژنان لەئاماری میدیاکانەوە
- ژن و توندوتیژی
- پێم دەڵێن



دەستدرێژی، یان دەستدرێژیکردنی سێکسی دژ بە ژنان، لە سەرتاسەری کۆمەڵگەکانی دونیادا، بە تایبەت لەووڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بە یەکێك لە مەترسیدارترین و کاریگەرترین جۆری توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت، ئەمڕۆ ئەمە کێشەیەکە کۆمەڵگە بە گشت چینە ڕامیاری و کۆمەلایەتییەکانەوە دەیانەوێ بەهۆی چەندین هۆکاری جۆربەجۆرەوە پەردەپۆشی بکەن و بیکەنە بازنەی بێدەنگبوونەوە، ئەوەش بەهۆی تووشبوونی ئەو کەسانەی جەستەی ژنان لە لەزەتێکی کاتی خۆیاندا، یان لە کەمەیەکی ڕامیاریدا، تەسککردۆتەوە و سوودمەندیی هەندێ کەسانی دیکە بەوەی ژنان بە ژمارەیەك دادەنێن لە خشتەی پرۆژە و دەستکەوتە ماددیەکانیاندا، ئەمە جگە لە ترساندنی لایەنی سێیەمی خاوەن قوربانیان بە مەسەلەی نابڕووبردن و ناوزڕاندن.

کنێر عەبدوڵڵا

بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕاڵا بۆ ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە